خەبات
XEBAT
تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5835) چوارشەممە 25ی ئەیلوول 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەرپرسی نووسینگەی هەماهەنگیی ئاسایشی ئەمەریکی لە عێراق کۆبوونەوە



بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان جەختی لە هاوکاری و هەماهەنگیی نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراق لە ناوچە کێشە لەسەرەکان و پێویستیی بەشداریی هێزەکانی ئەمەریکا لە میکانیزمی هاوبەشی نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراق بۆ پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری و ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکانی تیرۆر کردەوە، هەروەها خۆشحاڵیی خۆی بە کەشی ئەرێنیی پەیوەندیی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی عێراق و گفتوگۆی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەردوولا نیشان دا.

لە کۆبوونەوەیەکدا دوێنێ سێشەممە 2019/9/24 لە هەولێر، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و گریگۆری کووەدر بەرپرسی نووسینگەی هەماهەنگیی ئاسایشی ئەمەریکی لە عێراق، دۆخی ئاسایشی ناوچە کێشە لەسەرەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی عێراقیان تاوتوێ کرد و بەتایبەتی تیشکیان خستە سەر دۆخی پارێزگای کەرکووک و دەوروبەری و ناوچەی شنگال و دەشتی نەینەوا، هەروەها جەختیان لە پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری لە تەواوی عێراق کردەوە.

لە دووەم سااڵیادی دا.. ڕیفراندۆم ئەو بڕیارە بوو کە پەردەی لەسەر ڕاستییەکان لادا

9



لاوانی هەرێم بە ئااڵی کوردستانەوە بەشداری لە کۆڕبەندی سەرکردایەتیی گەنجانی جیهان دەکەن

کۆڕبەندی سەرکردایەتیی گەنجانی سیاسی لە جیهان، ناسراو بە GYLF سااڵنە لە وااڵتی ئیسپانیا سەدان لاوی سیاسی و سەرکردەی دیاری جیهانی کۆدەکاتەوە، ئەمساڵیش لاوانی هەرێم بە ئااڵی کوردستانەوە بەشداری لەو کۆڕبەندەدا دەکەن. دوای هەوڵدان و پێشخستنێکی بەرچاوی لاوی سیاسیی کورد لە پێگە ئەوروپی و نێودەوڵەتییەکاندا، لاوانی هەرێمی کوردستان توانییان لە کۆڕبەندی (گێلف) بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا بە فەرمی و بە ئااڵی کوردستانەوە بەشدار بن.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)



تااڵبانی: کەرکووکیەکان گوتیان سەربەخۆییمان دەوێ

دوو سااڵ لەمەوبەر کوردستانییان بە تێکڕا بەڕەو سندووقەکانی دەنگدان ڕۆیشتن و دەنگیان بۆ مافێکی ڕەوای خۆیان دا کە گشتپرسی بوو بۆ سەربەخۆیی کوردستان، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، ڕێبوار تااڵبانی، بە مااڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاند: دەنگیان بە بەڵێ دا بۆ مافە ڕەواکەی خۆیان، کە 100 ساڵە لە ئامێزی کوردستانی دایک دەرهێنراوە. پەیوەست بەم بابەتە، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، ڕێبوار تااڵبانی، بە مااڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاند:

ئیسماعیل بیشکچی: هەرگیز گرنگیی ئەنجامی ڕیفراندۆم ون نابێت



لە ڕیفراندۆمی 25ی ئەیلوولی 2017دا گەلی کورد بە ڕێژەی 92.7% دەنگی بەڵێی بۆ سەربەخۆیی کوردستان دا و شارەزایەکی سیاسەتی نێودەوڵەتیش دەڵێت، هەرگیز گرنگیی ئەنجامی ڕیفراندۆم ون نابێت. بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بڕیاری گەلی کوردستان بوو بە ڕابەرایەتیی سەرۆک بارزانی و لە حوزیرانی ساڵی 2017دا ڕۆژبەی هەرە زۆری لایەنە سیاسییەکان ڕۆژی ڕیفراندۆمیان دیاری کرد.

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

ڕیفراندۆم بڕیاری گەلی کورد بوو

سەلام عەبدوڵاڵ


بەڵگەنەویست و حاشا هەڵنەگرە کە گەلی کورد بەبێ خواستی خۆی و بە زۆرەملی لکێندرا بە عێراقەوە، ئەگەرچی ئینگلیزەکان چەند بەڵێن و ئامادەگییان دا کە پشتیوانی لە گەل و مافەکانی کورد دەکەن و چەند ڕێوشوێنێک دانرا بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانە، لەگەڵ ئەوەشدا حکوومەتی عێراقی تا دەهات خۆی لەو بەڵێنانە دەدزییەوە و نەیدەویست بە کردار جێبەجێیان بکات و ئەوەندەی لە توانای دابوو چ سەربازی و چ ئیداری، دژی ئەو بەڵێن و مافانە هەنگاوی دەنا. بە کودەتای سەربازیی 14ی تەمووز کە ڕژێمی پاشایەتی هەڵوەشاند، ناسیۆنالیزمی عەرەبی بەپێی دەستووری کاتیی عێراقی هاتە کایەوە، کوردیش بەو پێیە دەبووە شەریکە بەش لە دەوڵەتی عێراقدا، بەاڵم ئەمانیش بەڵێنەکانیان هەر مەرەکەبی سەر کاغەز بوو. لە کودەتا سەربازییەکانی لەمەودواشدا، هەر حکوومەتێک هێزی کەوتبێتە دەست، دژیغی لە دژایەتی و پێشێلکردنی مافە ڕەواکانی گەلەکەمان نەکردووە، بەڵکو لەوەش زیاتر چەک نەما بە کیمیاوی و گازیشەوە دژی کورد بەکارنەهێنرێ و هەوڵی قڕکردنی یەکجارەکی گەلەکەمان نەدرێ.

بە پێچەوانەوە گەلی کورد لە خەباتی سیاسی و چەکداری خۆی دژی ڕژێم بەردەوام بوو تا ئەو کاتەی حکوومەتی عێراقی دوای ڕاپەڕین بە ناچاری کوردستانی بەجێهێشت. ئەگەرچی بەشێک لە ناوچە کوردییەکان هەر لە ژێر ڕکێفی ڕژێمدا مانەوە، بەاڵم زۆربەی خاکی کوردستان کەوتەوە بەر دەستی کورد خۆی و دەسەاڵتی ئیداری و سەربازی و یاسایی خۆی تێدا دامەزراند و پەرلەمان و دامودەستگای حکومی تێدا بنیات نا، ئەگەرچی بەداخەوە سیمای دوو ئیدارەیی وەرگرت، بەاڵم هەر لەژێر دەسەاڵتی کورد خۆی دابوو. ڕووخانی ڕژێمی سەدام مۆڵەتی دروستکردنەوەی عێراقێکی نوێی ڕەخساند کە کورد بتوانێت لە سێبەری عێراقێکی دیموکراتیدا بە مافە ڕەواکانی خۆی بگات، وەک دروشم و بەڵێنەکانی ئۆپۆزسیۆن بانگەشەی بۆ دەکردن، بەاڵم ئەم بەڵێن و ڕێککەوتننانەی کە پێش ڕووخانی ڕژێم ڕێککەوتنی لەسەر کرابوو زۆر بەردەوام نەبوو، چونکە هەر کە حکوومەتی نوێی عێراق هەستی بە بەهێزبوونەوەی خۆی کرد ئەوا یەکسەر لە زۆربەی بەڵێنەکانی پاشگەزبووەوە، نە تەنیا ئەوەش، بەڵکو هەڕەشەی داگیرکردنەوەی کوردستانی دەکرد و خۆشی بۆ ئامادە دەکرد.

ئەمە سەرەڕای بوودجە و مووچە بڕین و بڕسی کردنی گەلەکەمان و ئابلۆقەدانی، بۆیە گەلەکەمان بە گشتی گەیشتە ئەو باوەڕەی کە دەبێ چارەسەرێکی نوێ و بنەڕەتی بۆ ئەو زوڵمە بەردەوامە بدۆزێتەوە و بتوانێ زەمینەسازیی داهاتووی خۆی دیاری بکات. بۆیە بڕیاری ڕیفراندۆم و ڕاوەرگرتنی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان، بڕیاری تاکە کەس و تاکە حزب و تەنها لایەنێک نەبوو، بەڵکو بڕیاری زۆرینەی هەرە زۆری گەلەکەمان بوو، ئەوەش لە ئەنجامی ئەو گشتپرسییەدا بە ڕوونی ئەو ڕاستییەی ئاشکرا کرد کە گەلەکەمان بە 92.7% داوای سەربەخۆیی دەکات و بە چارەسەرێکی گونجاوی دەزانێت.

بۆیە ئەو بڕیارە، بڕیاری تێکڕای گەلەکەمان بوو، دەنا هیچ حزب و لایەنێک نەیدەتوانی چەند بەهێزیش بێت ئەو ڕێژە بەرزە دەستەبەر بکات.

بەرزو پیرۆز بێت دووەم ساڵیادی ڕیفراندۆم کە بووە بەڵگەیەکی مێژوویی بۆ ڕاگەیاندنی خواستی گەلەکەمان، کە چەندین ساڵە خوێن و قوربانی لە پێناودا دەدات.



گرووپێک، گەشتیاری سەرکێشی سەرئاو لە هەرێمی کوردستان ئەنجام ئەدات

تالەبانی: کەرکووکیەکان گوتیان سەربەخۆییمان دەوێ

100 ساڵە کەرکووک لە ئامێزی کوردستانی دایک دەرهێنراوەو ستەمی لێ دەکرێت



دوو ساڵ لەمەوبەر کوردستانییان بە تێکڕا بەرەو سندووقەکانی دەنگدان ڕۆیشتن و دەنگیان بۆ مافێکی ڕەوای خۆیان دا کە گشتپرسی بوو بۆ سەربەخۆیی کوردستان، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکیش دەڵێت 83%ی خەڵکی کەرکووک دەنگیان بە بەڵێ دا بۆ مافە ڕەواکەی خۆیان، کە 100 ساڵە لە ئامێزی کوردستانی دایک دەرهێنراوە. پەیوەست بەم بابەتە، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، ڕێبوار تالەبانی، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاند: پیرۆزبایی لە گەلی کوردستان دەکەین لە یادکردنەوەی ڕۆژێکی مێژوویی پیرۆز کە 25ی ئەیلوولی 2017 بوو، چونکە 100 ساڵە دەسەڵاتدارانی حکوومەتی عێراق مافی کورد پێشێل دەکەن و تەنانەت مافە سەرەتاییەکانیشمان بە تەواوی پێنادەن، بۆیە کورد هەوڵی دا مافی خۆی بە دەست بهێنێت، چونکە ماف دەسەنرێ و نادرێ، ئەوە بوو لە ڕۆژێکی مێژوویيدا سەرجەم گەلی کورد لە باشووری کوردستان و هەموو پارێزگاکان بە ناوچە کوردستانییە دابڕێندراوەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانیشەوە، لە ڕێفراندۆمێکی ئازادانەدا دەنگیان بۆ سەربەخۆیی کوردستان دا، ئەوە بوو دەنگێکی باشی بەدەستهێنا و لە هەزری گەلی کوردستانیانیشدا بە ڕۆژێکی مێژوویی دادەنرێت لەسەر ئاستی هەر چوار پارچەی کوردستان.

تالەبانی گوتیشی: وەک کەرکووکییەک و سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، بەشدار بووین و ئاهەنگێکی گەورەمان گێڕا و لە کەرکووک 83%ی دەنگەکانی بەدەستهێنا، کوردەکان پاڵپشت بوون و بە خۆشحاڵییەوە چوون بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان و دەنگی خۆیان بە بەڵێ دا بۆ ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی، کە شارێکە 100 ساڵە ستەمی لێ دەکرێت و لە ئامێزی کوردستانی دایک دەرهێنراوە، بۆیە دیوی ڕاستەقینەی خۆیان و ناخی خۆیان بۆ هەموو جیهان و عێراق و دەروبەرەکەی و وڵاتان نیشان دا، کە بەڵێ سەربەخۆییمان دەوێ، بەداخەوە حکوومەتی عێراق ڕێگەی نەدەدا کەرکووک بەشداری لە ڕاپرسیدا بکات و دژایەتیی زۆری ڕێفراندۆم کرا، بەڵام خۆشبەختانە ئەنجام درا و بەرهەمی باشیشی هەبوو.

ئیسماعیل بیشکچی: هەرگیز گرنگیی ئەنجامی ڕیفراندۆم ون نابێت



لە ڕیفراندۆمی 25ی ئەیلوولی 2017دا گەلی کورد بە ڕێژەی 92.7% دەنگی بەڵێی بۆ سەربەخۆیی کوردستان دا و شارەزایەکی سیاسەتی نێودەوڵەتیش دەڵێت، هەرگیز گرنگیی ئەنجامی ڕیفراندۆم ون نابێت.

بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بڕیاری گەلی کوردستان بوو بە ڕابەرایەتیی سەرۆک بارزانی و لە حوزیرانی ساڵی 2017دا زۆربەی هەرە زۆری لایەنە سیاسییەکان ڕۆژی ڕیفراندۆمیان دیاری کرد.

ئیسماعیل بیشکچی، بیرمەند و کۆمەڵناس و دۆستی دیرینی گەلی کورد دەڵێت: پشکداریی 72%ی خەڵک و گرنگیی ئەنجامی نزیکەی 93% دەنگی بەڵێی خەڵکی کوردستان هیچ جارێک ون نابێت.

ئیسماعیل بیشکچی، لە لێدوانێکدا بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاند: کورد لە 25ی ئەیلوولدا بۆ گەلانی جیهانیان دیار کرد کە چییان دەوێت و دەتوانن چی بکەن و دۆست و دوژمنیش لە ڕیفراندۆم و دوای ڕیفراندۆمدا زانییان. بێشکچی دەشڵێ: ڕۆژی ڕیفراندۆم بۆ تەواوی گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان ڕۆژێکی خۆش و بەختەوەری و میژوویيە و تاهەتایە لە بیری تاکی کورددا دەمێنێتەوە، چونکە کورددان بە خواستی خۆیان ئایندەی خۆیان نیشانی دنیا دا و خواستی خۆیان گوت.

لە ڕیفراندۆمدا بیری نەتەوایەتیی کورد پێش بیری حزبایەتی کەوت، هەرچەند بەهۆی هەندێک هەڵەوە ئەنجامەکان دوا خران، بەڵام هیچ جارێک ئەنجامی دەنگی گەلی کورد نافەوتێت، چونکە گەلی کورد داوا دەکات و خواستی گەلە و هیچ هیزێک ناتوانێت بەرانبەری بوەستێت. دەبێ تەواوی گەلی کورد پەند و وانە لە قڕکردن و ئەنفال و هەڵەبجە وەربگرن و دەبێ بیری نەتەوەیی لە هەموو ناوچە و شارێک زاڵ بێت و دەبێ ئەم بیرە هەموو ناوچەیەک بگرێتەوە بۆ ئەوەی ئەو هزرە دژەناسیۆنالیستییە ڕامالێت، چونکە گرنگە ئێستا کورد بیر لەوە بکاتەوە کە ئێستا پێویستە چی بکات و دەبێ چی بکات.

ئا/ کاروان باعەدری

بەسەرپەرشتیی وەزیری ناوخۆ

ئەنجوومەنی ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگیی قەیرانەکان کۆبووەوە



دوێنێ سێشەممە 2019/9/24 ئەنجوومەنی ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگیی قەیرانەکان لە هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوون و سەرپەرشتیی بەڕێز ڕێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆ کۆبووەوە. لە کۆبوونەوەکەدا کە نوێنەری وەزارەتەکانی دارایی و بازرگانی و تەندروستی و کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و پلاندانان و پەروەردە و شارەوانی و فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە ئامادەی بوون، پلانی ئەنجوومەن بۆ ساڵی داهاتوو سەبارەت بە پێداویستییە مرۆیی و تەندروستی و جڤاکییەکانی ئەو ئاوارە و پەنابەرانەی لە هەرێمی کوردستاندا دەژین و پێداویستییەکانی خەڵکی کوردستان لە سووتەمەنی و خوێندن و تەندروستی خرانەبەرباس، بەتایبەتیش بەهۆی دەستپێکردنی وەرزی خوێندن و نزیکبوونەوە لە وەرزی زستان، بۆ ئەوەی لەگەڵ نوێنەرانی ئاژانسەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان و وڵاتە بەخشەرەکان و حکوومەتی فیدرالی بەغدا گفتوگۆی لەسەر بکرێت و دابین بکرێن. لەبەشێکی دیکەی شەهیدمان لە پێناو خاکی کوردستان بەخشیوە.

ئەندامەکەی سەرکردایەتیی یەکێتی پێیوایە، هەمیشە کورد لە مەیدانی سەربازیدا سەرکەوتوو بووە و تووشی شکست نەهاتووە، هەروەها بە ڕای من ڕیفراندۆمیش سەرکەوتنێکی باش بوو، چونکە "چەکێکە بە دست خەڵکی کوردستانەوە. لەبارەی ئەو کەسانەی کە ڕیفراندۆم بە شکست بۆ سەرکردایەتیی سیاسیی هەرێمی کوردستان دەزانن باوەڕیان بە بوونی میللەتی خۆیان نییە و ئامانجی سەرەکیی ڕیفراندۆم تەنیا ئەوە بووە کە ئەو ئامانجە بپێکێت، ئەوا دەڵێین ئەگەر سنووردارکردنی دیاریکراو و کوردستانێکی سەربەخۆمان نەبێت، ئەی ئازادییەکەمان لە کوێ دەبێت؟. ئەو سەرکردەیەی یەکێتی هاوکات جەختی لەوەش کردۆتەوە: ڕیفراندۆمم پێ باشە و ئەگەر سبەی جارێکی دیکە ڕیفراندۆم ئەنجام بدرێتەوە، ئەوا دەنگ بۆ سەربەخۆی کوردستان دەدەم ."گوتیشی: من لە دەنگدان بە ڕیفراندۆم پەشیمان نیم، چونکە تەمەنی خۆمان لەو پێناوە بەڕێ کرد و هەزاران ئاماژە پێ دەدەن، محەمەد وەتمان گوتی: ئەوانە دیارە باوەڕیان بە بوونی کورد و کوردستان نییە، باوەڕیان بە وجودی میللەتی خۆیان نییە. هەر لە لێدوانەکەیدا سەرکردەکەی یەکێتی داوا لە سەرجەم ئەو لایەنە سیاسییانە دەکات کە باوەڕیان بە کورد و کوردستان هەیە، یەک دەنگ و یەک هەڵوێست بن، تاوەکوو خوێنی میللەتەکەمان بە فیڕۆ نەچێت.

ئەندامێکی سەرکردایەتیی یەکێتی: ئەوانەی ڕیفراندۆم بە شکست دەزانن باوەڕیان بە بوونی میللەتی خۆیان نییە

ئەندامێکی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕایگەیاند، ئەوانەی ڕیفراندۆم بە شکست دەزانن، خۆیان باوەڕیان بە کورد و کوردستان نییە و جەختی لەوە کردەوە کە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بە کارێکی باش دەزانێت. محەمەد وەتمان، ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی بە باسنیوزی ڕاگەیاندووە: هەمیشە خەباتمان بۆ ئاشتی و ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان کردووە، ئەوانەی ڕیفراندۆمێکی ئازادانەدا دەنگیان بۆ سەربەخۆیی کوردستان دا، ئەوە بوو دەنگێکی باشی بەدەستهێنا و لە هەزری گەلی کوردستانیانیشدا بە ڕۆژێکی مێژوویی دادەنرێت لەسەر ئاستی هەر چوار پارچەی کوردستان.

تالەبانی گوتیشی: وەک کەرکووکییەک و سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، بەشدار بووین و ئاهەنگێکی گەورەمان گێڕا و لە کەرکووک 83%ی دەنگەکانی بەدەستهێنا، کوردەکان پاڵپشت بوون و بە خۆشحاڵییەوە چوون بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان و دەنگی خۆیان بە بەڵێ دا بۆ ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی، کە شارێکە 100 ساڵە ستەمی لێ دەکرێت و لە ئامێزی کوردستانی دایک دەرهێنراوە، بۆیە دیوی ڕاستەقینەی خۆیان و ناخی خۆیان بۆ هەموو جیهان و عێراق و دەروبەرەکەی و وڵاتان نیشان دا، کە بەڵێ سەربەخۆییمان دەوێ، بەداخەوە حکوومەتی عێراق ڕێگەی نەدەدا کەرکووک بەشداری لە ڕاپرسیدا بکات و دژایەتیی زۆری ڕێفراندۆم کرا، بەڵام خۆشبەختانە ئەنجام درا و بەرهەمی باشیشی هەبوو.

ئەمڕۆ شاندێکی پەرلەمانی کوردستان دەچێتە بەغدا

بڕیارە ئێوارەی ئەمڕۆ چوارشەممە 2019/9/25 شاندێکی پەرلەمانی کوردستان بچێتە بەغدا و لەبارەی بودجە و نەوت و مادەی 140 لەگەڵ پەرلەمانی عێراق کۆبێنەوە.

محەمەد سەعەدین، بڕیارەدری لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان بە خەباتی ڕاگەیاند: ئەمڕۆ ئێوارە شاندێکی پەرلەمانی کوردستان بە سەرۆکایەتیی جێگری سەرۆکی پەرلەمان دەچێتە بەغدا. گوتیشی: شاندەکە سبەی پێنجشەممە دەچێتە پەرلەمانی عێراق و گفتوگۆکانیان لەبارەی سێ کێشەی سەرەکیی نێوان هەولێر و بەغدا گفتوگۆ دەکەن.

لەبارەی گفتوگۆکانیش بڕیارەدری لیژنەی دارایی گوتی: پرۆژە بودجەی 2020ی عێراق و کێشەی نەوت و کێشەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان و گفتوگۆ لەگەڵ لیژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمانی عێراق لە بەرنامەی کاریان دایە. بەپێ زانیارییەکانیش هێمن هەورامی سەرۆکی شاندی پەرلەمانە و هەر یەک لە سەرۆک لیژنەکانی دارایی و ئابووری و وزە و سامانە سروشتییەکان و لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان ئەندامی شاندەکە بن.

ئەمڕۆ سەرۆکی پەرلەمان بەبۆنەی ساڵیادی دووەمی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی وتارێک پێشکەش دەکات



لەراگەیاندراوێکدا دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان، بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە 2ی ئاسایی ئەمڕۆ چوارشەممە ڕێکەوتی 2019/9/25ی ڕاگەیاند، کە بەمشێوەیەی خوارەوەیە:

بەرنامەی کار

بەپێی حوکمی بڕگەکانی (یەکەم، دووەم) لە مادەی (16) و بڕگەی (سێیەم) لە مادەی (18) و بڕگەی (یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم) لەمادەی (20) و مادەکانی (56،55،54،52،48،47، 57) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان-عێراق، دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە 2ی ئاسایی ئەمڕۆ چوارشەممە ڕێکەوتی 2019/9/25ی ڕاگەیاند، کە بەمشێوەیە بێت: یەکەم: وتەی سەرۆکی پەرلەمان بەبۆنەی ساڵیادی دووەمی پرسی سەربەخۆیی کوردستان (ریفراندۆم) کە لە 2017/9/25 لە هەرێمی کوردستان و سەرجەم ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ئەنجامدرا. دووەم: خوێندنەوەی دووەمی هەمواری یەکەمی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، بەپێی حوکمی مادەکانی (125،89،88،87)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەرپرسی نووسینگەی هەماهەنگیی ئاسایشی ئەمەریکی لە عێراق کۆبوونەوە



بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان جەختی لە هاوکاری و هەماهەنگیی نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراق لە ناوچە کێشە لەسەرەکان و پێویستیی بەشداریی هێزەکانی ئەمەریکا لە میکانیزمی هاوبەشی نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراق بۆ پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری و ڕووبەڕووبونەوەی مەترسییەکانی تیرۆر کردەوە، هەروەها خۆشحاڵیی خۆی بە کەشی ئەرێنیی پەیوەندیی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی عێراق و گفتوگۆی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەردوولا نیشان دا.

لە کۆبوونەوەیەکدا دوێنێ سێشەممە 2019/9/24 لە هەولێر، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و گرێگۆری کووەر بەرپرسی نووسینگەی هەماهەنگیی ئاسایشی ئەمەریکی لە عێراق، دۆخی ئاسایشی ناوچە کێشە لەسەرەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی عێراقیان تاوتوێ کرد و بەتایبەتی تیشکیان خستە سەر دۆخی پارێزگای کەرکووک و دەوروبەری و ناوچەی شنگال و دەشتی نەینەوا، هەروەها جەختیان لە پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری لە تەواوی عێراق کردەوە.

بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ستایش و پێزانینی هەرێمی کوردستانی بۆ یارمەتی و پشتگیریی ئەمەریکای لە هەرێمی کوردستان بۆ تێکشکاندنی داعش دووپات کردەوە و بەردەوامیی بەشداریی ئەمەریکای لە پرۆسەی یەکخستنی پێشمەرگە و چاکسازی لە وەزارەتی پێشمەرگە بە پێویست زانی و سوپاسی ئەو هاوکاری و یارمەتییەی کرد کە تا ئێستا لەمبارەیەوە پێشکەشی کردووە.

لە کۆبوونەوەکەدا کە بەڕێز کونسوڵی گشتیی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستان و شاندێکی سەربازیش تیایدا بەشدار بوون، بەڕێز بەرپرسی نووسینگەی هەماهەنگیی ئاسایشی ئەمەریکیش لە عێراق ستایشی ڕۆڵی پێشمەرگەی لە شەڕی دژی تیرۆر کرد و بەردەوامیی پشتگیریی ئەمەریکای بۆ پێشمەرگە و هەرێمی کوردستان نیشان دا و جەختی لە ڕۆڵی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و پشتگیری لە هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ یەکخستنی پێشمەرگە و چاکسازی لە وەزارەتی پێشمەرگە کردەوە.

کەمال کەرکووکی: بارەگاکانی کەرکووکمان پێدەدرێتەوە



بەرپرسی ئەنجومەنی سەرکردایەتی کەرکووک/ گەرمیانی پارتی، ئاماژە بە نزیکبوونەوەی وادەی گەڕانەوەی حزبەکەی بۆ کەرکووک و ناوچە کێشەلەسەرەکان دەکات، بێ ئەوەی وادەکە ئاشکرابکات. لە گفتوگۆیەکدا، لەگەڵ بەشی کوردیی دەنگی ئەمەریکا، دکتۆر کەمال کەرکووکی، دەڵێت: لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان نێوانمان باشە و شەریک و بەشدارین لە حکوومەتدا، بۆیە هەوڵ هەیە لەهەموو ناوچەکان پێکەوە و بەخۆشی کاریکەین.

زانیاریەکان ئاماژەبەوەدەکەن، دەزگا ئەمنیەکانی عێراق ئامادەکاری دەکەن بۆ چۆڵکردنی بارەگاکانی پارتی لەکەرکووک، لەمبارەیەوە کەمال کەرکووکی دەڵێت: مەعقولە لە حکوومەتدا شەریک بین و بارەگاکانمان نەدرێتەوە، بەڵێ، بارەگاکانمان دەدرێتەوە. هەر لە گفتوگۆکەدا، سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی کەرکووک/ گەرمیانی پارتی، هێرشی کردە سەر هەندێک لایەنی عەرەبی و تورکمانی و تۆمەتباری کردن بەوەی دژی هەر لایەنێکن کە خزمەت بکات و گوتی: ئێمە لەگەڵ هەندێک لایەنی عەرەبی و تورکمانی، دۆستین و هاتووچۆمان هەیە، بەڵام بیرکردنەوەی هەندێکیان شۆڤێنیانەیە.

سەبارەت بە یەک لیستی حیزبە کوردیەکانیش بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک، کەمال کەرکووکی ڕایگەیاندووە: یەک لیستی لە بەرژەوەندی کوردە، نابێت هیچ دۆخێک بکرێتە بیانوو بۆ یەک لیست نەبوون. لە کۆتایی قسەکانیشیدا بۆ دەنگی ئەمەریکا، کەمال کەرکووکی ئاماژەی بە هەڵبژاردنی پارێزگارێکی نوێ بۆ کەرکووک کرد و ڕوونی کردەوە لەگەڵ عەرەب و تورکمان لە هەوڵدان بە مەبەستی ڕازیکردنیان.

ئامادەکاری بۆ هێنانەوەی ڕووفاتەکانی گۆڕەکەی سەماوە دەکرێت



بەڕێوەبەری گۆڕە بەکۆمەڵەکان لە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ڕای دەگەیەنێت، وەزارەت ئامادەکاری بۆ هێنانەوەی ئەو 171 ڕوفاتەی گۆڕە بەکۆمەڵەکەی سەماوە دەکات. سیروان جەلال، بەڕێوەبەری گۆڕە بەکۆمەڵەکان لە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بە خەباتی ڕاگەیاند: ئێستا وەزارەت سەرقاڵی ئامادەکارییە بۆ هێنانەوەی 171 ڕوفاتەکەی گۆڕە بە کۆمەڵەکەی سەماوە کە 74یان منداڵن و 97یان ژنن، بەڵام هێشتا دیاری نەکراوە کە ئاخۆ لە "گۆپتەپە" یان "دێبنە" بە خاک دەسپێردرێن.

بەڕێوەبەری گۆڕە بەکۆمەڵەکان لەبارەی سکاڵاکەی تەمووز تاقانەی ئەنفال بۆ ڕاگرتنی هەڵدانەوەی دوو گۆڕە بەکۆمەڵەکەی دیکە لە سەماوە، ئاماژەی بەوە کرد: 100 لەگەڵ داواکارییەکەی تەمووز و دەبوو زووتر ئەو کارە بکرایە. ڕوونیشی کردەوە: کاتی هەڵدانەوەی دوو گۆڕە بەکۆمەڵەکەی دیکە لە سەماوە هێشتا نادیارە، هۆکارەکەشی بۆ داواکارییەکەی تەمووز تاقانەی ئەنفال دەگەڕێتەوە، کە داوای دادگاییکردنی جاش و مستەشارەکان، لەلایەکی دیکە حکوومەتی عێراق کە میراتگری ڕژێمی بەعسە داوای لێبوردن بکات، هەروەها پشکی کەسوکاری قوربانییانی ئەنفال زیاد بکرێت، ڕایگەیاندووە ئەگەر داواکارییەکەی جێبەجێ نەکرێت، ڕێگری لە هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان دەکات.

ئەوەشی خستەڕوو: تیمێکی کوێتی لە دوای ساڵی 2003ـەوە دەستی بە هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان کردووە، بەدوای قوربانیانی خۆیدا دەگەڕێت، گۆڕی قوربانیانی کوردیش بەبێ ڕەزامەندیی کورد هەڵدەدەنەوە و بەڵگەنامەکان دەشێوێنن، لەبەر ئەوەی ئەو گۆڕانە لە سنووری حکوومەتی عێراق دان، پێویستە تیمێکی هاوبەش لە نێوان هەرسێ حکوومەتی هەرێم و بەغدا و کوێت پێکبهێنرێت.

لاوانی هەرێم بە ئاڵای کوردستانەوە بەشداری لە کۆڕبەندی سەرکردایەتیی گەنجانی جیهان دەکەن



کۆڕبەندی سەرکردایەتیی گەنجانی سیاسی لە جیهان، ناسراو بە GYLF ساڵانە لە وڵاتی ئیسپانیا سەدان لاوی سیاسی و سەرکردەی دیاری جیهانی کۆدەکاتەوە، ئەمساڵیش لاوانی هەرێم بە ئاڵای کوردستانەوە بەشداری لەو کۆڕبەندەدا دەکەن. دوای هەوڵدان و پێشخستنێکی بەرچاوی لاوی سیاسیی کورد لە پێگە ئەوروپی و نێودەوڵەتییەکاندا، لاوانی هەرێمی کوردستان توانییان لە کۆڕبەندی (گێتلف) بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا بە فەرمی و بە ئاڵای کوردستانەوە بەشدار بن.

فەلاح حەسەن، کە جێگری سەرۆکی هەرێمە لە ڕێکخراوی لاوانی سیاسیی ئەورووپا و جیهانە و هاوکات نوێنەری دەرەوەی لاوانی پارتی دیموکراتی کوردستانە، لە کۆڕبەندەکەدا بەشدارە و دەڵێت: زۆر بەختەوەرم کە توانیمان لەم هەنگاوەشدا سەرکەوین و ئاڵای پیرۆزی کوردستانیش بە فەرمی لەم کۆڕبەندەدا دابنێین، ئەم دەستکەوتە لە کات و ساتێکدایە کە گەلی کوردستان دووەم ساڵیادی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان دەکاتەوە لە 25ی ئەم مانگەدا، بۆیە هەر نەتەوەیەک یاخود هەر گەلێک بەردەوام بێت لە خەبات و نکۆڵی نەکات لە مافە ڕەواکانی، ئەوا حەتمەن ئەم نەتەوەیە یاخود ئەم گەلە بە زیندوویی دەمێنێتەوە و دەبێتە جێگەی سەرنجی گەلانی تر.

فەلاح حەسەن گوتیشی: ئێمە گەلێکی بێ دەوڵەتین، یاخود بڵێین میللەتێکی مافخوراوین، بۆیە گرنگە هەر تاکێکی کورد لە هەر ئاستێک بێت، لە دەرەوەی وڵات نوێنەرایەتیی گەلەکەی خۆی بکات و بە جیهانی بناسێنێت. شایەنی باسە، لەم کۆڕبەندەدا دەیان سەرۆک وڵات و سەرۆک حکوومەتانی پێشوو و سیاسەتمدارانی بەناوبانگ باس لە ئەزموونەکانی خۆیان دەکەن بۆ بەشداربووانی کۆڕبەندەکە و بۆ ماوەی چوار ڕۆژ بەردەوام دەبێت.

نوێنەری پارتی بەشداری لە کۆنفراسی ساڵانەی پارتی کرێکارانی بەریتانیا دەکات



لە شاری برایتن، پارتی کرێکارانی بەریتانیا بە ئامادەبوونی سەدان ئەندامی ئەو حزبە، کۆنفرانسی ساڵانەی خۆی بەست. شێرکۆ حەبیب بە نوێنەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بەشداری کۆنفرانسەکەی کرد و لە پەراوێزی کۆنفرانسەکەدا چاوی کەوت بە کۆمەڵێک کەسایەتیی سیاسی و دیبلۆماتکار.

لە دیدارێکدا لەگەڵ ڕابەری پارتی کرێکارانی بەریتانیا جیرمی کوربن سڵاوی جەنابی سەرۆک بارزانی و سەرکردایەتیی پارتی پێگەیاند و هیوای سەرکەوتنی کارەکانی کۆنفراسی بۆ خواستن، لە بەرانبەردا کۆربن سوپاسی سەرۆک بارزانی و سەرکردایەتیی پارتی کرد. هەر لەمیانەی ئەو کۆنفرانسە نوێنەری پارتی چاوی کەوت بە خاتوو ئیملی فونبری، وەزیری دەرەوەی سێبەر، باس لە دۆخی ئیستای هەرێم و ناوچەکە کرا، لە لایەکی دیکەوە چاوی کەوت بە فیبیان هاملتن وەزیری چەک لە حکوومەتی سێبەر، بیرۆڕا لەبارەی دواپێشهاتەکانی کوردستان و ناوچەکە ئاڵوگۆڕ کرا، نوێنەری پارتی گوتی: بۆچوونەکانی سەرۆک بارزانی و تێڕوانینی سەرۆکوەزیرانی عێراقی فیدراڵ هۆکارن بۆ چارسەرکردنی گرفتەکان، لەلایەکی ترەوە نوێنەری پارتی چاوی کەوت بە چەندین کەسایەتیی حزبی و دیپلۆماتکار، لەوانە جێگری سکرتێری گشتیی پارتی دیموکراتی نەتەوەیی غانا، شاندی تایلاند، کونسوڵی کازاخستان، بەرپرسی لیژنەی پشتگیری موسڵمانانی بەریتانیا لە پارتی کرێکاران، جێگری سەرۆکی بزاڤی گۆڕانکاری دیموکراتی زیمبابوێ و کریس تۆماس وەزیری سیاسەت و چاکسازی حکوومەتی ئایل ئۆف مەنک و بیرۆڕا لەبارەی دوا هەڵبژاردنی کوردستان و پێکهێنانی حکوومەتی هەرێم و پەیوەندییەکانی نێوان بەغدا و هەولێر گفتوگۆ کرا.

بەڵگەنامەکانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان ئەرشیف دەکرێن

سەرجەم کەلوپەل و پێداویستییەکانی ریفراندۆم لە شوێنێکی ئەمین هەڵگیراوە و بڕیارە لە داهاتوو وەک دیکۆمێنت لە شوێنێکدا بخرێنەڕوو. کاروان جەلال، بەڕێوەبەری گشتیی داتا لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی بە خەباتی ڕاگەیاند: سەرجەم پێنووس و وەرەقە و کابینە و مۆر و واژۆی سەرکردەکان لە ڕۆژی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان ماون و لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسییەوە ئەرشیڤ وهەڵگیراون. گوتیشی: خۆم سەرپەرشتیاری داتاکردنی و ڕێکخستنی بەشێکی زۆریان بووم و دواشمان لە حکوومەت کردبوو کە شوێنێک بۆ ئەو دیکۆمێنتانە دیاری بکات تا وەک ئەرشیفێکی نەتەوەیی ماێنێتەوە.

کاروان جەلال ئەوەشی خستەڕوو: سەرجەم کارتی دەنگدان و ئەوانەش دەنگیان داوە وەک خۆی ماوەتەوە وەک دیکۆمێنتی میژوویی هەڵدەگیرێت تا لە داهاتوودا بۆ خەڵک ڕوونبکرێتەوە کە ئەوەی گرنگ بوو لەو ڕۆژەدا کرا. دەشڵێت: ئەو دیکۆمێنتانە لە شوێنێکدا هەڵگیراوە و پارێزگاریان لێدەکرێت.

کوردانی تاراوگە، ریفراندۆم بە نوێکردنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی دەزانن

وڵاتانی زلهێزی ویژدانمردوو لەپێناوی بەرژەوەندی خۆیاندا پشتیان کردە گەلی کوردستان

ریفراندۆم وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو لە خەبات و تێکۆشانی کورد



ساسان دەرویش- هۆڵەندا : پرسی ریفراندۆم لە 25ی ئەیلوولی 2017 و ئەنجامەکانی بووە رۆژێکی نیشتمانی و نەتەوایەتی لە مێژووی هاوچەرخی نەتەوەی کورددا و هەموو سالێکیش یادی ئەم رۆژە مێژوویبە دەکرێتەوە. رۆژی 7ی حوزەیرانی 2017 سەرۆک بارزانی سەرپەرشتیی کۆبوونەوەیەکی کرد، لەو کۆبوونەوەیەدا ئەنجوومەنی بالآی ریفراندۆم لە نوێنەرانی لایەنە بەشداربووەکان پێکهێندرا، دواتر بڕیاردرا لە 25ی ئەیلوول 2017دا، ریفراندۆم لە سەرجەم شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان بە کەرکووکیشەوە ئەنجامبدرێت و هاوواڵاتیبانی باشووری کوردستانیش لە وادەی خۆیدا هەنگاویان نا بەرەو وێستگەکانی دەنگدان و سندوقەکانیان بە دەنگی بەڵێ پڕ کرد، هاوکات کوردانی تاراوگەش لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان و لە ڕێگای دەنگدانی ئەلیکترۆنی دەنگیان دا و دوای جیاکردنەوەی دەنگەکانیش دەرکەوت زیاتر لە 92%ی هاوواڵاتیبیان دەنگیان بە بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان بوو. لە یادی دووسااڵ تیپەڕبوونیش بەسەر ئەنجامدانی ریفراندۆمدا، لە ئێستاشدا کوردانی تاراوگە بە بیروبۆچوونی جیاوازەوە، گوزارشت لەم پرۆسە دیموکراسییە دەکەن.

پەشیمان نیم و هەزار جاری دیکەش بە بەڵێ دەنگ بۆ ریفراندۆم دەدەم



عەزیز ئەحمەد حەمە

ریفراندۆم دانانی بەردی بناغەی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە

عەزیز ئەحمەد حەمە لە ئەڵمانیا بۆ خەبات گوتی: کورد لە باشوور بە پێشڕەوایەتی پارتی و بە سەرۆکایەتیی بارزانیی نەمر و سەرۆک بارزانی چەندین دەستکەوتی گەورە و گرنگیان بۆ نەتەوەی کورد بەدەستهێناوە، لە دیارترینیان، هەڵگیرسانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول، ڕێککەوتننامەی 11ی ئازاری 1970 و هەڵگیرسانی شۆڕشی گوڵان و دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی 1992 و دواترینیشیان بڕیاردان لە ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان. ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان بە پێشنیار و ڕابەرایەتیی سەرۆک بارزانی لە هەڵومەرجێکی وەهادابوو، زۆر کەس بە مەحاڵیان دەزانی، بەڵام پێداگری و سووربوونی سەرۆک بارزانی لەسەر بەڕێوەچوونی ریفراندۆم هەموو ئەو تەمی گومانەی ڕەواندەوە کە لە ناوخۆ و لە دەرەوەی کوردستان باسی لێوە دەکرا، گوتیشی: هەموو جیهان بە چاوی خۆیان ببینیان نەتەوەی کورد هیوا و ئاواتی دەوڵەتی سەربەخۆیە و ئازادیی دەوێت، میدیاکانی جیهانیش بە وردی پرۆسەی دەنگدانیان دەگواستەوە و خەڵکی لە دوور و نزیکەوە چاودێری ئەو ڕووداوە گرنگەی ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاستیان دەکرد، بەڵام بەداخەوە تەنیا 3هەفتە دوای ریفراندۆم، پیلانێکی زۆر گەلاوی دوژمنان بە یارمەتی خائینانی ناوخۆ ئەنجامدرا و بووە بەهۆی ئەوەی کە بەشێکی زۆری خاکی کوردستان بە کەرکووکیشەوە تەسلیم بە لەشکری داگیرکەری دوژمن بکرێت، بەڵام ریفراندۆم سەرکەوتوو بوو، ئامانجی خۆبشی پێکاوە، بۆیە پێویستە ئەو ڕۆژە بکرێتە ڕۆژێکی نیشتمانی پیرۆز و هەموو سالێک لە کوردستان ئەو یادە پیرۆزە بکرێتەوە.



دیاری یارا

هەمیشە تامەزرۆی سەربەخۆی کوردستان بووم

خاتوو دیاری یارا لە بەریتانیا بۆ خەبات گوتی: بۆ کەسێکی وەک من کە لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەری کوردستان لەدایکبووم و گۆشکراوم بە کوردایەتی، هەمیشە تامەزرۆی سەربەخۆی کوردستان بووم لە دڵەوە تەمەنای ئەم ڕۆژە خۆشەم دەکرد، بۆیە لە ڕۆژانی بانگەشە و دەنگدان لە 25ی ئەیلوولی 2017 کاتەکانی خۆم بەخشی بە بەشداربوونم لە چالاکییەکانی نێو کوردانی تاراوگە بە تایبەتی شاری لەندەن، خۆم بە ریفراندۆمییەک دەزانم و شانازی پێوە دەکەم، هیچ کاتێکیش لێی پەشیمان نیم و هەزار جاری دیکەش دەنگدان بۆ ئەم پرسە بکرێ هەر بە بەڵی دەنگ دەدەم، ئەم پرسە دوورە لە کاری حزبی و تێکەڵکردن بە کەس و لایەنەکان، بەڵگەنامەیەکە و پێناسێکە بۆ هەموان و لە ئایندەدا دەبێتە ڕووناکی هەموو ماڵەکانمان.



جەزای شێخ ڕەزا

ناتوانن ڕووناکی ناو هزر و میشکی سەربەخۆییخوازان بکوژێننەوە


جەزای شێخ ڕەزا لە ئەڵمانیا گوتی: سەرکەوتنی ریفراندۆم لە ئەیلوولی مەزندا سەلماندی کە ئاشقانی ڕووەو خۆر هێنندە بە قوڵی ڕۆچوونەتە نێو خەیاڵدانی دنیای پڕ لە میهری هزر، گوتار و ڕەفتاری چاکە، کە ئەو باهۆزە پڕ لە تۆزەی سەدان ساڵە بە چەشنی هەورێکی چڵکن بەری خۆری لێ گرتوون، نەیتوانیوە ناخی پڕ لە ڕووناکی ئەوان داگیر بکات، بۆیە دەبێت ئەو هێزە ئەهریمەنییانەی لە ئۆکتۆبەری ڕەشدا خوێن و فرمێسکێکی زۆریان بە کورد ڕژاند، دڵنیابن لەوەی ناتوانن ڕووناکی ناو هزر و میشکی سەربەخۆییخوازان بکوژێننەوە. لە یادی ئەم ڕۆژە پڕ لە شکۆیەدا، بەوانەی بڕیاریان داوە تەوقی ملکەچی لە گەردنیان دانەگرن، دەڵێم: ئێوە لە بێحورمەتکردنی خۆتان ئازادن، بەڵام کە کارەکە گەیشتووەتە شکاندنی شکۆی نەتەوەیەک، دەبێ چاوەڕوانی نەفرەتی هەمیشەیی ئەو نەتەوەیە بن، سەربەرزی و ئاسوودەیی دەرووونیش بۆ ڕێبوارانی ڕێگای هەرە پیرۆزی سەربەخۆییە کە سالانێکە شەرەفی هەڵگرتنی جلەوەکەی لای بارزانییە.



خەبات جەمال ڕەفعەت

ئاواتەخوازم پێش مردنم سەربەخۆیی کوردستان ببینم


خاتوو خەبات جەمال ڕەفعەت لە سویدەوە بۆ خەبات گوتی: ڕۆژی یادکردنەوەی ریفراندۆم ئەنجامدرا و سەرکەوتنی بەدەستهێنا، کوردی خستە قۆناغێکی جیاوازتر لە خەبات و تێکۆشانی کە بە ئاشکراو بە ڕوونی داوای ماف و ئازادیی خۆی بکات و ئەم پرسە لە دروشمەوە بکاتە ڕاستی. ریفراندۆمی کوردستان گرنگترین ڕۆژە لە مێژووی کورددا، چونکە کورد سەلماندی کە نایەوێت ژێردەستەی هیچ تاریکی داو شەوەزەنگی کوردی ڕۆشنکردەوە و ئومێد و هیوای پێ بەخشی، زریانێک بوو ترس و بیمی خستە دڵی داگیرکەرانی تورک و عەرەب و فارس. ئیدی چرای عەقڵ و هزری ریفراندۆمی کاریزمای کورد هەڵگرانی پەیامی خانی کورد نایەوێت ژێردەستەیی بێگانە قبووڵ بکات، ئیمەی کوردانی تاراوگەش لە هەمان کاتوساتدا پاڵپشتیی خۆمان دەربڕی بە چەندین جۆری چالاکی بۆ سەرکەوتنی ئەم پرسە نەتەوەییەمان، ڕۆژی ریفراندۆم لای من ئەوەندە پیرۆزە هەمیشە داوای ئەوە دەکەم پێش مردنم بە ئاواتی سەربەخۆیی بگەم لە ئامێزگرتنی خاکێکی ئازام.



حەمە هێمن

ریفراندۆم وەک چەخماخەیەک شەوەزەنگی کوردی ڕۆشنکردەوە

حەمە هێمن لە ئەڵمانیاوە گوتی: ریفراندۆم نوەکی ئەو خامەیە بوو کە نووسی نا بۆ ژێردەستەیی، بەڵێ بۆ ئازادی و سەربەخۆیی کورد، ریفراندۆم ئەو چەخماخەیە بوو دڕی بە تاریکی داو شەوەزەنگی کوردی ڕۆشنکردەوە و ئومێد و هیوای پێ بەخشی، زریانێک بوو ترس و بیمی خستە دڵی داگیرکەرانی تورک و عەرەب و فارس. ئیدی چرای عەقڵ و هزری ریفراندۆمی کاریزمای کورد هەڵگرانی پەیامی خانی و حاجی بە ریگای شێخی نەهری و دواتر شێخ عەبدولسەلامی بارزانی و مەلا مستەفای ڕێبەری ڕۆحی کوردایەتی کە هەر دەڵێی لە چیاکانی زاگرۆسەوە پەیدابوون تا بانگی سەربەخۆیی بە گوێی کورددا بدەن، ئەوە ریفراندۆم بوو کۆتایی بە تێکست و ئیدۆلۆژیای بێگانە و ئۆبژێکت و کۆنتێکستی داگیرکەران هێنا.



تەها دەرویش

گەلی کوردستان لە ڕێگەی ریفراندۆمەوە بە جیهانی گوت ئەمەیە ویستم

تەها دەرویش نادر لە هۆڵەندا گوتی: ئەوکاتەی جەنابی سەرۆک بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بوو، هەمیشە لە هەوڵی وەدیهێنانی خەونی دێرینەی کورددا بوو کە ئەویش سەربەخۆیی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی بوو لە باشووری نیشتیمان، بڕیارێکی میژوویی بوێرانەی دا بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم، کە لە 92%ی گەلی کوردستان دەنگی پێدا و وێڕای ئەوەی هەموو جیهان و بە تایبەتی عێراق و وڵاتانی ئیقلیمی سەرسەختانە دژایەتیان کرد، بەاڵم سەرۆک بارزانی بەڵێنی خۆی بە جیهانی ناسنامەی کوردستانبوونی ئاخنیە باخەڵی هەموو تاکێکی کوردەوە، بەپشتبەستن بە ئیرادەی پۆاڵینینی گەلی کوردستان توانی بە هەموو جیهان بڵێ ئەمەیە ویست و داواکاری گەلەکەم، دواتر هەموو جیهان و وڵاتانی زلهێزی ویژدان مردوو، دژایەتیی ڕاستەوخۆی ریفراندۆمیان کرد لەپێناوی بەرژەوەندی خۆیان، پشتیان کردە گەلی کوردستان لە باشوور، دواتر بە خیانەتی ناوخۆیی کە میژوو فەرامۆشی ناکات، نیوەی خاکی کوردستان بە کەرکووکیشەوە ڕادەستی دوژمن کرا، پاشان هێزێکی بێشومار کۆکرایەوە و بە تازەترین چەکی سەردەم لەگەڵ دەیان هەزار لە میلیشیای حەشدی شەعبی و سوپای عێراق و هێزیان بەرەو هەولێر جوڵاند بۆ نەهێشتنی دەسەاڵتی کوردی، جگە لە تابووری پێنجەم بە زمانی کوردی لە کەناڵە بەکرێگیراوەکانییانەوە هەوڵی ڕووخانی وەرەی خەڵکی کوردستان بوون، بەاڵم بە حیکمەتی جەنابی بارزانی و هێزی پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان، توانیان بەر بەو هێزە بگرن و داستانی پردێ و سحێلا تۆمار بکەن کە سەدان کۆژراو



شێرزاد یونس ڕۆژهەیانی

ریفراندۆم ماقێکی سرووشتی گەلی کوردە

شێرزاد یونس ڕۆژهەیانی لە هۆڵەندا بۆ خەبات گوتی: ریفراندۆم وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو لە خەبات و تێکۆشانی کورد، لە دوای کۆتاییهاتنی کۆت و زنجیر و دابەشکردنی کوردستان لە پەیماننامەی سایکس بیکۆ و تێپەڕاندنی 100 ساڵەی. بە بڕیارێکی بوێرانەی سەرۆک بارزانی بوو کە داوای ئەم مافەی بۆ گەلی کورد کرد و هەموو دنیا لەسەرخەت بوون و چاوەڕێی ئەم پرسەیان کرد. بۆ کەسێکی وەک من کە لەنێو شۆڕش و ئاوارەیی لەدایکبووم و پەروەردە بووم، ئاواتێکی لەمێژینەم بوو، بۆیە بە هەموو شێوەیەک پشتگیری تەواوم لە ریفراندۆم کرد و بەشداری چالاکییەکانی بووم، بە تایبەتی لە هۆڵەندا، لەبەر ئەوەی ریفراندۆم ماقێکی سرووشتی و حاشاهەڵنەگرە بۆ کورد بۆ ئەوەی بە مافی خۆی بگات و لە دەوڵەتێکی سەربەخۆیی خۆیدا مومارەسەی ئازادیی بکات، بە دڕێژایی سایکس بیکۆ کورد خوێن خەاڵتی سەربەخۆیی دەکات، گەلی بچووکی وا هاهەیە، هێندەی کورد تێکۆشەر و ئازادیخواز نەبوون، بەاڵم گەیشتوونەتە خەونی خۆیان، بۆ دەبێت لە سەدەی بیست و یەکدا هێشتا کورد بترسێت لە ماف و ئازادیی خۆی و ئەو مافەی پێ ڕەوانە نەبینن! بۆیە دەڵێم دەستخۆش سەرۆک بارزانی و تەواوی خەڵکی کوردستان، کە بە دەنگی بەڵێ ریفراندۆمیان سەرخست لەپێناو سەربەخۆیی کوردستان.

www.xebat.net
چوار شەممە 2019/9/25 ژمارە (5835)
خەبات



د.بەشیر حەداد لەگەڵ شاندێکی کۆمپانیاکانی حەج و عومرەی هەرێمی کوردستان کۆبۆوە

رۆژی دووشەمە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە نووسینگەی تایبەتی خۆی لە بەغدا پێشوازی لە شاندێکی کۆمپانیاکانی حەج و عومرەی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان کرد. لە کۆبوونەوەیەکدا جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق جەختی کردەوە لەسەر پێویستی هەماهەنگی لە نێوان کۆمپانیاکانی کوردستان و دەستەی بالای حەج و عەمرەی عێراقی، بە مەبەستی دروستکردنی هاوکاری و هەماهەنگی و کاری هاوبەش و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ حاجیان و عەمرەکاران لە وەرزەکانی حەج کردندا. جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق داواشی لە کۆمپانیاکانی هەرێمی کوردستان کرد کە پەیوەندییەکی باش و پرۆفیشنالانە لە نێوان خۆیاندا دروست بکەن بەمەبەستی بەردوامیدان بە هاوکاری و هەماهەنگی و باشتر بەرێوەچوونی کارەکانیان لە گەیاندنی حاجیان بۆ سعودیە و دابینکردنی پێداویستییەکانی وەکو شوێنی مانەوە و گواستنەوەی حاجیان و خزمەتگوزارییەکانی دیکە.

خاتوونە سەرمایەدارێکی هیندی بۆ خەبات:

هەرێمی کوردستان بژاردەی ئابووری زۆری بۆ گەشەکردن هەیە

دەتوانم بڵێم هەرێمی کوردستان لە ئایندەدا دەتوانێت رۆڵی سەنگافورەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ببینێت

خەبات/ مەریوان نەقشبەندی

سۆنیا هارود کە سەرمایەدارێکی گەورەی هیندستانە و پێشتر لەگەڵ چەند تیمێکی ئابووری وڵاتەکەی سەردانی عێراق و هەرێمی کوردستانی کردووە، لە لێدوانێکی تایبەت بە رۆژنامەی خەبات گوتی: هەرێمی کوردستان هەرێمێکی دەوڵەمەند و خاکێکی بەپیتی هەیە و سامانێکی سروشتی زۆری هەیە و بەهۆیەوە بژاردەی ئابووری زۆر و جۆراوجۆری بۆ گەشەکردن هەیە.

خاتوو سۆنیا لە درێژەی قسەکانیدا بۆ رۆژنامەی خەبات تیشکی خستە سەر بژاردەکان و گوتی: زۆربەی وڵات و گەلانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرقاڵن بەکێشەی مەزهەبی و کێشەی تیرۆر و ئیحتیقانی نەتەوەیی و سیاسی کە دەربازبوونیان بەو ئاسانییە نابێت، لەم بارودۆخەدا دەکرێت هەرێمی کوردستان کە بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی عێراق ئێجگار سەقامگیرە و هەڵی گەشەی ئابووری و بازرگانی و وەبەرهێنانی زۆر لەبارە و زانیاری ئەوەشم هەیە کە هەوڵی سەربەخۆیی ئابووری هەرێمی کوردستان رووبەڕووی ئاستەنگی حکوومەتی بەغدا بووەوە و ئێستاش خەریکە شێوازێکی تری مامەڵە لەنێوان بەغدا و هەولێر هاتۆتە ئاراوە کە ئەگەر بگەنە ڕێککەوتنی تەواو، ئەوا هەرێمی کوردستان بەجۆرێک کراوەیە لەبواری بازرگانی و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا، کە دەتوانم بڵێم لە ئایندەدا دەتوانێت رۆڵی سەنگافورەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ببینێت.

هەر لەم لێدوانە تایبەتەی بۆ رۆژنامەی خەبات، ئەم خاتوونە سەرمایەدارە هیندیە گوتیشی: هەرێمی کوردستان لە بواری کانی بیناسازی قۆناغی گەورەی بڕیوە و دەکرێت لەمەودوا گرنگی زیاتر بە کشتوکاڵ و مەڕداری و گەشتیاری و کۆگاکردن و بەکارهێنانی میوە سروشتییەکان و چەندین کەرتی دیکەدا هەنگاوی گرنگ بنێت و ببێتە جێگەی سەرنجی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دەروازەیەکیش بێت بۆ عێراق لە بواری بازرگانی و ئابووریدا، بەڵام لەبواری بازرگانی و هەناردەی نەوت و بەرهەمەکانیدا ئەم خاتوونە تەنها ئەوەی گوت: سەرۆکی تازەی حکوومەتی هەرێم کارێکی ژیرانە دەکات ئەگەر لەمەودوا بەتەنها پشت بەداهاتی نەوت نەبەستێت و بەدیلی دیکەی ئابووری بۆ خەڵکی هەرێمەکە بدۆزێتەوە.

عێراق ... رەوشی کریستیانەکان لە مەترسی دایە

نوێنەرێکی کریستیانەکان: یەک ملیۆن کریستیان عێراقیان جێهێشتووە

دوای پرۆسەی ئازادیی عێراق، رەوشی ئەمنی ئالۆز بوو و مەترسی بۆ سەر پێکهاتەکانی ئەو وڵاتە هاتە ئاراوە، بە گوتەی نوێنەرێکی کریستیانەکانیش، تا ئێستا یەک ملیۆن کریستیان ناچار کراون عێراق جێبهێڵن. فەرید یەعقوب، نوێنەری کریستیان لە پەرلەمانی کوردستان، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی راگەیاندووە: دوای ساڵی 2003 ژمارەی کریستیانەکانی عێراق یەک ملیۆن و 500 هەزار کەس بوو، بەڵام دوای ئەوەی رێکخراوە تیرۆریستییەکان دروست بوون و شەپۆلی مەزهەبی دەستیپێکرد، هاووڵاتیانی کریستیان ناچار بوون عێراق بەرەو وڵاتانی جیهان بەجێبهێڵن، بە تایبەتی دوای هاتنی گروپی تیرۆریستیی داعش، کە کاریگەری لەسەر کۆچی کریستیانەکان هەبوو، لە ئێستاشدا تەنیا 400 هەزار کریستیان لە عێراق و هەرێمی کوردستان ماون و زیاتر لە یەک ملیۆن کریستیان عێراقیان جێهێشتووە. ئەو نوێنەرەی کریستیانەکان گوتیشی: رەوشی کریستیانەکانی عێراق لە مەترسیدایە و ئەگەر بە هۆی رەوشی ئارامی هەرێمی کوردستانەوە نەبێت، یەک کریستیان لە عێراق نامێنێ، چونکە هەموو هەوڵێک بۆ ئەوە دەدرێت عێراق چۆڵ بکرێت لە کریستیانەکان و ناچاریان دەکەن بۆ ئەوەی کۆچ بکەن. یەعقوب ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: راوتنانی کریستیانەکانی عێراق بە پیلان بەڕێوەدەچێت و چەندین وڵات و گرووپ کار بۆ ئەوە دەکەن کرستیانەکان عێراق بەجێبهێڵن، لەبەر ئەوە مەترسیی گەورە هەیە بە تایبەتی لە بەغدا و شوێنەکانی دیکەی عێراق، بەوەی کە کریستیان ناچار بکرێن شوێنی خۆیان بەجێبهێڵن، لە کاتێکدا سەدان ساڵە لەسەر ئەو خاکە دەژین.



وەزارەتی دەرەوەی کوێت: ژمارەیەک لایەنی عێراقی هەوڵ دەدەن کێشەی سنوور لە نێوان هەردوو وڵات گەورە بکەن

وەزارەتی دەرەوەی کوێت، ژمارەیەک لایەنی عێراقی بەوە تۆمەتبار کرد کە هەوڵ دەدەن کێشەی سنوور لە نێوان هەردوو وڵات گەورە بکەن. رۆژنامەی "ئەلڕەئی" کوێتی کە رۆژنامەیەکی تایبەتە لە جێگری وەزیری دەرەوەی کوێت، خالید جارووڵای گواستووەتەوە کە کوێت هەوڵ دەدات سنووری دەریایی خۆی لەگەڵ عێراقدا دوای خاڵی 162 دیاری بکات. خالید جارووڵا ئاماژەی بەوە کردووە، ئەوەی لەبارەی ڕێککەوتنی خۆر عەبدوڵلا قسەی لەسەر دەکرێت لەوەی گوایە کە لە چوارچێوەی ڕێککەوتنێکدا سنووری دەریایی نێوان کوێت و عێراق دیاریکراوە، ناڕوونە و گوتوویەتی "سنووری خۆر عەبدوڵلا بەپێی بڕیاری 833ی ئەنجوومەنی دیاریکراوە، بەڵام ئەوەی پەیوەستە بە دوای خاڵی162 پێویستی بە دانوستانی نێوان هەردوولایە بۆ ئەوەی بە تەواویی سنووری دەریایی نێوان هەردوو وڵات بەپێی بنەمای یاسای نێودەوڵەتی دیاری بکرێت.

بەم دواییانە دەنگۆی ئەوە بڵاوکرایەوە کە کوێت سەکۆیەکی دەریایی لە ناوچەی "فشت ئەلعبیج" بنیاتناوە کە ئەوەش ناڕەزایەتیی عێراقی لێکەوتووەتەوە، بەڵام کوێت جەخت دەکاتەوە کە بنیانتانی سەکۆ دەریایەکە مافی سەروەریی خۆیەتی بەو پێیەی کە دەکەوێتە نێو سنووری دەریایی خۆیەوە. ناوچەی "فیشت ئەلعبیج" ناوچەیەکی بچووکە و دەکەوێتە نزیک سنووری دەریایی نێوان کوێت و عێراق و کوێت بە مولکی خۆی دەزانێت و کوێت رایگەیاندووە کە ناوچەکە دەکەوێتە نێو سنووری دەریایی خۆیەوە، بەڵام عێراق وای بۆ دەچێت کە دەکەوێتە سنووری دەریایی نێوان هەردوو وڵات و هێشتا ڕێککەوتنی لەسەر نەکراوە.

سەبارەت بەو سکالایەی کە عێراق دژبە کوێت پێشکەشی بە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کردووە، خالید جارووڵا گوتی: بە داخەوە درکمان بەوە کردووە کە ژمارەیەک لایەن لە عێراق هەوڵ دەدەن کێشەی سنوور لە نێوان هەردوو وڵات گەورە بکەن، هاوکات بەو شێوەیە سەیری سکالاکە دەکەین کە گوزارشت دەکات لە ڕوونکردنەوەی هەڵوێستێک. جێگری وەزیری دەرەوەی کوێت ئاماژەی بەوەیشکردووە کە بە هەمان شێوە وڵاتەکەی یاداشتێکی پێشکەشی بە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کردووە و تیادا وردەکاری و هەڵوێستی خۆی سەبارەت بە کێشەی سنووری دەریایی لەگەڵ عێراق خستووەتەڕوو.

جێی باسە پێشتر ڕۆژنامەی "ئەلڕەئی" کوێتی بڵاویکردبوویەوە کە عێراق لە ئابی ڕابردوودا نامەیەکی ئاراستەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کردووە و تیایدا کوێتی تۆمەتبار کردووە بە پێڕەوکردنی سیاسەتی سەپاندنی ئەمری واقیع، ئەوەش لە چوارچێوەی ئەنجامدانی گۆڕانکاری جوگرافی لە سنووری ئاوی نێوان دوو وڵاتدا. عێراق و کوێت لە ساڵی 2012 ڕێککەوتنێکی تایبەت بە سنوورەکانی نێوانیان واژۆو کردووە کە ئامانج لێی هاوکاریکردنی هەردوو وڵاتە لە ڕێکخستنەوەی سنووری وشکانی و ئاوی نێوانیان.



فەڕەنسا و ئەڵمانیا و بەریتانیا: ئێران بەرپرسیارە لە هێرشکردنە سەر دامەزراوە نەوتییەکانی سعوودیە

هێرشەکان مەترسیی پێکدادانیان لە ناوچەکە زیاد کردووە

فەڕەنسا، ئەڵمانیا و بەریتانیا؛ ئێرانیان بە بەرپرسیاری هێرشکردنە سەر دامەزراوە نەوتییەکانی سعوودیە لەقەڵەم دا. ڕاوێژکاری ئەڵمانیا، ئەنگێلا میرکڵ و سەرکۆماری فەڕەنسا، ئیمانوێل ماکرۆن و سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا، بۆریس جۆنسۆن کە بۆ بەشداریکردن لە کۆبوونەوەکانی خولی74 ەمینی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرکن لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوە دراوە کە هێرشەکان مەترسی پێکدادانیان لە ناوچەکە زیاد کردووە و تیایدا نووسراوە "ئەم هێرشانە جارێکی دیکە دەریانخست کە بەشداریکردنی هەموو لایەنەکان و هەوڵەکان بە ڕێگای دیپلۆماسی درێژخایەن بۆ ڕەوینەوەی گرژییەکان لە ناوچەکە تاچەند گرنگن".

لە کاتێکدا هەرسێ وڵات جەختیان لەسەر پابەندبوونی خۆیان بە ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران کردۆتەوە، داوایان لە ئێران کردووە بگەڕێتەوە بۆ هەلومەرجی ڕێککەوتنەکە و لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە "داوا لە ئێران دەکەین بێتە سەر مێزی گفتوگۆ و خۆی بەدووربگرێت لە کاری ئیستیفزازکەرانە کە دەبنە هۆی تەشەنەسەندنی گرژییەکان".



ئەمەریکا گوشارەکانی سەر ئێران چڕتر دەکاتەوە

برایان هوک: واشنتن هەوڵدەدات هاوپەیمانێتیەکی جیهانی دروست بکات بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئێران

نوێنەری تایبەتی ئەمەریکا بۆ ئێران برایان هوک وتی ئەمەریکا گوشارەکانی سەر ئێران چڕتر دەکاتەوە دوای هێرشەکەی سەر دامەزراوە نەوتییەکانی سعودیە، بەڵام گوتیشی واشنتن هەوڵدەدات هاوپەیمانێتیەکی جیهانی دروست بکات بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئێران و "ژیرانە" مامەڵە دەکات. لە کۆنگرەیەکدا لە نیویۆرک برایان هوک گوتی: ئێران بەم هێرشەی سنووری سەروەری وڵاتێکی دیکەی بەزاندووە. هوک ئاماژەشی بەوەدا ئەمەریکا هەوڵدەدات لەڕێی دیبلۆماسیی و هەوڵی کۆمەڵێک لایەنەوە دۆسیەکە چارەسەر بکات، وتیشی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیش ڕۆڵی تیایدا دەبێت.

ریفراندۆمی کوردستان، یەکەم شۆڕشی کورد نییەو کۆتا شۆڕشیش نابێت



ئیسلام یاسین هەرێمی

بارزانیی نەمر وەک ڕابەرێکی شۆڕشگێڕ و ئازادیخواز هەمیشە لەپێناو بەدەستهێنانی مافی ژیانێکی شایستە بۆ کورد و کوردستانیان تێکۆشاوە و لەو پێناوەدا قوربانی بە مااڵ و تەمەن و خوێن و ژیانی خۆی داوە و هەمیشە سەربەرزی گەلەکەی لەپێش هەموو بەرژەوەندییەکەوە داناوە.

هەر لەسەرەتای دابەشکاری و داگیرکارییەکانی کوردستان کورد و هەموو ئەو نەتەوە و ئایینە جیاوازانەی لەسەر خاکێک لەگەڵ کورد ژیاون بەڕابەرایەتی بارزانییەکان دەستیان بە خەبات و شۆڕش کردووە دژی دوژمنانی خاکی کوردستان هەر لە شۆڕشی شێخ عەبدولسەلام و شێخ ئەحمەد بارزانی و پاشان شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بە ڕابەرایەتی باوکی نەتەوەی کورد ژەنەرال مەلا مستەفا بارزانی، هەروەها شۆڕشی گوڵانی بەرخودان بە ڕابەرایەتی ئەندازیاری ئاشتی "ئیدریس بارزانی" هەمیشە زیندوو لەناو دڵی کورددا، دواتر شۆڕشی ڕاپەڕین و شۆڕشی دیموکراسی و هەڵبژاردن و پەرلەمان و سەرۆک و پرۆسەی بنیادنانی وڵات و دەزگا و یاسا و پیکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کیانێکی بەهێز بۆ کورد. سەرۆک مەسعود بارزانی دینەمۆی گەشەسەندنی هەرێمی کوردستان بوە و وەک ڕابەرێکی دڵسۆز پێشمەرگەیەک بووە لە پێگەی سەرۆکدا.

هەموان شاهیدی ئەوەین لە 2014 شەڕی داسەپاوی داعش چۆن بەرۆکی کوردی گرت و ئەم هەرێمەی خستە ژێر مەترسی لەناوچوون و جارێکیتر هەڵوەشاندنەوەی کیانی هەرێمی کوردستان، بەڵام سەرۆک مەسعود بارزانی ئەو شانازییەی لە بارزانی باوک بۆ ماوەتەوە هەرگیز پشت لە میللەتەکەی نەکات و ڕابەرایەتی شەڕی پاراستنی کەرامەتی گەلەکەی بکات، هەربۆیە بە خۆی و نەوەکانی و برا پێشمەرگە دڵسۆزەکانمان هێڵی پێشەوەی پاراستنی کوردستانیان بەرنەدا و شکستیان بە دوژمنانی کورد و کوردستان هێنا.

سەرۆک بارزانی بەرپرسیاریەتی شۆڕشێکی تری هەڵگرت و مەشخەڵی ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان هەڵگرت، سەرۆک مەسعود بارزانی بەبێ سڵمینەوە و لەبەردەم هەموو دوژمنان و نەیارانی کورد گوتی ئێمە لە ڕێگەی یاسایی و بە ئاشتیانە داوای سەربەخۆیی دەکەین، بۆ یەک ڕۆژیش هەڵوەستەی لەسەر پاشگەزبوونەوە نەکرد، هێز و بەردەوامی و سەرفرازی سەرۆک زیاتر خەڵکی هاندا بۆ بە دەنگەوەچوون و دەنگدان بۆ سەربەخۆیی، سەرۆک بارزانی ڕابەرایەتی شۆڕشی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کرد، شۆڕشێک تەنیا بەرامبەر یەک دەوڵەت و یەک لایەن نەبوو بەڵکو شۆڕشێک بوو بەرامبەر هەموو وڵاتانی جیهان. پێداگیری سەرۆک و چۆک دانەدان بەرامبەر هەڕەشەی نەیاران سەرکەوتنی بۆ گەلی کورد بەدەستهێنا.

وەزیری کارەبا پێشوازی لە دکتۆر کەمال کەرکووکی و شاندی یاوەری کرد



دوێنێ سێ شەممە ئەندازیار کەمال محەممەد ساڵح وەزیری کارەبا پێشوازی لە دکتۆر کەمال کەرکوکی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی لەکەرکوک و گەرمیان و شاندی یاوەری کرد. لەدیدارێکدا کە ڕاوێژکاری وەزارەت و بەڕێوەبەرانی گشتی بەهەرمهێنان و گواستنەوەی کارەبا ئامادەی بوون گفتوگۆیان کرد لەبارەی ڕەوشی کارەبا و هەنگاوەکانی وەزارەت کە لەم بوارەدا دەستی پێکردووە، دکتۆر کەمال کەرکوکی خۆشحاڵی خۆی دەربڕی لەهەوڵەکانی وەزارەت و ئەو هەنگاوانەی لەبواری بەرهەمهێنان و گواستنەوەو دابەشکردنی کارەبا دەستی پێکراوە، ئومێدیشی خواست وەزارەت لەئەرکەکانیدا ڕێکەوتنەکە بن. لەدرێژەی دیدارو پێشوازییەکانیدا وەزیری کارەبا چاوی کەوت بەشێخ جەمال بەرپرسی کۆمپانیای بەندیر و شاندی یاوەری، لەو دیدارەدا باس لە چۆنیەتی بەگەڕخستنی وێستگەی29 میگاواتی سلێمانی کرا کە لەبەر قەیرانی دارایی و نەبوونی سوتەمەنی لە ئێستادا ڕاوەستاوە، وەزیری کارەبا بەلێنی بەکۆمپانیای ناوبراو دا هەموو ئاستەنگ و کێشەکانیان چارەسەر دەکات و لەم پێناوەشدا هەوڵەکانی دەست پێکردووە. وێستگەی 29 میگاواتی سلێمانی لەکاتی بوونی سوتەمەنیدا بەردەوام دەتوانێت 25میگاوات کارەبا بەرهەم بهێنێ و ئەو بڕە کارەبایە بخرێتە ناو تۆڕی کارەبای نیشتمانی کوردستانەوە.

سەرکەوتوو بێت و زیاتر خزمەتی هاوڵاتیانی کوردستان بکرێت ، لەتەوەرێکی دیدارەکەدا ئەندازیار کەمال محەممەد ساڵح وەزیری کارەبا وتی: کێشەی کارەبا لەهەرێمی کوردستان تەنیا بەرهەمهێنان نییە بەڵکو چۆنیەتی کۆنترۆڵکردنی خواست و ڕێکخستنەوەو بەڕێوەبردنێکی باشی سیستەمی کارەبایە؛ لەم ڕووەوە هەنگاوەکانیشمان چڕ کردۆتەوە سەبارەت بەبڕە کارەبای پارێزگای کەرکوکیش وەزیری کارەبا ئاماژەی بە پابەندبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەو ڕێکەوتنەوە کردووە کە کارەبا بەکەرکوک دەدرێت و لە ئێستادا بەردەوام وەزارەتی کارەبا 100 میگاوات کارەبا بەو پارێزگایە دەدات ، بەڵام پێویستە لایەنی بەرامبەریش پابەندی

بەسەرپەرشتی وەزیری ئەوقاف کۆبوونەوەی هاوبەشی بۆرد و ئەنجومەنی زانستی وەزارەت بەڕێوەچوو



خەبات- نەبەز ئیسماعیل کەمال: مزگەوت مەڵبەندێکی ئایینی گرنگە هەرچی پێویست بێت بۆ بەڕەو پێشبردنی ئەنجام دەدرێت. ڕۆژی سێ شەممە 24/ 9/2019بەسەرپەرشتی د.پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی بەشداری ئەندامانی بۆرد و ئەنجومەنی زانستی وەزارەت ڕاوێژکاران و بەڕێوەبەرانی گشتی، سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی فراوانی کرد. سەرەتا وەزیری ئەوقاف وردەکاری کۆبوونەوەکەی خستە ڕوو ، کە بەپشت بەستن بە بڕیارو ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی ڕێکخستنی گوتاری ئایینی کە لەساڵی 2016بەبەشداری زیاتر لە 500مامۆستای ئایینی لەهەولێر بەڕێوەچوو.

هەروەها گفتوگۆکردن لەسەر هێڵە گشتیەکانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی دانانی ڕێچکەیەک بەمەبەستی کارکردنی ئەو خاڵە گرنگانەی پێویستە بەهێزتر بکرێن بۆ خزمەتی مامۆستایانی بەڕێزو بەتایبەتی مزگەوت کەوەک دەزگایەکی گرنگ و مەڵبەندێکی ئایینی گرنگی پێ بدرێت هەرچی پێویست بێت بۆ بەڕەو پێشبردنی ئەنجام بدرێت.

گرنگی دان بە تەوەری وتارەکانی هەیینی دانانی وتاری گرنگ و پر بایەخ و بەهێز بەهەماهەنگی لەگەڵ یەکێتی زانایانی ئایینی کە گونجاو بێت لەگەڵ واقع و جوگرافیا و شوێنی وتاردان.

پێداچوونەوە بە میلاکاتی وەزارەت ڕێکخستنی بەشێوەیەک کە هاوسەنگی تێدا بێت، پەرەپێدانی توانستی مامۆستایان وتارخوێنان بەکردنەوەی خول و ڕاهێنان لەلایەن کەسانی پسپۆڕەوە، ئەنجامدانی گەشتی زانستی بۆ مامۆستایان بەئامانجی کردنەوەی کرانەوەی زێتر و هاوردەکردنی شارستانییە و پێشکەوتن بەئامانجی بەڕەو پێشبردنی مامۆستایانی بەڕێز هەروەها دروست کردنی پەیوەندی بەهێز لەگەڵ جیهانی دەڕەوە بەتایبەتی ڕەوەندی کوردی.

گرنگیدان بە بواری پێکەوەژیانی ئایینی و پاراستنی ئەو بواڕە گرنگە کە بۆتە کلتور و یەکێک لە جوانی و شانازیەکانی کوردستان، گرنگیدان بە حوجرەکانی فەقێیان و دانانی بەرنامەیەکی زانستی بەهێز و هێنانی مامۆستای بەتوانا هاندانی هاونیشتیمانیان بۆ بەشداریکردنی ڕۆڵەکانیان بۆ بەشداریان لە بەڕەو پێشبردنی حوجرەکانی فەقێیان کەبەشێکە لەکەلتوری میللەتکەمان.

گرنگی دان بەبۆنە و مەراسیمە ئایینەکان بەتایبەتی بۆنە ئایینیە کۆمەڵایەتیەکان، پاراستنی شوێنەوارە ئاینیەکان و ڕێکخستنەوەی مولکەکانی وەزارەت سەرژمێری کردنی مولکەکان و بەئەلیکترۆنی کردنیان، ڕێکخستنەوەو خزمەتی زیاتر بۆ کاروباری حەج و عومرەی کوردستان ، چەندین خاڵی تری گرنگ سەرجەمیان خزمەتە بەپرۆژەی ئایینی و هاوڵاتیانی ئازیزی کوردستان ، جێگەی ئاماژەیە بەمەبەستی گەیشتن بە بریاری کرداری کۆبوونەوەی لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەنجام دەدرێت.

هەولێر... کۆبوونەوەی وەزارەتی تەندروستی و ڕێکخراوی WHO



بە مەبەستی ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا و بەدەستهێنانی پاڵپشتی و پشتگیری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، وەزارەتی تەندروستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کۆنفرانسێکی ئەنجامدا کە تیایدا بەڕەسمی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی WHO لە عێراق بەشداربوو.

وەزیری تەندروستی لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سامان بەرزنجی ڕایگەیاند کە لەسەر ڕاسپاردەی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی سەردانی شاری هەولێری کرد و وەزارەتی تەندروستیش داوای هاوکاری و پاڵپشتی لێ کرد، دوێنێ لەسەر ڕاسپاردەی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، بەڕەسمی ڕێکخراوەکە لە عێراق، ئەدهەم عەبدولمونعیم سەردانی شاری هەولێری کرد و لەگەڵ بەشێک لە ستافی وەزارەتی تەندروستی کۆبووەوە.

وەزیری تەندروستی لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سامان بەرزنجی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا گوتی: لە کۆبوونەوەیەکدا سەرجەم بەرپرسانی پڕۆگرامەکان ئامادەبوون بۆ ئەوەی جگە لە پێداچوونەوە بە کار و بەرنامەکانی ڕابردوو، پلانێکی تازە دابنێین بۆ داهاتوو، بۆ ئەوەی بزانین کامە بەرنامە لە پێشینەیە بۆ جێبەجێکردن، ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی لە ساڵانی ڕابردووەوە، پاڵپشتی کۆمەڵێک پلان و بەرنامەبووە و کاریان کردووە لەسەر کەرتی تەندروستی بەتایبەت لە کاتی هاتنی ئەو هەموو ئاوارە و پەنابەرە بۆ هەرێمی کوردستان.

زانکۆی سەلاحەدین و کونسوڵخانەی شانەشینی ئوردنی پەرە بە پەیوەندیەکانیان دەدەن



لە دیوانی سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین، دکتۆر ئەحمەد دزەیی سەرۆکی زانکۆ، پێشوازی لە عبدالرحیم یوسف حەسەن کرد و پیرۆزبایی دەستبەکاربوونی لێکرد لە کۆنسوڵخانەی شانشینی ئوردنی.

لە دیدارەکەدا سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین تیشکی خستە سەر ئەو پەیوەندیە پتەوەی لەنێوان هەرێمی کوردستان و شانشینی ئوردنی هەیە لەسەرجەم بوارەکاندا، بە تایبەت کە لەسەر ئاستێکی بالاڵدا پەیوەندی پتەو لەنێوان هەردوولادا هەیە. سەرۆکی زانکۆ جەختی لەوە کردەوە کە پێویستە پەرە بە پەیوەندیەکانمان بدەین، چونکە زانکۆی سەلاحەدین ئاڕەزووی ئەوە دەکات پەیوەندیەکانی لەگەڵ زانکۆکان ولاتی ئوردن بەباتە قۆناغێکی پێشکەوتووتر، بە تایبەتی لە بواری خوێندنی بالاڵدا، دەکرێ بۆ ئەمەش سود لەو پەیوەندیە قوولە وەربگیرێت کە لەنێوان زانکۆی سەلاحەدین و زانکۆ ئوردنیەکان هەیە لە چوارچێوەی پێگەی کاریگەرەکەی زانکۆی سەلاحەدین لە کۆمەڵەی زانکۆ عەرەبیەکان. لە بەشێکی دیکەی دیدارەکەدا عبدالرحیم یوسف پشتگیری لە کونسوڵخانەی ئوردنی دوپات کردەوە بۆ هەر پرۆژەیەک کە زانکۆی سەلاحەدین لەگەڵ زانکۆ ئوردنیەکان ئەنجامی بدات. هاوکات ئامادەیی کونسوڵخانەکەشی نیشاندا بۆ زەمینە خۆشکردن بۆ بەرەو پێشەوە بردنی زیاتری پەیوەندیەکان بە تایبەت لە بواری خوێندنی بالاڵدا. هەروەها ئەوەشی باس کرد کە ناوبانگی زانکۆی سەلاحەدین لە ولاتی ئوردن بەرزە و هەمیشە وەک زانکۆیەکی ڕەسەن مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

شایەنی ئاماژە بۆ کردنە زانکۆی سەلاحەدین پەیوەندیەکی پتەوی لەگەڵ زانکۆکانی ولاتی ئوردن هەیە و لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو چەندین چالاکی هاوبەشیان بەیەکەوە ئەنجامداوە.

گووتەبێژی وەزارەتی کشتوکاڵ:
حکومەتی هەرێم بڕیارێک لەبەرژەوەندی خاوەن کێڵگە پەلەوەریەکان دەردەکات

خەبات/سەید فاتیح بەرزنجی:

حوسێن حەمەکەریم گووتەبێژی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕوونیکردەوە لەچوارچێوەی هەوڵەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و لەپێناو هاندانی زیاتری خاوەن کێڵگە پەلەوەریەکان بڕیاردرا بەکەمکردنەوەی نرخی کارەبای نیشتیمانی بۆ کێڵگە پەلەوەریەکان و گەنجینە سارد کەردەوەکان لە 130 دینارەوە بۆ 30 دینار بۆ هەر کیلۆواتێک دیارە ئەو بڕیارە گرنگەش لە بەرژەوەندی خاوەن کێڵگە پەلەوەریەکانە و دەبێتە هاندانێک بۆ زیادکردنی بەرهەمەکانی پەلەوەر لە کوردستان.

هەروەها گووتەبێژەکەی وەزارەتی کشتوکاڵ ئاماژەشی بە بڕیارێکی دیکەداو گووتی: بڕیارەکە زیاتر بەبەرهەمی خۆمالی بدرێت هاوردەکردنی ترێ قەدەغە کرا تا بەرهەمی خۆمالی لە نیو بازاڕەکاندا ساغ بکرێتەوە.

هەروەها هەوڵەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بەردەوامەو بۆ ئایندەش چەندین چەندین بەرنامەی گرنگ و خزمەتگوزاری بۆ جووتیاران لە ئارادایە و هەمیشە پاڵپشتی تەواو لە جووتیاران دەکرێت بۆ ئەوەی کەرتی کشتوکاڵ زیاتر ببوژێتەوە

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان
بەڕێزان لە خانەوادەی خوالێخۆشبوو مستەفا ئیسماعیل حاجی

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتیی نیشتیمانپەروەری کوردستانی سووریا (مستەفا ئیسماعیل حاجی ناسراوە بە مستێ سمگەمور)مان پێ گەییشت.

خوالێخۆشبوو مستەفا ئیسماعیل کەسێکی دڵسۆزی کوردایەتی و نیشتیمانپەروەری کوردستانی سووریا بووە و پشتیوانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و گوڵان بووە و لەسەر هەڵوێستە نیشتیمانی و نەتەوەییەکانی چەندینجار کەوتووەتە زیندان و لە ڕێگەی کوردایەتیدا ماندوونەناسانە بەردەوام بووە.

بەم بۆنە خەمناکەوە سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و هەموو کەسوکار و ئاشنایانتان و گەلی کورد لە سووریا دەکەین و هاوبەشی خەمتانین. لە خودای مەزن داواکارین خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و سەبر و ئارامی بە هەموو لایەک ببەخشێت.

انا لله وانا الیه راجعون
بارەگای بارزانی

***

بەڕێزان لە خانەوادەی خوالێخۆشبوو جەبار سەید وەلی

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی ئەیلوولی مەزن(جەبار سەید وەلی)مان پێگەیشت.

هاوخەمی بۆ خانەوادە بەڕێز و تێکۆشەرەکەتان ڕادەگەیەنین و سەرەخۆشی لەئێوە و خزم و دۆستانتان دەکەین.

خودای گەورە ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

انا لله و انا الیه راجعون
بارەگای بارزانی

***

بەڕێزان لە خانەوادەی خوالێخۆشبوو مامۆستا محەمەد حاجی قادر ڕەزگەیی

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی ناسراوی بتوێن و پشدەر مامۆستا (محەمەد حاجی قادر ڕەزگەیی)مان پێگەیشت.

بەم بۆنەوە هاوخەمیمان بۆ خانەوادە بەڕێزەکەتان ڕادەگەیەنین و سەرەخۆشی ئارِاستەی ئێوە و خزم و دۆستانتان دەکەین. خودای گەورە ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

انا لله و انا الیه راجعون
بارەگای بارزانی

***

بۆ کۆچی دوایی هونەرمەند ئەنوەر شێخانی
بەڕێزان خانەوادەی هونەرمەندی ناسراوی گەلەکەمان ئەنوەر شێخانی

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی هونەرمەند و شانۆکار ئەنوەر شێخانی مان بیست، بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و کەس وکار و بنەماڵە نیشتمان پەروەرەکەتان و سەرجەم هونەرمەندان دەکەین و خۆمان بە شەریکی خەمتان دەزانین.

هونەرمەند و شانۆکار ئەنوەر شێخانی کەسایەتیەکی هونەری چالاک و لێهاتووی بواری هونەری و دەرهێنەرێکی بەهرەمەند و دیاری خاوەن دەیان بەرهەمی بەپێزی هونەری بوو و جێدەستی لەبواری هونەری شانۆ و ونواندندا دیار و بەرچاوبوو.

بە کۆچی دوایی هونەرمەند و دەرهێنەر ئەنوەر شێخانی درزێکی دیکە کەوتە نێو بواری هونەری و ڕۆشنبیریی کوردی. هیواخوازین هاوخەمیی ڕۆشنبیران و دڵسۆزان و هۆگرانی بەرهەم و کارەکانی کۆچکردوو ببێتە مایەی دڵنەوایی و سەبووریتان و لە خەم و خەفەتتان کەم بکاتەوە.

جارێکی دیکە پرسە و سەرەخۆشی خۆمات دووپات دەکەینەوە و داواکارین خودای گەورە سەبووری وئارامی بەهەموو لایەک ببەخشێت وگیانی کۆچکردوویش بەبەهەشتی بەرین شاد بکات.

انا لله وانا الیه راجعون
مەکتەبی سیاسی

***

هەڤاڵی بەڕێز دکتۆر دەخیل سەعید

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی برای بەڕێزتان، خوالێخۆشبوو (ئیسماعیل شێخ سەعید)مان پێگەیشت.

هاوبەشی خامتانین و پرسە و سەرەخۆشیمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و خانەوادە و خزم و کەسوکار و ئاشنایانی خوالێخۆشبوو دەکەین. لەخودای گەورە داواکارین سەبووری و ئارامی بەهەموو لایەک ببەخشێت و گیانی کۆچکردوویش بخاتە بەر ڕەحمەت و دلۆڤانی خۆی.

انا لله وانا الیه راجعون
مەکتەبی سیاسی

***

بۆ خانەوادەی خوالێخۆشبوو هەڤاڵ جەبار سەید وەلی

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی هەڤاڵ جەبا سەید وەلی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەلوولمان پێگەیشت.

بەو بۆنە خەمناکەوە پرسەو سەرەخۆشی ئاراستەی ئێوەی بەڕێزو کەسوکاری و خزم و ئاشنایانی خوالێخۆشبوو دەکەین و خۆمانبەشەریک یەخەمتان دەزانین، لەخوای گەورە داواکارین کۆچکردوو ببەبەهەشت شاد بکات و سەبووری و ئارامیش بەئێوەو خزمان و کەسوکاری ببەخشێت.

انا لله وانا الیه راجعون
مەکتەبی سیاسی

www.xebat.net
چوارشەممە 2019/9/25 ژمارە (5835)
خەبات



بۆ دەبێت شانازی بە ریفراندۆم بکەین؟



هەوارخان سەید مراد بەرزنجی

نەتەوەی کورد وەک هەر نەتەوەیەکی دیکە خاوەن کلتوور و زمان و میژووی تایبەت بە خۆیەتی، تالاّوییەکانی میژووی رابردوومان بە هەزار سالّی تریش لە بیر و هزری هیچ کوردێک ناسڕێتەوە، ئومێد و ئامانجی هەر کوردێکی نیشتیمانپەروەر و شۆڕشگێر بینینی سەربەخۆیی خاک و نیشتیمان و ئالاّکەیەتی، ئەگەرچیش بە تێپەڕبوونی کات ئاستەنگەکان دژاوتر دەبن لەپێناو گەیشتن بەو ئومێد و ئامانجە مەزنە، بۆیە دەکرێ هەمیشە ئەو پرسیارە لەخۆمان بکەین ئایا ئەم هەوڵانەی سەربەخۆبوون تا کوێ دەڕوات و کەی و چۆن دەتوانین بگەین بە ئاواتە دێرینەکەی کورد؟ کەی جیهانی مرۆڤایەتی دەگاتە ئەو ئاستەی دانپیانان بە دەوڵەت و دیموکراسیەتی راستەقینە وەک بەهایەکی سەرەکی سەیر بکات؟

لە میانەی بالاّدەستی دەوڵەتە زلهێزەکانی دونیا وجیهانگیری و بوونی هاوپەیمانیەتی بەهێزدا، هەتادێ و خەون و خوولیای ئەو نەتەوانەی هەوڵی ئازادی و سەربەخۆیی دەدەن بەرتەسکتر دەکرێتەوە، وێڕای هەموو پێشکەوتنە تەکنۆلۆژی و زانستی و مرۆییەکانیش هەروا ئومێد و هیوای گەلانی زوڵملێکراو لەگۆڕ دەنرێت و بەرژەوەندی ئابووری و مامەڵە جیهانییەکانی وزە، دەبنە بەربەرستێک لەپێناو گەیشتن بەو سەربەستییەی نەتەوە ژێردەستەکان هەوڵی بۆ دەدەن، بۆیە لەزۆرترین حاڵەتدا خواستی ئەو گەل و نەتەوانە دەبنە قوربانیی ئەو پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییە جیهانییەی وڵاتە زلهێزەکانی دونیا بە ئاشکرا و ژێربەژێر لەگەڵ وڵاتە داگیرکەرەکاندا هەیانە.

لە سەرەتای سەدەی ڕابردوو و لە ڕێکەوتنامەی(لۆزان)دا کوردستانی گەورە بەسەر چوار وڵات (عێراق- ئێران- تورکیا- سوریا) دابەشکرا، میژوو شاهێدحاڵی خەباتگێڕی و بەردەوامی کورەد بووە بۆ پێکەوە ژیان و گەیشتن بە مافی چارەنووسی خۆی، نموونەی میژوویی لە "کۆماری کوردستان "لە مەهاباد بەرجەستەیە، مۆڵۆتۆڤ یەکێک لە وەزیرەکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو لە لاپەڕەکانی یادداشتەکانیدا دەنووسێت: کۆمارێک بوو لەبەر بەرژەوەندی بالاّی خۆمان و نێودەوڵەتی، نەمانتوانینی پشتگیری بکەین، بەهەموو کەموکوڕییەکەوە کۆمارێک بوو .

دوای کۆماری کوردستان کورد بە سەرکردایەتی بارزانی نەمر بەردەوام بوو لە خەبات و شۆڕشگێڕاندا، تا ئەو کاتەی کە ڕێکەوتننامەی 11ی ئادار ڕاگەیاندرا لە سالّی 1970، میللەتی کورد دووبارە خۆشەویستی خۆی بۆ ئاشتی و بەیەکەوە ژیان دووپاتکردووە، بە هەموو جیهانی گوت دەمانەوێ بە ئاشتی و ئازادی بژین، بەلاّم حکوومەتی عیراق لەبری ئەوەی ڕێکەوتننامەکە وەک خۆی جێبەجێ بکات لە سالّی 1071 هەوڵی تیرۆرکردنی (بارزانی نەمر)ی دا، دوای ڕاپەڕینی سالّی 1991 میللەتی کورد لە باشووری کوردستان دیسان هەلێکی دیکەی بۆ ڕەخسا و توانی بە ڕاپەڕین سەرجەم دەسەلاّتی حکوومەتی عیراق لە کوردستان بەدەربێنێت و دواترش هەلبژاردنێک ئەنجام بدات، کە لەڕاستیدا ئەنجامی هەلبژاردنەکە وەک پرۆسەیەکی دیموکراسی لەو سەردەمەدا، بۆ تەواوی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست بەگشتی و وڵاتانی ناوچەکەو عیراق بەتایبەتی، شتێکی تازەو نوێ بوو، بۆیەش بەرهەمەکەی پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بوو، بە ئاستێک نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتە زلهێزەکانی دونیاش نەیانتوانی ڕێگری لە دڕووستبوونی قەوارەی هەرێمی کوردستان بکەن، کە تا ئێستایش وەک دەستکەوتێکی میژوویی زۆر گرنگ بۆ کورد بەگشتی سەیر دەکرێت.

دوای چارەگە سەدەیەک لە ڕاپەڕین و دڕووستبوونی قەوارەی هەرێمی کوردستان، کورد ڕووبەڕووی دڕندەترین گرووپی تیرۆریستی جیهانی بووبەوەو لەبری هەموو دونیا شەڕی تیرۆیستانی داعشی کرد و توانی لەدەستپێکی هەرەسپێهێنانی دەوڵەتی تیرۆریستی ڕێکخراوی داعش سەرکەوتن تۆمار بکات، لە بەرانبەریشدا حکوومەتی عیراق نەک هەر سوپاسگوزاری کورد نەبوو، بەڵکو بە هەموو شێوەیەک لەدژایەتیکردنی سەرکەوتن و پیشکەوتنی هەرێمی کوردستان درێغی نەکرد، بۆیەش کورد بە ڕێبەرایەتی جەنابی سەرۆک بارزانی بڕیاری ئەوەی دا لە 9/25/ 2017 ڕاپرسییەکی فەرمی ئەنجام بدات بۆ سەربەخۆیی کوردستان، ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی نیشتیمان ئەنجامدرا و ڕێژەی 92.7%ی دەنگەکان بڕیتی بوو لە (بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان) ئەو ڕێژە بەرچاوە بۆ هەموو جیهان بووە وەڵامێکی لۆژیکی و دڕووست کە نەتەوەی کورد خەبات و شۆڕش و هەموو هەوڵێکی بۆ سەربەخۆییە، لە 9/25/ 2017 گەلی کورد لە باشووری کوردستان بە هەموو جیهانی گوت، ئیدی مافی خۆمانە سەربەخۆبین و چیتر ژێردەستەی هیچ نەتەوەو دەوڵەتێک نەبین، بەلاّم چاوی دیموکراسیەت و لافی ئازادی و سەربەستی گەلە ژێر دەستەکان و هەموو ئەو دڕووشمە بریقەدارانەی جیهانی بەرژەوەندی و سەرمایەداریی، ئەو هەوڵە دیموکراسییە ڕاستەقینەی گەلی کوردی نەبینی، یان باشترواید بڵێم نەیویست وەک ئەوەی هەیە سەیری بکات، بۆیەش لەبری پاداشتکردنی خوێنی شەهیدان و ڕێگریکردن لە تیرۆر، ڕێگە بە دەوڵەتی عیراقی درا بەچاوساغی دەستێکی خیانەتکارانەی ناوخۆ، بەشێک لە خاکی کوردستان بدرێتەوە دەست هێزە عیراقییەکان و چەندین سزای سیاسی و ئابووری بەسەر هەرێمی کوردستاندا سەپێندرا، بەلاّم ئیرادەی سەرکردایەتی سیاسی کورد و خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان، توانی سەرکەوتن بەسەر ئەو ئاستەنگانەشدا بکاتە ئامانجێکی دیکەو هەرێمی کوردستان بپارێزێت.

ریفراندۆم هەنگاوێکی دیکەی میژوویی و هەلێکی دیکەبوو بۆ کورد ڕەخسا، ئەنجامی ریفراندۆمەکە ئەگەرچی وەک ئەوەی هەموو کورد دەیخوازیت نەخرایە پرۆسەیەکی پراکتیکی و ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی، بەلاّم کورد دەبوو ئەو هەنگاوە دیموکراسیە بنێت و بۆ هەموو جیهانی بسەلمێنێت کە نەتەوەیەکین و خاک و وڵات و زمان و کلتووری تایبەت بەخۆمان هەیەو زیاتر لە 100 ساڵیش خوێنمان لێ ڕژاوە لەپێناوی سەربەخۆییدا، بۆیە ریفراندۆم بۆتە سەندەیکی نێودەوڵەتی و یاسایی و دیموکراسییانەی سەردەم بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی و ئەوەی لە 9/25/ 2017 زۆرینەی ڕەهای خەڵکی کوردستان دەنگی پێداوە، کورتکردنەوەی ڕێگایەکی دووری گەیشتن بە سەربەخۆیی بوو، بە واتایەکی دیکە ئیدی گەلی کورد پێویستی بەوە نییە بۆ سەربەخۆبوون پرس و ڕاوێژ بە هیچ هێز و لایەن و دەوڵەتێکی دەرەکی بکات و بۆ نێوخۆی وڵاتیش ڕێژە بەرزەکەی (بەڵێ بۆ سەربەخۆیی) سیحری هەموو ئەوانەی بەتاڵ کردەوە کە دەیانویست قەوارەی هەرێمی کوردستان بەرەو نەمان ببەن و ئومێدی لەمێژینەی گەلی کورد زیندەبەچاڵ بکەن، بۆیەش لە ئێستا و لە داهاتووشدا مافی هەموو کوردێکی نیشتیمانپەروەرە کە شانازی بە ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان بکات و ڕۆژی 9/25ی هەموو ساڵێک بە ڕۆژی نیشتیمانی کوردستان هەژمار بکرێت.



خەڵات بارزانی

ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان
کارتی براوەی دەوڵەتی کوردستانە

پرۆسەی ریفراندۆم کە لەبنەڕەتدا بۆ بنیاتنانی پرۆژەیەکی مەزنتری وەک (دەوڵەت) هاتە ئەنجامدان ، پرۆسەیەک بوو دەتوانین بڵێین بەهێزترین کارتی براوەی گەلی کوردستانە لە میژووی سیاسی باشووری کوردستاندا، پرۆسەیەک کە هەمووان بە جیاوازی چین و توێژەکان و ئاین و ئایینزاو زمان و نەتەوە و ئایدیۆلۆژیا جیاوازەکانەوە بە (بەڵێ) بەشداری کارایان تێدا کرد. ریفراندۆم شۆڕشێکی نوێ بوو لەبەرگێکی مەدەنیانەی دور لەزمانی چەک، بەبەراورد لەگەڵ هەموو شۆڕشە چەکدارییەکانی کوردستان، ئەمجارە خەڵکی کوردستان بە بەکارهێنانی فۆرمی «هێزی نەرم» شۆڕشی کرد و تاڕادەیەکی زۆر باشیش کوردستانی بردە قۆناغێکی بەهێزتر، بەجۆرێک هەموو دەوڵەتانی دراوسێ و تەنانەت نەیارانی ناوخۆ، تێگەیشتن کورد بە یەکگرتویی لە بەرامبەر هیچ هێزێکی دوژمنکارانە شکست ناهێنێت.

سەرۆک مەسعود بارزانی، وەک ڕابەرێکی کۆڵنەدەر و بە گیانی پێشمەرگانەی ناو سەنگەرەکانی بەرگری، ڕابەرایەتی ئەم شۆڕشەی لەئەستۆ گرت و لەبەردەم هەموو هێزە یارو نەیارەکاندا فەرمووی: پاشگەزنابینەوە لەو بڕیارەی کە لەپێناوی دیاریکردنی چارەنوسی گەلی کوردستاندا داومانەو ئامادەشین تەحمولی هەموو ئەنجامەکانی بکەین. هەر بۆیە خەڵکی کوردستان لەگەڵ هەر گوڕوتینێکی بارزانی ڕابەردا جۆش و خرۆشیان بۆ سەرخستنی پرۆسەکە تا دەهات زێدەتر دەبوو .

ریفراندۆم لەڕاپەڕاندنی ئەرکێکی سیاسیانەوە بۆ جێبەجێکردنی بۆنەیەکی نەتەوەیی:

خەلکی کوردستان بە ڕابەرایەتی سەرۆک مەسعود بارزانی، پرۆسەی ریفراندۆمیان وەک ئەرکێکی پارتایەتی و ڕێکخستنی حزبایتی جێبەجێنەکرد، زێدەتر وەک بۆنەو جەژنێکی نیشتیمانی و نەتەوەیی و دوپاتکردنەوەی وەفاو قەرەبووکردنەوەی خوێنی پیرۆزی شەهیدان بەدەم پرۆسەکەوە چوون، لەدوای ڕاپەڕینی 1991 یشەوە یەکەمین جارە زۆرینەی ڕەهای خەلکی کوردستان یەک دەنگ بن و یەکدەست بن لەئاستی پرۆژەو پرۆسەیەکی دیاریکراوی نەتەوەییدا.

ئەم شۆڕشە سەرکەوت، ئێستاش ئێمەی خەڵکی کوردستان بە ڕابەرایەتی سەرۆک مەسعود بارزانی بەرەو ئاسۆیەکی پرشنگدار هەنگاو دەنێین، ئاستەنگەکان قورستر و وەرە و باوەڕی خەلکی کوردستان بەهێزتر دەبێت.

پوختەی قسە ئەوەیە کە گەیشتن بە ترۆپکی سەربەخۆیی قوربانیدان و ڕووبەڕووبونەوەی دەوێت، ئەوانەی پێیانوایە بە ترس و سەرداخستن و بێدەنگبون لەمافی میللەت سەربەخۆبیان بۆ دەخرێتە سەر سینی ڕازاوە، هەر ئەوانەن لە بەرامبەر یەک هەڕەشەی دوژمنانی گەلی کوردستان ئامادەن چارەنوسی نەتەوەیەک بخەنە ناو مەیدانی سەوداو مامەڵەی کڕین و فرۆشتنەوە، بارزانی ڕابەریش بە پێداگیری و تەحەمولکردنی دەرئەنجامەکان توانی بە سەرخستنی پرۆسەی ریفراندۆم شکۆی کورد و کوردستانیانی پاراست و لە ترۆپکی بەهێزیدا هێشتیەوە، بۆیە خەڵکی کوردستان بەوپەڕی متمانەوە کەرنەڤاڵی سەربەخۆییان گێڕا لە ڕۆژی دەنگدان بۆ سەربەخۆیی، هەربۆیەشە ئەوەی دڵنیایکی خوێنی کوردبوون و کوردایەتی و خۆشویستنی نیشتیمان و نەتەوەکەی لەگیاندا مابێ پەشیمان نیە لەو دەنگی «بەڵێ»یەی کە بۆ سەرخستنی ریفراندۆم بەشداری دیاریکردنی چارەنوسی خۆی و نەتەوەو نیشتیمانەکەی کرددوە.

سەربەخۆیی.. ئومێدی ئافرەتانی کورد

ڕاپۆرت/ ژیلا کەریم

بوێری و پاشگەزنەبوونەوەی سەرۆک بارزانی و ئیرادەی بەهێزی گەلی کورد لە 25ی ئەیلولی 2017خولقێنەری میژوویەک بوون کە دڵی هەر کوردێکی نەتەوەپەرستی خۆش و ئومێدوار کرد و لەرزەی خستە ئەو دوژمنانەی کە ناتوانن حاشا لەوە بکەن کە ئەم ریفراندۆمە نامێکی چێنراوە کە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ گەشە دەکات و سەرەڕای هەموو بەربەستێک ڕۆژێک دێتە بەرهەم و گەلی کورد بە شانازییەوە بەرهەمەکەی دەچنێتەوە. ئافرەتانی کورد لە سالّیادی ئەو ڕۆژە پیرۆزە هەست و نەستیان بۆ خەبات دەخەنەڕوو:



مامۆستا خونار حەسەن سالح پەروەردەکارێکی بە ئەزموون و شارەزا لە بواری پەروەردە و خوێندنی نوێ و خاوەن بڵگەنامەی پەروەردە لە وڵاتی سوید دەڵێت: پرۆسەی گشتپرسی بۆ سەربەخۆی کوردستان لە ناو ڕەحمی تەمەنیکی 100 ساڵی پر لە جینۆسایدو و کیمیاباران و ئەنفال و کوشتن و لەناوبردن و هەموو جۆرە دەردەسەری و ویرانکردن و نەهامەتییەک دروست بووە. ئەوەش لە بنچینە و بنەڕەتدا هەڵقوڵاوی هزری بارزانی نەمرە لە عەقڵیەت و تێفکرینە حەکیمانەکەی ئەوەوە ڕێچکەی گرتووە و بووە بە دەستوور و بنەمایەک. سەرۆک مەسعود بارزانی بەردەوامە لە سەر خەباتی نەپچڕاوی بارزانی نەمر بەرەو سەربەخۆیی کوردستان کە ڕێفراندۆم یەکەم دەسپێکی بوو بۆ وەرگرتنی ڕای میللەتەکەی بە سەرکەوتوویی و بەردەوامیش دەبێت هەتا بوونی کورد بە دەوڵەت. هەرچەندە دوژمنە درندە دێرینەکانی کورد ڕێگربوون لە لەدایکبوونی، بەلاّم بە خۆشحاڵییەوە زۆر بە سەرکەوتووانە لە دایک بوو و بوو بە بناغەی سەربەخۆیی کوردستان. خائینان و ناحەزان لەوە بێئاگا بوون کە هەموومان پێکەوە لە ناو کەشتییەکداین ئایا کەشتییەکەمان بە ئەمانەت و ئاسوودەیی دەگاتە کەنارێ دەریا یان قەراسینە دێوەکانی دەوروبەری قەراغ و سنووری دەریا کەشتییەکەمان نقۆمی ژێر دەریا دەکەن یان یەکگرتوویان بەرگری لە بوونمان دەکات؟ هەزار جار یادت بەخێر ڕێفراندۆمە پیرۆزەکەی کورد، بریارم دابوو ئەگەر لە 9/25/ 2017 پێنووسم دەست نەکەوت بۆ ئەوەی بنووسم بەلێ بۆ ڕێفراندۆم ...بەلێ بۆ سەربەخۆی کوردستان، ئەوە بە خوینی ئاڵی دەمارەکانم دەنووسم بەلێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان، بەڵێ بۆ بەدیهێنانی ئەو خەونە دێرینەی بە درێژایی تەمەنم خەونی پێوە دەبینم و بەردەوام بە حەسرەتەوە بە نوکی خامەکەم ئاە و نالەم بۆ دەبڕیوە. من هەرگیز لە مردن ناترسم بەلاّم تەنها لەوە دەترسم بمرم سەربەخۆی کوردستان نەبینم، بۆیە پڕ بە دڵ نزا دەکەم بمێنم هەتا دەنگ بدەم بۆ بەدیهێنانی ئەو خەونە دێرینەم و سەربەخۆیی. ئەو کاتە دەنگ دەدەم و دوو فرمێسک دەڕێژم یەکەمیان لە خۆشیان دووەمیان فرمێسک بۆ ئەوانەی بە حەسرەتی ئەم خەونە دێرینە سەریان نایەوە.

نازەنین عەزیز یاساناس و چالاکوان و بەرپرسی ئەنجومەنی ستراتیژی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لەو بارەوە دەڵێت: ڕێفراندۆم ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتیمانی بو لە سەر هەر تاکێکی ئەم هەرێمە بەهەموو پێکهاتە و را جیاوازیکانەوە، و مافێکی دیموکراسی و سروشتی و یاسایی خەڵک بوو بۆ بڕیاردان لەسەر داهاتوی خۆیان و نەهێشتنی زوڵم و ستەم و بە دەست هێنانی خواست و داواکاریان، و یەکەمین گۆڕانکاری بوو لەناوچەکەدا لە بواری فیکری و سیاسی کە گەڕانەوە بوو بۆ ڕای خەلکی کە یەکەمین جارە لە ناوچەکەدا شێوازێکی لەو جۆرە بۆ دیاریکردنی چارەنوسی خەڵک ئەنجام ئەدرێ ، هەروەها دەست پێکەک بوو بۆ کۆتایی هێنانی پەیماننامەی سایکس بیکۆ (ئاسیای بچوک 1961) کە کوردستانە ئازیزەکەم. بەڵێ بۆ بەدیهێنانی ئەو خەونە دێرینەی بە دڕێژایی تەمەنم خەونی پێوە دەبینم و بەردەوام بە حەسرەتەوە بە نوکی خامەکەم ئاە و نالەم بۆ دەبڕیوە. من هەرگیز لە مردن ناترسم بەلاّم تەنها لەوە دەترسم بمرم سەربەخۆی کوردستان نەبینم، بۆیە پڕ بە دڵ نزا دەکەم بمێنم هەتا دەنگ بدەم بۆ بەدیهێنانی ئەو خەونە دێرینەم و سەربەخۆیی. ئەو کاتە دەنگ دەدەم و دوو فرمێسک دەڕێژم یەکەمیان لە خۆشیان دووەمیان فرمێسک بۆ ئەوانەی بە حەسرەتی ئەم خەونە دێرینە سەریان نایەوە.

نازەنین عەزیز یاساناس و چالاکوان و بەرپرسی ئەنجومەنی ستراتیژی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لەو بارەوە دەڵێت: ڕێفراندۆم ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتیمانی بو لە سەر هەر تاکێکی ئەم هەرێمە بەهەموو پێکهاتە و را جیاوازیکانەوە، و مافێکی دیموکراسی و سروشتی و یاسایی خەڵک بوو بۆ بڕیاردان لەسەر داهاتوی خۆیان و نەهێشتنی زوڵم و ستەم و بە دەست هێنانی خواست و داواکاریان، و یەکەمین گۆڕانکاری بوو لەناوچەکەدا لە بواری فیکری و سیاسی کە گەڕانەوە بوو بۆ ڕای خەلکی کە یەکەمین جارە لە ناوچەکەدا شێوازێکی لەو جۆرە بۆ دیاریکردنی چارەنوسی خەڵک ئەنجام ئەدرێ ، هەروەها دەست پێکەک بوو بۆ کۆتایی هێنانی پەیماننامەی سایکس بیکۆ (ئاسیای بچوک 1961) کە ئەو ڕۆژەی بە سەربەخۆیی دەگات لە سایەی ئەو ڕێفراندۆمەیە کە بە هەوڵی سەرۆک بارزانی سەرەڕای ئەو هەموو دژایەتییەی کە لە ناوخۆ و ئیقلیمی و دەرەوە ئەنجام درا، بەلاّم گەلی کورد پشت قایم بە سەرۆکێکی هێژا و دڵگەرم بە هەستی هەڵقوڵاوی ناخیان ئەو ڕاپرسییەیان گەیاندە ئەنجام. بێشک دوژمنامان نەک بەو سەرکەوتنە ناڕازین، بەڵکو بەو پێیەی بایەخی ئەو ڕاپرسییە دەزانن ئەم هەنگاوە بوێرانەیە بێ نەبڕانەوەیە و هیچ دەسەلاّتێک ناتوانێت دەنگی 93%ی خەڵک لەبەرچاو نەگرێت. ئەوەی گەلی کورد سالاّنێکە بە چەک و خوێن و شەهید و فرمێسکی هەتیوان هەوڵی بۆ دەدات، بە دیراسەت و وردبینییەکی حەکیمانەی سەرۆک بارزانی کرایە بڕیارێکی جیهانی و مۆر و متمانەی نێودەوڵەتی بەدەست هێنا.



خونار حەسەن سالح



نازەنین عەزیز



لەیلا قادری


گوزارشتیان کرد لە را و بۆچوونی خۆیان بۆ چۆنیەتی ژیانی خۆیان و نەوەکەنیان لە ئایندادا. دڵنیام لە سایەی ئەو هەنگاوە پیرۆزەی سەرۆک بارزانی داهاتووی کورد مسۆگەرە.

لەیلا قادری ڕاگەیاندکار بە حیماسەتێکی بێ وێنە هەستەکانی بەمشێوەیە دەخاتەڕوو: 25ی ئەیلول لە میژووی کوردستاندا بۆتە یەکێک لە ڕۆژە مەزنەکانی گەلی کورد و جێی شانازی هەر نەتەوە پەرەستێک کە دەزانێت کورد پیرۆزبایی لەخەڵکی کوردستان دەکەم و هیوادارم ئەو بڕیارە مەزنە هەرچی زووترە بگاتە ئەنجام. سەربەخۆیی ئامانجێکە کە ئێمە پێمان نایە سەر ڕێگەکەی و بە هیوام هەرچی زووە بگەیەنە ئەنجام.

مامۆستا نەزیهە موحەمەد شانازی بەو ڕۆژە دەکات و دەڵێ: ڕاستە ئێمە گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتین، ڕاستە کە زۆر غەدرمان لێدەکرێت و بە داخەوە ئەو دەوڵەتەی لە پشتمانە دژی ئەو زۆڵمانە ناوەستێت بۆ نموونە سەرەڕای ئەو بڕیارمانانەی دەوڵەتانی دراوسێی و زیان بەرکەوتنی گیانی و مادی، لە حاڵێکدا حکومەتی عێراق دەتوانێت وەک دەوڵەت سکاڵا نێودەوڵەتی بکات و پێشی بگرێت بەلاّم نایکات و ... دەیان زوڵم و زۆرداریتر کە ئەگەر ئێمە دەوڵەتێکی زۆر بەهێزیش نەبونایە دەمانتوانی ڕووبەڕوویان بینەوە. لە 25ی ئەیلولی دوو ساڵ لەمەبەر هیوایەکی دەوڵەت بوون لە ناخماندا سەریهەڵدا کە ئەویش لە سایەی ڕێفراندۆمە مەزنەکەی سەربەخۆیی کوردستان بوو، هەڵبەت ئەو بڕیارەش لە سایەی سیاسەتی حەکیمانەی سەرۆک بارزانی بوو لە حاڵێکدا لە ناوخۆ و دەرەوە زۆر دژایەتی کرا، بەلاّم هیچ شتێک ناتوانێت لە بەرامبەر ئیرادەی گەل بوەستێت و جەنابی سەرۆک بە پشت گەرمی بە نەتەوەی خۆی بۆیرانە پێداگری کرد لە ئەنجامدانی و هەندێ ناحەز ئێستاکەش لە شۆکی ئەو ریفراندۆمە دەرنەهاتوون.



رۆژێکی پڕشنگدار، پڕۆسەیەکی تایبەتمەند



دکتۆرە مەیادە نەجار*

ئەمڕۆ میللەتی کورد یادی رۆژێکی پڕشنگدار لە میژووی گەلەکەمان دەکاتەوە، رۆژێک لەسەر دەستی مەرجەعی نەتەوەییمان ریزدار سەرۆکی هێژا (سەرۆک مەسعود بارزانی) سەرلەنوێ لایەڕەیەکی پڕ لە نوێگەری لە خەباتی مەدەنی نوسرایەوە، ئەمڕۆ رووەکەینە ئەو ساتە میژوویییەکەی کە هەمیشە وەک ساتێکی شکۆدار لە میژووی بزاڤی ڕزگاریخوازیی گەلەکەماندا دەمێنێتەوە، نەوە لە دوای نەوە پشتاوپشت لە زەین و بیری هەموو مرۆڤێکی کوردا بۆ هەتاهەتایی دەمێنێت.

سەرەتا کاتێک باس لەگرنگی ئەم پرۆسەیە دەکرێت پێویستە ئەوە بزانین کە ڕیفراندۆم لە ڕووی لۆژیکییەوە یەکێکە لە میکانیزمە یاسایی و سیاسییەکان و بریتییە لە هەنگاوێکی سیاسی و یاسایی و دیموکراتی بۆ بەدەستهێنانی مەبەست و داواکارییەکی جەماوەر، چونکە لەم پرۆسەیەدا ڕای گشتی و بۆچوونی تەواوی خەڵک بەلایەنی بەرامبەر دەگەیەنێت. هەندێک لە شرۆڤەکاران ریفراندۆم بە دیموکراتی ڕاستەوخۆ دەناسێنن، زۆر کاتیش بەڕاپرسی گشتی یان گشتپرسی ناسراوە، لەسەر ئاستی جیهانیش بەچەندین شیوازی جیاواز بەرێوەدەچێت، بەگشتی جۆرەکانی بریتین:

- ریفراندۆمی دەستووری لە ڕاپرسی و ریفراندۆم لەسەر دەستووری ولاّت دەکرێ، جا دەستوورەکە وەک یەکەمجار کە جێگیر دەکرێ یاخود بەشێک لەدەستووری ولاّت هەموار دەکرێتەوە. نموونەی لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ بڕیاردان لەسەر یەکەم دەستووری ولاّتەکەیان لە تەموزی 1776 ئەنجامدراوە، لەعێراقیش لەساڵی 2005 ڕاپرسی بۆ دەستوور کراوە.

هەروەها جۆرێکیتریان - ریفراندۆمی یاسایی کە ڕاپرسییە لەسەر چەند مادەیەکی قانوونی کە ئەنجومەنی یاسادانان دەری کردووە دەکرێ، جا بەهەموارکردنەوە بێت یاخود تازە دەرکراو بێت.

- ریفراندۆمی سیاسی ئەو ریفراندۆمەیە کە لەسەر بابەتێکی سیاسی دەکرێ، بۆ دەستنیشانکردنی شێوازی فەرمانڕەواییی سیاسی وەک هەڵبژاردنی سیستەمی سیاسیی ولاّت لەنێوان کۆماری و پاشایەتی، وەک ئەوەی لە دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی فەرەنسی ساڵی 1789 ریفراندۆم بۆ هەڵبژاردنی سیستەمی حوکمرانی ئەنجام درا.

- ریفراندۆمی کەسی: ئەم جۆرە لەریفراندۆم و ڕاپرسی لەسەر کاراکتەر و کەسایەتییەکی دیار دەکرێ، ئایا خەڵک ڕەزامەند دەبێت لەسەریان، یان نا بۆ بەردەوامبوون لە سەرۆکایەتی یان پێگەیەکی دیار.

- ریفراندۆمی بەئەندامبوون لە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی یاخود هەرێمێیی یاخود پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی: ئەمەش ئەنجام دەدرێت بۆ بەشداریکردن لە پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی کە دەسەڵاتی ئەم ولاّتە ئەنجامی داوە بۆ وەرگرتنی ڕای میللەت تاکو بزانرێ میللەت ڕەزامەند دەبێت لەسەری یان ڕەتی دەکاتەوە، وەک ئەوەی لە بەریتانیا بۆ دەرچوون لەیەکێتی ئەورووپا ئەنجامدرا.

هەروەها میژووی بەکارهێنانی زاراوەی ڕیفراندۆم لەسەر ئاستی یاسای نێودەوڵەتی، بۆ دەرچوونی بڕیاری ژمارە 1514 لە ڕێککەوتی 14ی کانوونی یەکەمی ساڵی 1960ی کۆمەڵەی گشتیی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان دەگەڕێتەوە، چونکە لەو ساڵەدا بەفەرمی چەمکی ریفراندۆم بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووس بۆ نەتەوەکان بەکارهێنرا.

ریفراندۆم بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی

ئەگەر چاوێک بەئەنجامدانی ریفراندۆم لەسەر ئاستی جیهاندا بکەین زۆرترین ڕێژەی ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ وەرگرتنی ڕای میللەتان بووە لەسەر وەرگرتنی سەربەخۆیی، یەکەم ریفراندۆمیش بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی لەمیژوودا لە ساڵی 1846 لە "لیبریا" ئەنجامدراوە، لەساڵی 1935 بۆ یەکلاییکردنەوەی ناوچەی ساری نێوان فەرەنسا و ئەڵمانیا بەکارهات، ئەنجام خەڵکەکە دەنگیاندا و خۆیان بەلای ئەڵمانیا ساغکردەوە، هەروەها لە ساڵی 1962 ریفراندۆم لە جەزائیر ئەنجامدرا و سەربەخۆیی خۆی وەرگرت، لە ساڵی 1992 وڵاتانی وەک مەکدۆنیا و سلۆڤینیا و کرۆواتیا و پاشان مۆنتینیگرۆ و چەندان وڵاتی تری ئەورووپی ئەنجامدرا. هەروەها لە ساڵی 1993 ئەریتریا و لە تەیموری خۆرهەڵات ساڵی 1999و لە باشووری سودان لە ساڵی 2011 هەموویان دەنگیان بەسەربەخۆیی دا و نەتەوە یەکگرتووەکانیش ڕێزیان لەو ڕایەی گەلانی ئەم وڵاتانە گرت و مافی ئەندامێتییان بەو وڵاتانە دا، واتا بەشی هەرە زۆری ریفراندۆمەکان لەجیهاندا بۆ وەرگرتنی ڕای میللەتان بووە بۆ سەربەخۆیی.

مافی کورد

ئەوەی گرنگە ئەگەر ئێمە سەرنجێک لەئەنجامدانی ریفراندۆمی شکۆداری نەتەوەکەمان لە ئەیلولی 2017 بدەین، دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە ئەنجامدانی ریفراندۆم یەکێک بووە لە مافە بنەڕەتییە دەستووری و یاساییەکان، چونکە بەپشت بەستن بە بڕگەی چوارەمی ماددەی 121ی دەستووری هەمیشەیی عێراق، کە دەڵێ (هەرێمی کوردستان خاوەن کەسێتی یاسایی و دەستوورییە)، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و جیهانیش قەوارەیەکی نیمچە دیفاکتۆی هەیە، لەلایەکی تر ئەوە هیچ ماددەیەک لە دەستووری عێراقی نییە ڕێگری لە دروست بوونی دەوڵەتی کوردستانی بکات. لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی مافی چارەی خۆنووسین و مافی بەدەوڵەت بوون بۆ هەموو میللەتان هەیە، لەم چوارچێوە یاسایی و دەستوورییەدا کوردستان مافی خۆی بوو کە ریفراندۆمی ئەنجامدا، ئەگەر زیاتریش بچینە ناو بابەتەکەوە و سوود لەماده یاساییەکان وەربگرین دەبینین لە پێشەکی دەستووری 2005و ماددەکانی (1و 117 بڕگەی یەکەم و 131و 120) لە هەمان دەستوردا، ئاماژە بەیاسای مەشروعییەتی ریفراندۆم لەهەرێمی کوردستان کراوە لەسەر ئەو بنەمایەی کەچۆن گەلی کورد مافی هەڵبژاردنی نوێنەرانی خۆی هەیە، لە هەمانکاتدا مافی ئەوەی هەیە بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات لە مەسەلەیەکی گرنگی زیندووی پەیوەست بە ئاسایشی نەتەوەیی وەک ریفراندۆمدا.

ئەوەی گرنگە کە شایەنی ئاماژەپێکردنە ئەنجامی ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان بەزۆرینەی دەنگ، میللەت دەنگی بە(بەڵێ) دا و پشتگیری هەڵوێستە میژوویییەکەی مەرجەعی نەتەوەییمان (سەرۆک مەسعود بارزانی) کرد، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تەواوی میللەتی کورد سەربەخۆیی دەوێت، لێرەدا ئەنجامی ریفراندۆم وەک کارتێکی بەهێز و بروانامەیەکی یاسایی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و حکوومەتی هەرێم دەتوانێت هەموو کاتێک بەرامبەر بەحکوومەتی عێراقی بەکاربهێنێت ، بەتایبەتی دەتوانرێت کارتی ئەنجامەکانی ریفراندۆم لە زۆربەی شانەکاندا وەک بەهێزترین و کاریگەرترین کارەکتەری سیاسی بەرامبەر بەحکوومەتی عێراق بۆ چەسپاندنی مافەکانی گەلی کورد بەکاربێنێت، بەتایبەتی دەکرێت کارتی ئەنجامەکانی ریفراندۆم لەکاتی وتوێژەکاندا وەکو بەڵێننامەیەکی دیپلۆماسی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و دەوڵەتە زلهێزەکان و نەتەوە یەکگرتووەکان بەکاربێنێت.

لەکۆتاییدا ریفراندۆم ئەو ڕۆژە پڕشنگدارە بوو کە میللەتی کورد بەجیهانی گوت سەربەخۆیمان دەوێت، سەرجەم تاکەکانی کومەڵگە بەگشت دەنگ و ڕەنگە جیاوازەکانەوە بشتگیری هەڵوێستە مەزنەکەی مەرجەعی نەتەوەییمان (سەرۆک مەسعود بارزانی) کرد و هەتاهەتایە وەک ڕۆژێکی مەزن لە لاپەڕەکانی میژووی گەلی کوردستاندا دەمێنێتەوە.

** ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران.*

موسەدیق و شەعبان بێ مێشک



کاروان کەریخان گوندەڕۆی

گوێم دەدایە شیعری "ئەو بەهارە شوومە"ی ئیحسان تەبەری بە دەنگی خۆی کە بە زمانی فارسی بۆ یادی دکتۆر موسەدیق گوتوویەتی. ئەو شیعرەم لە دۆخی ئێستای کوردستان نزیک کردەوە و لە ناو دەقی ئەم شیعرە سەرۆکی پێشەوای ڕێفراندۆمم لە زەیندا وێنا کرد.ئەم شیعرە کۆمەڵگای ئێرانی ئەوکاتی هێنایە بەر چاوم و بژاردەکانی ئێستای کوردستانیشم هاتنە پێش چاو.

ئیحسان تەبەری بە یەکێک لە سەرکردە هەرە تیۆریسیینەبەهێزەکانی حزبی تودەی ئێران و کۆمۆنیستەکانی ناوچەکە دادەنرێت. جگە لەوەی پیاوێکی سیاسی بووە خاوەن قەڵەمێکی زۆر بەتینە و لە بواری ئەدەبیاتیشدا چەندین هۆنراوەی سیاسی قوڵی هەن. شایانی گوتنە کە تەبەری لە کتێبی (لاره ڕێ)دا لە شوێنێک باسی ڕێبەر مستەفا بارزانی دەکات و دەڵێ مستەفا بارزانی لە ئەکادیمیای زانستەکانی سیاسی و سەربازیی سۆڤییەت دەیخوێند. ئەو وەک هەر مرۆڤێکی بەئاگا و ڕەسەن بە ڕێزەوە یادی موسەدیق و حکوومەتەکەی دەکات. لەوە بگوزەرێین کە موسەدیق و حزبی میللی لە پەرلەمانی ئەوکاتی ئێران ڕۆڵیان چۆن بووە لە هەمبەر کۆماری کوردستان لە مهاباد؛ باسی سەرەکی ئەوەیە کە موسەدیق بۆ ولاّتی خۆی و بۆ ئێرانییەکان چی کرد و چۆن بوو. موسەدیق بە نیشتمانیکردن و خۆمالّی کردنی نەوت بە شێوەیەکی یاسایی میژوویەکی مەزنی بۆ خۆی تۆمار کرد. موسەدیق جگە لەم کارە توانی حکوومەتێکی شایستە دروست بکات و زۆربەی وەزیرەکانی دەوڵەتی خۆی لە کەسانی زۆر خوێندەوار و شایستە و لێهاتوو هەڵبژارد. دەتوانین بڵێین وەزیرەکانی ئەوکاتی دەوڵەتی موسەدیق لە زۆرێک لە وەزیرەکانی ئێرانی ئێستا و ولاّتانی ناوچەکە لێوەشاوەتر بوون. ئەوکاتەی کە دوژمنانی موسەدیق تووشی لەرز هاتن لەوەی کە موسەدیق ولاّتێکی بەهێز و پێشکەوتوو بونیاد بنێ، بڕیاریاندا حکوومەتی ئەو بڕوخێنن. بە داخەوە کۆمەڵگای سونەتی ئەوکات نرخی حکوومەتی باشیان نەدەزانی و موسەدیقیان نەدەناسی. ئەو خەڵکە ئاسایییەی سەرشەقام بە سازێکی ژەنگاویش دەڕژانە سەر جادە و لە دژی موسەدیق وەختێ کەوتن و کابینەی ئەویان تێکدا و زۆر کەسی لێهاتوویان لە سێدارەدا. بەڵام کۆمەڵگای ئێستای ئەوان شەرم لەو کارەی ڕابردوو دەکاتەوە کە لە دژی موسەدیق کردیان. سەرکردەی ئەم خەڵکە سادەبینەی کە دژی موسەدیق ڕژانە سەر شەقام شەڵاتییەکی بەکرێگیراو بوو بە ناوی شەعبان جەعفەری کە بە شەعبان بێ مێشک (شعبان بی مخ) ناسرا بوو. شەعبان بێ مێشک ئەگەرچی مل ئەستورێکی سەر جادە بوو، تەنها حوسنێکی هەبوو کە بە عەیار ناسرا بوو و هەندێک هەواداری چەقۆکێشی هەبوون. کورتەی داستانەکە ئەوە بوو و دواجار بە پشتیوانی ولاّتانی زلهێز، شەعبان بێ مێشک لە کۆدەتای 19/ 8/ 1953 بە سەر دکتۆر موسەدیق بۆ سەرکەوت. بەڵێ موسەدیق بۆ خەڵکی ئەوکات نەژیا، بەڵکوو ئەو کاری بۆ نەتەوەیەک دەکرد و بۆ ولاّت خۆی تەرخان کردبوو. خەڵکی ئەوکات بە دوای شەعبان بێ مێشک کەوتن و موسەدیق و حکوومەتەکەیان ڕووخاند، بەڵام دوای چەندین دەیە و دوای بە ئاگا هاتنی نەسڵی نوێ نەوەی ئەو باوکانەی کە لە دژی موسەدیق ڕژانە کووچە و کۆڵان شەرمیان لە ڕەفتاری باوکەکانیان کردەوە و هەرنەوەکانی ئەو خەڵکە ئێستا بە گەورەیی باسی موسەدیق دەکەن. بیری موسەدیق لە خەڵکی ئاسایی سەردەمی خۆی گەورەتر و دوربینتر بوو، بە جۆرێک کە ئێستا و لە داهاتوودا موسەدیق قارەمانی نەتەوەیەکە و لە زەینی مرۆڤی تێگەیشتوودا جێی ڕێزە و شەعبان بێ مێشکیش جێی دیارە. کەسێکی وەک ئیحسان تەبەری شیعر بۆ موسەدیق دەنووسێ و بۆ ئەوان وەک تابلۆیەکی زیندوو دەمێنێتەوە.

لەو چاوگەیەدا، کورد لە کە زیاتر لە سەدان شەعبانن و تەنانەت لە عەیاریش نازانن، خاپان و نەیانهێشت زووتر بگەینە سەرکەوتن. سەیر نیە کە بەشێکی خەڵکی ئێستا نرخی گەنج نازانن و گەنجینە لە دەست دەدەن. بەڵام دڵنیام کە نەوەی خوێندەواری داهاتوو کە ڕۆڵەی ئەم سوکەڵە فامانەی ئێستان سەر بۆ پێشەوای ڕێفراندۆم دەچەمێنن و گلەیی لە ناتێگەیشتوویی باوکەکانیان دەکەن. ئەوکاتەی کە کوردستان بە شەڕەفمەندییەوە سەربەخۆ دەبێ و سەری نەتەوەیەک بەرز دەبێتەوە، خەڵک نرخی فرمێسکی سەرۆکی ڕیفراندۆم دەزانن. ئەوکاتەی کوردستان گەیشتە سەرکەوتن و خەونەکەی بوو بە ڕاستییەکی ئاشکرا، ئەوکات دەزانین کە کورسی بۆ سەرۆک بێ نرخ و مایە بووە و کورسی سەرۆکایەتیی هەرێم تەنها بۆ سەربەخۆیی و سەربەرزی نەتەوەیەکی ژێردەست بەکار هاتووە. ئەوکاتەی ئالای بن ڕەش و مەحوسی عێراق لە ئاسمانی ئازادی کوردستان ڕاقەنی، ئەوکات نرخی ئەو سەرۆکە دەزانین کە نایدەهێشت پەڕۆی پیسی عێراق لە کوردستان هەڵبدرێت. ئەوکاتەی کەرکووک بووە پایتەختی کۆماری باشووری کوردستان، نەوەی وشیاری داهاتووی کەرکووک نرخی ڕێفراندۆم دەزانن. نەک هەر نەوەی کورد بەڵکوو نەوەی ئازادهزری دیارە. کورتەکەی ئەوەیە بۆ نەوەی بەئاگا و خوێندەواری داهاتوو کێ دەبێتە قارەمانی نەتەوە و جێی ڕێز؟ موسەدیق یان شەعبان بێ مێشک؟ سەداقەتی پێشەوای ڕێفراندۆم یان شەعبان بێ مێشکەکانی کورد؟

ئیحسان تەبەری بە شیعرێک کە بۆ موسەدیق نووسیویەتی، منیش بە شکاوی وەرمگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، وەلامی ئەم پرسیارانە دەداتەوە...

لەو بەهارە شومەی کە ژاڵەکەی خوێن بوو سونبول نەما و جیلوەی باغ و چیمەن چوو کەسک و سووری ئەڤین ڕژچوو و مرا ئاسۆ بێ لە هەوری سوورخەڵات چی پێنەما لە مەعبەدی تەزویر هیوا دەکوژن جەلادی ڕژۆگار دەماری لێ دەبڕن ئەو هەموو گوڵە ڕەنگینە و دەشتی گوڵزار بە تاڵان چوون و بۆتە ماڵ دووپشک و مار هەر کە دەرکەوانی قەڵا دە دیوار کەوت گەمیەی ڕێگران گەوهەر و گەنجی بەرکەوت لە دەردی ڕۆژگار دەقرچێ شەمعی من لەو شەوستانە ڕەنجی دەچێ خۆری من حەق لە بەر ترس، لەرزی ناکەوێتە دڵ هەرچەند دەمێک دونیا لێی نابێ سڵ پەندێکی بۆ من هۆنی ئەو پەندە نەغزە پیتۆڵێکی مەند کە میژوو ناوی ئەوە



لە دووەم ساڵیادی دا..
ریفراندۆم ئەو بڕیارە بوو کە پەردەی لەسەر راستییەکان لادا



کاروان محەمەد سینۆ

شاد و سەربەرزین کە ئەمڕۆ دووەم ساڵیادی ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان دەکەین. ئەو راپرسییەی کە بەڕابەرایەتی سەرۆک بارزانی هەموو خەڵکی کوردستان (بە کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم)یشەوە، هەموومان بەیەک دەنگ و بەرێژەی 93% دەنگمان دا بە (بەڵێ بۆ سەربەخۆی کوردستان).

لەیادمانە..پێش ئەنجامدانی پرۆسەی ریفراندۆمی سەربەخۆی کوردستان، چەندین کەسایەتی و حزب و لایەنی سیاسی و ووڵاتانی ئەقلیمی و جیهان، بیروڕا و بۆچوونی ئەرێنی و پشتگیر و پاڵپشتییان هەبوو بەرامبەر ئەم پرۆسەیە. کەچی پاش ئەنجامدانی ریفراندۆم، لێدوان و هەڵوێستی هەندێک لە و کەسایەتی و حزب و لایەنی سیاسی و ووڵاتانی ئەقلیمی و جیهان بەرامبەر سەربەخۆی کوردستان بە نەرێنی گۆڕا؟!. لێرەد دەکرێ!! گەلەیی لە ووڵاتانی بیانی نەکرێ، ئاخۆ ئەوان هاوڕابوون یاخود هاوڕانەبوونە لەگەل ریفراندۆم، چونکە ئەوان بەهەرشێوەیەک بێت ووڵاتی بێگانەن و ناتوانن و (بۆیان نییە) پشتگیری جودابوونەوە یان جودانەبوونەوەی ووڵاتێک بکەن لە ووڵاتێکی دیکە. بەڵام گەلەیی و شەرمەزاری بۆ ئەو کەس و لایەن و حزبانەی کوردستانە کە لەمپەر و ئاستەنگ و خیانەتیان کرد لە پرۆسەی گشتپرسی سەربەخۆیی کوردستان و ریشی خۆیان دایە دەست داگیرکەران.

ئەگەر بگەڕێینەوەی سەر رووداوەکانی پێش 25ی9ی 2017 دەبینین کە ئەنجامدانی ریفراندۆم، لە ئەگەری پێشێکردنی دەستوری عێراقی فیدرال بوو لە لایەن حکوومەتی ئەوکاتی بەغدا، ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە ئەنجامی نەهێشتینی تەوافقی سیاسی و تێکدانی تەوازن و بڕینی بوجەی کوردستان و کەنارخستنی کوردبوو لە پرۆسەی حوکمڕانی عێراقی نوێ، ئەمەش بێگومان ئەجندایەکی ئەقلیمی لە پشتبوو کە نیازی لەناوبردنی کیانی هەرێمی کوردستان بوو لە عێراقدا. بۆیە ئەنجامدانی ریفراندۆم پەردەی لەسەر چەند راستییەک لادا کە چەندین ساڵە گەلی کورد و هەموو خەڵکی کوردستان پێی چەواشەکرابوو، پەردە لەسەر ڕووی ڕەشی هێزە ناوخۆ و ئەقلیمی و جیهانی لادرا کە بۆ بەرژەوەندی خۆیان دەستیان لە پشتی کورد دەدا.

پاش ریفراندۆم... وێڕای سەرکەوتنی پرۆسە و ئەنجامی ریفراندۆم، لەگەڵ ئەوەشدا ڕووی ڕەشی هەندێک کەس و لایەن و گروپ بەدەرکەوت کە لەمێژبنەوە لافی ئازادی و سەربەخۆی و مافی چارەنووسی گەلی کوردیان لێدەدەن و میللەتی کوردیان پێ چەواشە دەکرد. کەچی بینیمان کە هەر ئەوان بوون داگیرکەران.

پاش سەرکەوتنی ریفراندۆم لە 16ی ئۆکتۆبەری 2017 خەنجەری ژەهراویی خیانەتیان لە پرۆسەی ریفراندۆمی سەربەخۆی کوردستان سڕەواند و سینگی خۆیان کردە قەڵغان بۆ داگیرکەرانی کوردستان و پشتی خۆیان کردە پر بۆ داگیرکەران کە سنووری کوردستان ببەزێنن و لە کەرکووک بپەڕنەوە نێو خاکی کوردستان و ڕۆژ گەیشت بەم ڕۆژە!.

ڕووداوی 16ی ئۆکتۆبەر تەنها خیانەت نەبوو لە پارتی، بەڵکو خیانەت بوو لە هەموو خەڵکی کوردستان بە هەموو نەتەوە و چین و تۆژ و ئاین و ئاینزاکانییەوە، چونکە خەڵکی کوردستان بە شێوەیەکی دیموکراسییانە و دوور لە هەموو توند و تیژیی نەتەوەیی و شەڕو پێکدادانێک رای ئازادی خۆیان دەربڕی و بەرێژەی 93% گوتی (بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان).

شتێکی شاراوەنییە و هەموو جیهان و وڵاتانی دراوسێ دەزانن کە میللەتێک هەیە بەناوی میللەتی کورد و خاکێک هەیە بە ناوی کوردستان و زمانێکیش هەیە پێی دەگوترێ زمانی کوردی، هەروەها میللەتی کورد لە ڕێگای دەسەڵاتێکی شەرعی هەڵبژێردراو کاری ڕۆژانەی خۆی ڕایی دەکات. ئەمانەش (خاک و میللەت و زمان و دەسەڵات) بنەمای سەرەکی دروستبوونی هەر دەوڵەتێکن، هەرمیللەتێک ئەم خەسڵەتانەی هەبێت، لەئەنجامدا هەر بە ئامانجی خۆی دەگات. کەواتە سەربەخۆیی کوردستان ئامانجێکی ستراتیجی میللەتی کورد و هەموو خەڵکی کوردستانە، ریفراندۆمی ساڵی 2017 بڕیار و خواست و ویستی خەڵکی کوردستان بوو کە بەگوێی جیهاندا چڕا. ریفراندۆم دەسکەوتێکی ناوازەی خەڵکی کوردستانە و بنەمایەکی بڕیاردانە لە ئێستا و داهاتوودا. جا ئەگەر ئەمڕۆ لەبار و هاوئاراستە نەبوو بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی دراوسێ و زلهێزانی جیهان، لە داهاتوودا هەل و کاتی گونجاو فەراهەم دەبێت و گەل و نەتەوەکانی دراوسێمان دەگەنە ئەو قەناعەتەی کە بەڵی خەڵکی کوردستان مافی شەرعی خۆیەتی ببێت بە دەوڵەت. بێگومان بوونی دەوڵەتی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست دا دەبێتە مایەی ئارامی و سەقامگیری تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و تەبایی و پێکەوەژیانی ئەزەلی گەل و میللەتانی دەڤەرەکە.

لەدووەم ساڵیادی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان، سڵاو لە رابەری کورد مەسعود بارزانی پێشڕەوی پرۆسەی گشتپرسی سەربەخۆیی کوردستان، سڵاو لە هەموو تاکێکی کوردستانی کە گوتی: بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان، سڵاو لە مرۆڤ دۆست و بیرمەند و ڕۆشنبیرانی میللەتانی دراوسێ و جیهان کە سەربەخۆی کوردستان بە مافی شەرعی خەڵکی کوردستان دەزانن.

ریفراندۆم.. شۆڕشێکی ئاشیتخوازانە بە ئاڕاستەی بەدەسهێنانی دەوڵەتبوونی کوردستان



ڕێبوار حەمەلاو شوانی

گەلی کورد، وەک نەتەوەیەکی خاوەن ماف، دەیان ساڵە، دوور لە ویست و ئیرادەی خۆی گشت مافەکانی زەوتکراوە و داگیرکەران هەر کاتێک ویستییان هەبوو بێ ئەوا بە درندەتاترین شێوە گەلێکی خاوەن ماف و خاک داگیرکراویان چەوساندۆتەوە و زۆرجاریش هەوڵی سڕینەوەیان داوە، بربارادانی سەرکردایەتی سیاسی گەلی کورد، دوای چەندین ساڵ خەبات و ڕەنکردنەوەی ژێر دەستی لە ڕۆژی 25/ 9/ 2017 بۆ ئەوە بوو کە بە هەموو سەربەخۆیخوازان و ئازادیخوازانی ناوچەکە و دونیا بڵێت کە نابێ چیتر بە هۆی بێ دەوڵەتییەوە ماف و سەروەرییەکانی پێشێڵ بکرێت و دەبێ خاک ومافی داگیرکراویی بۆ بگەڕێتەوە.

بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆم قۆناخێکی دیکەی گرنگی خەبات و قوربانیدانی گەلی کوردستان بوو، بە تایبەت کە سەرجەم لایەنەکان پشتگیریی تەواوی خۆیان بۆ پرۆسەی ریفراندۆم دووپاتکردەوە و بەڵێنیاندا هەموو توانا کانیان بۆ سەرخستنی ریفراندۆم بخەنەگەڕ.گرنگی زیاتری بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆم لەوەدا دەرکەوت، کە نەوەک تەنیا لە هەرێمی کوردستان، بەڵکو پرۆسەکە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمیش بگرێتەوە، بڕیارەکەش پشت بەستوو بوو بە بنەماکانی مافی چارەی خۆنووسین، کە مافێکی دانپێنراوە لەلایەن کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، و بەو پێیەی گەلی کوردستان خاوەن هەموو تایبەتمەندیەکانی خۆیەتی لەڕووی خاک و زمان و کولتوور و میژوو و شوناس، و نزیکبوونەوەیە لە سەرچاوەی شەرعیەتی ژیانی سیاسی لەناو ئەو میللەتە. بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆم بڕیارێکی دروستی گەلی کوردستان بوو، بە تایبەت کە هەر لە دڕووستبوونی دەوڵەتی عێراق خەباتی کردووە بۆ چەسپاندنی مافەکانی و بۆ پێکەوە ژیانێکی ئاشتییانە لەگەڵ گەلانی دیکەی عێراق و سەرەڕای ئەوەی لە ئەنجامی خەباتی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان، چەندین بەڵێن و بەڵگەنامە لەلایەن دەسەڵاتدارانی عێراقەوە پێشکەش کراون. بەڵام لە ئەنجامدا هەموویان پێشێلکراون و پشتگوێ خراون و وەڵامی داواکاریەکان بۆ گەیشتن بە مافە ڕەواکان بە ئاگر و ئاسن دراونەتەوە، و گەلی کورد تووشی نەهامەتی زۆر هاتووە وەک جینۆسایدکردن لەژێر ناوی ئەنفال و ڕاگواستن و نیشتەجێکردنی زۆرەملێ؟ خاپوورکردنی گوند و ئاوایەکان و ژێرخانی ئابووری، و بەکارهێنانی گازی ژەهراوی قەدەغەکراو لە دژی خەڵکی سیڤیل. ریفراندۆم شۆڕشێکی مەزنە لە کوردستان بە جوانترین و باشترین شێواز ئەو شۆڕشە بەڕێوە چوو، هێشتا بەردەوامە و ئامادەیی تەواو هەیە بۆ پابەندبوون و دووپاتکردنە لەسەر ئەنجامدانی چونکە ئەمە ئیرادە و کەرامەتی میللەتێکە.پاراستن و بەرگریکردن لە ئەنجامەکانی ریفراندۆم و کارکردن بەپێی بنەماکانی ریفراندۆم لەلایەن هەر هاووڵاتییەکی کوردستانییەوە، نیشانەی ئاستبەرزیی ئەخلاقی و ڕێزگرتنە لە ئیرادەی میللەتی کوردستان، ئەمەش بەرپرسیارێتیی گشتییە و ئەرکە لەسەر شانی هەموو کوردستانییەک. بۆیە سەرکەوتنی ریفراندۆمی سەربەخۆیی ڕۆژی 25/ 9/ 2019 سەرکەوتنی شۆڕشێکی ئاشتیخوازانە، سەدەی بیستەیەکەم بوو بە ڕابەرایەتی سەرۆک بارزانیی و گشت سەربەخۆیخوازان لە پێناو گەڕاندنەوەی سەروەری و سەربەستی وڵاتێکی بە ڕۆژهەڵاتی کەوا میللەتی کورد و شەرعیەتی میللەتدایە و بۆ شەرعیەتی ڕزگار دەکات، لە ژیانی سیاسیی چالاکی دەکات، بەمەش گرفتی بەشداریی سیاسی کەم دەکاتەوە، دەرکەوتنی کەموکوڕی لە دیموکراسی وەک سیستم و سەرهەڵدانی ستەمکاریی پەرلەمان وای کرد ڕاپرسی ببێتە بنەمایەکی سەرەکی بۆ جێگیرکردنی دیموکراسی، بە گەڕانەوەی ڕاستەوخۆ بۆ ڕای میللەت و بۆ یەکلاکردنەوەی پرسە چارەنووسازەکان. ریفراندۆم سەلماندی قۆرخکردنی چارەنووسی وڵات، دیموکراسی هاوتا نییە لەگەڵ نوێنەرایەتیی پەرلەمانی بەتەنیا، بەڵکوو سیستمی پەرلەمانی جۆرێکە دەکرێت دیموکراسی بێت و دەکرێ دیموکراسی نەبێت، ناکرێت دیموکراسی وابەستەی ئەم سیستمە بکرێتەوە بەتەنیا. دیموکراسیش بە وابەستەبوونی بە میتۆدی ئەبستمۆلۆژی و فەلسەفەیی لیبرالی توانی سەرکەوتوو ببێت. ریفراندۆم چەندین جۆر و چەشنی هەیە، هەمووی بەمەبەستی گەڕانەوە بۆ شەرعیەتی میللەتدایە و کەموکوڕییەکانی دیموکراسی بەکاریان دەهێنا، بوو بەو پردەی کە پێویست بوو بۆ گەیشتن بە سیستمێکی دیموکراسی جێگر و ئازاد. ریفراندۆم بوو بە مافێکی گشتیی جێگیر لەگەڵ زاڵبوونی تیۆرەکانی سەروەریی میللەت و لەناوچوونی تیۆرە پێۆکراتییەکان. گرنگیی ریفراندۆم دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی وەسف دەکرێت وەک چارەسەرێکی سەردەمییانە بۆ کەموکوڕییەکان و نکوسییەکانی دیموکراسیی پەرلەمانی، بەم ڕێوشوێنە بەرجەستەکردنێکی ڕوون و ئاشکرایە بۆ بنەماکانی دیموکراسی، چونکە گەڕانەوەیە بۆ گەل لە بڕیارە چارەنووسازەکان، گەل لە پەراوێزی دیموکراسیی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی لە ئەورووپا گرنگییەکی یەکجار زۆری هەبوو، چونکە بووبووە سەنگی مەحەکی دامەزراندنی سەروەریی میللەتان لەسەر خاکی خۆیان، چەند شێواز لەناو ئەدەبیاتی فکری سیاسی گوزارشتی لێ دەکرا، چەندین چەشنی ئەنتالۆجی دەخرایە ڕوو، دواتر ریفراندۆم بوو بە بنەمایەکی سەرەکی بۆ دیموکراسیی زیاتر، بەڵکوو بیرمەندان وەک چارەسەر بۆ نوێنەرایەتی ڕزگار دەکات، لە ژیانی سیاسیی چالاکی دەکات، بەمەش گرفتی بەشداریی سیاسی کەم دەکاتەوە، دەرکەوتنی کەموکوڕی لە دیموکراسی وەک سیستم و سەرهەڵدانی ستەمکاریی پەرلەمان وای کرد ڕاپرسی ببێتە بنەمایەکی سەرەکی بۆ جێگیرکردنی دیموکراسی، بە گەڕانەوەی ڕاستەوخۆ بۆ ڕای میللەت و بۆ یەکلاکردنەوەی پرسە چارەنووسازەکان. ریفراندۆم بوو بە مافێکی گشتیی جێگیر لەگەڵ زاڵبوونی تیۆرەکانی سەروەریی میللەت و لەناوچوونی تیۆرە پێۆکراتییەکان. گرنگیی ریفراندۆم دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی وەسف دەکرێت وەک چارەسەرێکی سەردەمییانە بۆ کەموکوڕییەکانی دیموکراسیی پەرلەمانی، بەم ڕێوشوێنە بەرجەستەکردنێکی ڕوون و ئاشکرایە بۆ بنەماکانی دیموکراسی، چونکە گەڕانەوەیە بۆ گەل لە پەراوێزی دیموکراسیی

دادگای باری کەسی هەولێر/٣
ژمارە:٢٤٥٧/ش/٢٠١٩/٣
رێکەوت:٢٠١٩/٩/١
جاردان
بۆ داوالێکراو (امین مذکور فهد) شوێنی دانیشتنت نادیارە
دادگا لە داوای ژمارە (٢٤٥٧/ش/٢٠١٩/٣) دادگا بڕیاریدا لەسەر (بڕیوی) لەم دادگایە لەبەرواری ٢٠١٩/٨/٢٤ لەنێوان داواکار (سوسن حیدر رسول) داوالێکراو (امین مذکور فهد) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی نیشەعاری موختاری گەرەکی هەڤالان بۆیە دادگا بڕیاری بە پێراگەیاندنت لەرێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی (١٠) دە رۆژ لە رۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم جارداڵە بە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.
دادوەر/ صباح قادر کاملا
***
فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/٩/١٦
بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (کۆمپانیای گەشەپێدانی خۆراک) لە بەرواری ٢٠١٩/٩/١٥ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانراوە لە (شەقامی ٦٠م +گ. بەختیاری) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە، بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەک پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا، واتە ڕۆژێک دوای بڵاوکردنەوەکە، وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازییوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار، بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمادەکرێت بەناوی داواکاری
تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووسی یەکەم / مریوان قرەنی ابراهیم
ئامێرەکان:
١- دروستکردنی پاڵاوەی غربیە بۆ ژمارە دروستکراوی لبنانی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٤,٥.
٢- عجانە شێلان و تێکەڵکردنی موادی پاڵاوە بۆ ژمارە مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای A٢٤.
٣- دوودانە بڕینی شەعریە بۆ ژمارەن دروستکراوی ئیتالین مۆدێل ٢٠١٦ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢ ٢*.
٤- دوو فرنی بڕاندن و سۆرکردنەوەی پاڵاوە بۆ ژمارەن مۆدێل ٢٠١٦ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢,٥ چوار طابق.
٥- دووداندە تەغلیف کردن و کەپس کردنی چوکلێت و نەستەلە بۆ ژمارەن دروستکراوی ئیتالین مۆدێل ٢٠١٩ + ٢٠١٧ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٣.
٦- دوو فرینی بڕاندن و سۆرکردنەوە گەورەن بۆ ژمارەن دروستکراوی ئیتالین مۆدێل ٢٠١٢ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢,٥ ٤,٥*٦٠مەتری.
٧- فرینی بڕاندن و سۆرکردنەوە بۆ ژمارە دروستکراوی لبنانی مۆدێل ٢٠١٢ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٤,٥.
٨- سێ عجانەی تێکەڵ کردنی ئاوی هەویر بۆ ژمارەن دروستکراوی لبنانین مۆدێل ٢٠١٧ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢,٥ *٣
لەگەر یەکتر.
٩- عجانەی شێلانی هەولێر بۆ ژمارە دروستکراوی سینی مۆدێل ٢٠١٧ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢,٥.
١٠- سێ عجانەی شێلانی هەویری کێک بۆ ژمارەن دروستکراوی ئیتالین مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٣ ١,٥*.
١١- پان کردنی هەویر بۆ ژمارە دروستکراوی ئیتالی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٤,٥. گەورە.
١٢- قطاع بڕینی هەویرو ئەنگوتک بۆ ژمارە دروستکراوی لبنانی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢,٢.
١٣- بڕینی پاقلاوە بەقیاس بۆ ژمارە دروستکراوی لبنانی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١,٥.
١٤- پانکردنی هەویر بۆ ژمارە دروستکراوی لبنانی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١,٥.
١٥- دوو وردکردنی فستق و چەرەزات بۆ ژمارەن دروستکراوی ئیتالین مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢,٥ ٦٠مەتری.
١٦- دوو شرینگی بەسێت کردن حراڕی بۆ ژمارەن دروستکراوی ئیتالین مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢,٥ ١٠ لە ٦٠م.
١٧- طاحونەی وردکردنی مواد بۆ ژمارە دروستکراوی ئیتالی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٤,٥ کسارة.
١٨- بڕینی مەن ئەسەما بۆ ژمارە دروستکراوی ئیتالی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢,٥.
١٩- تەباغی مەنە ئەسسە تۆماتیک گەورە بۆ ژمارە دروستکراوی ئیتالی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٤,٥.
٢٠- دوو عجانەی شێلانی هەویر بۆ ژمارەن دروستکراوی ئیتالین مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢ ١,٥*.
٢١- فرنی برژاندنی پاقلاوە بۆ ژمارە دروستکراوی ئیتالی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١,٥.
٢٢- هێلی تەواوی دروستکردنی نەستەلە سێ پارچەیی بۆ ژمارە دروستکراوی ئیتالی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٢.
٢٣- بەنەستەلەکردنی غساڵە بۆ ژمارە دروستکراوی ئیتالی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١,٥.
٢٤- دەرهێنانی ئاوی گەزۆو فستەق بۆ ژمارە دروستکراوی ئیتالی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١,٥.
٢٥- شل کردنەوەی نەستەلە بۆ ژمارە دروستکراوی ئیتالی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢,٥.
٢٦- ووشک کردن و ساردکردنی نەستەلە بۆ ژمارە دروستکراوی ئیتالی مۆدێل ٢٠١٨ توانای K.W٤,٥.
٢٧- میکسەری گەرم کردن و پاراستن و خەزن و تێکەڵ کردنی نەستەلە بۆ ژمارە دروستکراوی لبنانی مۆدێل ٢٠١٩ توانای K.W٢.
٢٨- ١٣ کۆمپرێسەری بەستان و ساردکردنی بەرهەمەکان بۆ ژمارەن دروستکراوی ئیتالین مۆدێل ٢٠١٨ توانای K.W١٣ ١٥*بختیاری.
٢٩- ١١ کۆمپرێسەری بەستان و ساردکردنی بەرهەمەکان بۆ ژمارەن دروستکراوی ئیتالین مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١١ ١٥*٦٠م.
***
وەزارەتی پێشمەرگە
دادگای سەربازی یەک
ژمارە:٨٥٤
ژمارە: ٩٧ (٢٠١٦/٣١٤)
رێکەوت: ٢٠١٩/٩/١٩
پێراگەیاندن
بۆ/ مقدم (مظفر محمد فتاح سلیمان)
پێت ڕادەگەیەنین کەوا پێویستە لەسەرت ئامادەی دادگاکەمان بیت لە ماوەی یاسایی دیاری کراو کە بریتی یە لە (٣٠) سی ڕۆژ کە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی دەست پێ دەکات تا تەواو بوونی ماوەی یاسایی دیاری کراو بەمەبەستی ئامادەبوونت یان خۆ بەدەستەوە دانت لە کێشەی ژمارە (٢٠١٦/٣١٤) کە بەپێی ماددەی (١/٣٣) و (٣/٦٢) لەیاسای سزادانی سەربازی ژمارە (١٩)ی ساڵی (٢٠٠٧) هەواڵەی دادگاکەمان کراوە بۆیە پێویستە ئامادەبیت بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەشێوەی (غیابی) بەپێی یاسا.
شوێنی کار/ وەزارەتی پێشمەرگە- لیوای/٤ی پیادە.
شوێنی دانیشتووی/ ناونیشانی دیار نییە (مجهول محل الاقامة)
دادوەر/ کوردەوان نەقشبەندی
سەرۆکی دادگای سەربازی یەک
***
وەزارەتی پێشمەرگە
دادگای سەربازی یەک
ژمارە:٨٤٧
ژمارە: ١٠٠ (٢٠١٧/٢٠٨)
رێکەوت: ٢٠١٩/٩/١٩
پێراگەیاندن
بۆ/ن.ع (ئاراس خیرالدین اسماعیل)
پێت ڕادەگەیەنین کەوا پێویستە لەسەرت ئامادەی دادگاکەمان بیت لە ماوەی یاسایی دیاری کراو کە بریتی یە لە (٣٠) سی ڕۆژ کە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی دەست پێ دەکات تا تەواو بوونی ماوەی یاسایی دیاری کراو بەمەبەستی ئامادەبوونت یان خۆ بەدەستەوە دانت لە کێشەی ژمارە (٢٠١٧/٢٠٨) کە بەپێی ماددەی (١/٣٣) لەیاسای سزادانی سەربازی ژمارە (١٩)ی ساڵی (٢٠٠٧) هەواڵەی دادگاکەمان کراوە بۆیە پێویستە ئامادەبیت بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەشێوەی (غیابی) بەپێی یاسا.
شوێنی کار/ وەزارەتی پێشمەرگە- بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەواڵگری پێشمە ر گە .
شوێنی دانیشتووی/ ناونیشانی دیار نییە (مجهول محل الاقامة)
دادوەر/ کوردەوان نەقشبەندی
سەرۆکی دادگای سەربازی یەک
***
وەزارەتی پێشمەرگە
دادگای سەربازی یەک
ژمارە:٨٥٠
ژمارە: ١٠٣ (٢٠١٦/٢٣)
رێکەوت: ٢٠١٩/٩/١٩
پێراگەیاندن
بۆ/ن.ض.د.٥ (نەبەرد محمد محمد شریف)
پێت ڕادەگەیەنین کەوا پێویستە لەسەرت ئامادەی دادگاکەمان بیت لە ماوەی یاسایی دیاری کراو کە بریتی یە لە (٣٠) سی ڕۆژ کە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی دەست پێ دەکات تا تەواو بوونی ماوەی یاسایی دیاری کراو بەمەبەستی ئامادەبوونت یان خۆ بەدەستەوە دانت لە کێشەی ژمارە (٢٠١٦/٢٣) کە بەپێی ماددەی (١/٣٣) و (٣/٦٢) لەیاسای سزادانی سەربازی ژمارە (١٩)ی ساڵی (٢٠٠٧) هەواڵەی دادگاکەمان کراوە بۆیە پێویستە ئامادەبیت بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەشێوەی (غیابی) بەپێی یاسا.
شوێنی کار/ وەزارەتی پێشمەرگە- بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەواڵگری پێشمە ر گە .
شوێنی دانیشتووی/ ناونیشانی دیار نییە (مجهول محل الاقامة)
دادوەر/ کوردەوان نەقشبەندی
سەرۆکی دادگای سەربازی یەک
***
وەزارەتی پێشمەرگە
دادگای سەربازی یەک
ژمارە:٨٥١
ژمارە: ١٠٥ (٢٠١٧/٩٥٩)
رێکەوت: ٢٠١٩/٩/١٩
پێراگەیاندن
بۆ/ن.ض.د.٥ (ئومید یونس طاهر ابراهیم)
پێت ڕادەگەیەنین کەوا پێویستە لەسەرت ئامادەی دادگاکەمان بیت لە ماوەی یاسایی دیاری کراو کە بریتی یە لە (٣٠) سی ڕۆژ کە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی دەست پێ دەکات تا تەواو بوونی ماوەی یاسایی دیاری کراو بەمەبەستی ئامادەبوونت یان خۆ بەدەستەوە دانت لە کێشەی ژمارە (٢٠١٧/٩٥٩) کە بەپێی ماددەی (١/٣٣) لەیاسای سزادانی سەربازی ژمارە (١٩)ی ساڵی (٢٠٠٧) هەواڵەی دادگاکەمان کراوە بۆیە پێویستە ئامادەبیت بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەشێوەی (غیابی) بەپێی یاسا.
شوێنی کار/ وەزارەتی پێشمەرگە- وەزارەتی پێشمەرگە- لیوای/٤ی پیادە.
شوێنی دانیشتووی/ ناونیشانی دیار نییە (مجهول محل الاقامة)
دادوەر/ کوردەوان نەقشبەندی
سەرۆکی دادگای سەربازی یەک
***
سەرۆکایەتی شارەوانی چوار قورنە
یاسا / بەکرێدان
ژمارە : ٢٣٢١
رێکەوت: ٢٠١٩/٩/١١
ئاگاداری
سەرۆکایەتی شارەوانی چوارقورنە ئاگاداری سەرجەم هاوڵاتیانی شارۆچکەی چوارقورنەو دەوروبەری دەکات کە شارەوانیان هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی زیادکردنی ئاشکرا بۆ مەبەستی بەکرێدانی پرۆژەی(کۆگای خۆراکی)لەسەر بەشێک لە مووڵکی ژمارە (٥/٩٠٢) کەرتی ٢٣ ی چوار قورنە بە ڕووبەری (٢٦١٢) م٢ ،بە پێی یاسای (٣٢) ساڵی (١٩٨٦) بە شێوەی مزایدە بۆ ماوەی (١٢) ساڵ، بۆیە هەرکەسێک ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە (٣٠) سی ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە کاتژمێر (١٠) سەرلەبەیانی لەبینای سەرۆکایەتی شارەوانی چوارقورنە لەنا کۆمەڵگای فەرمانگەکان ئامادەبێت وە بارمتەی یاسایی ٢٠٪ ی نرخی خەمڵێندراو لەگەڵ خۆیدا بیهێنێت ،وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە زیادکردنەکەی بۆ دەردەچێت .
سوارە فتاح سلێمان
سەرۆکی شارەوانی چوار قورنە
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٢
ژمارە:٣٤٤٨/ش/٢٠١٩/٢
رێکەوت: ٢٠١٩/٩/١٠
جارِدان
بۆ/داوالێکراو(عمر طالب عبدالله) شوینی دانیشتنت نادیارە
داواکار (برکە ایاد عمر) داوای ژمارە (٣٤٤٨/ش/٢٠١٩/٢) ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە، تیایدا داوای (تفریق للهجر) دەکات، لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری (هەولێر-کەسنەزان/ کۆمەڵگای ئەتلەنتیک) بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێراگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی و ڕۆژانە ، بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەڕۆژی دادبینی ٢٠١٩/١٠/١٣، بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.
دادوەر/ طارق حسین کریم
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:٢٩٦/ك/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٩/٢
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (کاوە انور عزیز)
ئاگادارکردنەوە
بەهەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەرێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی مادەی ٤٥٣ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەرێکەوتی ٢٠١٩/١٠/٢٩ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادوەر / تەرزە سالار عثمان
***
دادگەها بەرایی زاخو
ژمارە: ٣٤٨/ب/٢٠١٩
رێکەفت: ٢٠١٩/٨/٢٢
ئاگەهداری
لدویف بریارا مە یا ژمارە (٣٤٨/ب/٢٠١٩) ل ٢٠١٩/٩/١٢ لدور ژنافبرنا بهەرا (ازالة شیوع) ژ ئاقارێ ژمارە (٤٣/٧) کەرتێ کیستە) کو سەخلەتێن وێ لخوارێ دیارکری نە بۆ لسەر ئێک زێدەکرنا ئاشکرا د ماوێ ٣٠ روژا دا دەست پێدکت ژ روژا دی یا بەلافکرنێ د دوو روژنامێن روژانە دا و هەرکەسێ بڤێت پشکداربیت دڤێ لسەر زێدەکرنێ دا بلا سەردانا ڤێ دادگەهێ بکت داکو ١٠٪ دابینن بکەت کوژمێ خەملاندنێ ئەو ژی (١٠٠٠٠٠٠٠) دینار و ئەگەر پشکدار نەبیت پشتی بورینا ماوەیێ یاسایی و گەهشتنا وی ئاقاری بو بکری کوژمێ ڤێ ئاقاری کاش دێ نێتە دان و ئەگەر روژا لسەر ئێک زێدەکرنێ بکەڤیتە دبێهن قەدانا فەرمی دا لروژا پاشتر دێ لسەر ئێک زێدەکرن نێتە ئەنجامدان.
دادوەر/ یوسف الیاس سدن
سەخلەت:
جورێ ئاقاری مولکینی یە و ڕەگەزێ وێ ئافاهی یە و رووبەرێ وێ ٢٦٩,٧٠)م٢ و دوو روی (واجهة) بێنت هەین باکوور ب فرەهیا ٤م و ڕۆژهەلات ب فرەهیا ٨م ئافاهی یەکا نێک قاتی یە، پێنک دێنت ژ دوو ژوورێت نڤستنێ و پێشوازی و لینانگەھ و هول و دەست شوو، و خزمەت گوزاری لێ هەنە وەکو ئاف و کارەب.
***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٦٨٤٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٩/١٧
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (تاج) بۆ بەلێندەرایەتی گشتی و گواستنەوە/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (تاج) بۆ بەلێندەرایەتی گشتی و گواستنەوە/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٩/٧) تاییەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (ریمان احمد عمر) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو، من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەی پەسەندکرد بەمەرجێک بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەمواڕکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/٩/١١
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٣٠٤٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/١٦
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (INTER ABILTY) بۆ خزمەتگوزاری بەڕووبومە نەوتیەکان/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (INTER ABILTY) بۆ خزمەتگوزاری بەڕووبومە نەوتیەکان/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٧/٧) تاییەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (ریمان احمد عمر) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو، من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێک بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەمواڕکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/٧/١٦
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچون وپشکنین
ژمارە / ٦٩٠٦
ڕێکەوت / ٢٠١٩/٩/٢٢
بریاری سرینەوەی کۆمپانیای (سنووردار)
دوای تەواوکردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (حسار / بۆ وەبەرهێنانی خانووبەر / سنووردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی مادەی (١٧٧) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەمواڕکراو
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بە مەرجێک ئەم بریارە بلاوبکرێتەوە بە پێ ی ئەحکامێ مادەی (١٦٠) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ ی هەمواڕکراو ئەم بریارە نووسراوە لە بەرواری ٢٠١٩/٩/٢٢
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بە وەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ٨٩٨٢
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٥/١٣
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا (ئاوبات) بۆ (بازرگانی گشتی / سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (ئاوبات) بۆ (بازرگانی گشتی / سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٥/٤) کە تۆمارە لەژێر (١٦٢٦٩) لە ڕێکەوتی ٢٠١٢/١٢/١٩ بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیا (امیر محمد مام رسول) تاییەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (هێوەر عصمت شاکر) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو، من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێک بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەمواڕکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/٥/١٣
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٦٨٠١
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٩/١٨
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (ماهور) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنووردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی مادەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەمواڕکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەمواڕکراو.
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچون وپشکنین
ژمارە / ٦٩٨٧
ڕێکەوت / ٢٠١٩/٩/٢٤
بریاری سرینەوەی کۆمپانیای (سنووردار)
دوای تەواوکردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (تکنوساز Technosaz / بۆ بازرگانی گشتی بازرگانی کەل وپەلی کارەبایی ومیکانیکی وئەلکترۆنی - هاورە وهەنارە / سنووردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی مادەی (١٧٧) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەمواڕکراو
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بە مەرجێک ئەم بریارە بلاوبکرێتەوە بە پێ ی ئەحکامێ مادەی (١٦٠) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ ی هەمواڕکراو ئەم بریارە نووسراوە لە بەرواری ٢٠١٩/٩/٢٤
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بە وەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچون وپشکنین
ژمارە / ٦٩٠٥
ڕێکەوت / ٢٠١٩/٩/٢٢
بریاری سرینەوەی کۆمپانیای (سنووردار)
دوای تەواوکردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (کەڤرین / بۆ بەلێندەرایەتی بیناسازی / سنووردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی مادەی (١٧٧) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەمواڕکراو
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بە مەرجێک ئەم بریارە بلاوبکرێتەوە بە پێ ی ئەحکامێ مادەی (١٦٠) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ ی هەمواڕکراو ئەم بریارە نووسراوە لە بەرواری ٢٠١٩/٩/٢٢
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بە وەکالەت

سەروکاتیا باژێرڤانیا قەسروکی
ژمارە: ٣٤/٣٤٢/٧١٥
رێکەفت: ٢٠١٩/٩/٢٣
راگەهاندن
سەروکاتیا باژێرڤانیا قسروکێ نەخشێ ژمارە (٣٢٥) بو پارچا ژمارە ١/٥٦٨٥ کەرتێ ٨١ قسروک ڕەگەزێ وێ (بازرگانی) یە بو (٥) پارچان ڕادگەهێنت بو ماوەی (٣٠) ڕۆژا هەرکەس و لایەنێن پەیوەندیدار چ پێشنیار و بەرهنگاری هەبن بلا ماوەیە دیارکری دا سەرەدانا باژێرڤانیا قسروکێ بکەن..
غیاث محمد اسماعیل
سەروکێ باژێرڤانیا قەسروکێ
***
کۆمپانیای سایدا هێژا
بۆ هاوردەکردن و هەناردەکردن و دابەشکردنی دەرمان و ئامێری پزیشکی ڤیتەرنەری و خۆراك و ڤاکسین و تاقیگەو ماددە کیمیاوییەکان/ سنوردار
سەرمایەی کۆمپانیا (١,٠٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن
ئاگاداری
بۆ گشت لایەن و کەسایەتییە پەیوەندیدارەکان
من پارێزەر (ساکار اسماعیل مجید) کە بەپێی کۆنووسی کۆبوونەوەی بڕیاری دامەزرێنەری (کۆمپانیای سایدا هێژا بۆ هاوردەکردن و هەناردەکردن و دابەشکردنی دەرمان و ئامێری پزیشکی ڤیتەرنەری و خۆراك و ڤاکسین و تاقیگەو ماددە کیمیاوییەکان/ سنوردار) کە لە ڕۆژی ٢٠١٩/٨/٤ دا بڕیاردراوە بەدانانم وەك پاکتاوکاری کۆمپانیا ئاگادارتان دەکەین کە کۆمپانیاکەمان پاکتاو دەکرێ و هەرکەس و لایەنێك پەیوەندی هەیە بە کۆمپانیا یان قەرزی لەلای کۆمپانیا هەیە، ئەوا لەماوەی (١٠) دە ڕۆژدا پەیوەندی بەپاکتاوکاری کۆمپانیاوە بکات بەمەبەستی یەکلاییە کردنەوە.
پاکتاوکاری کۆمپانیا
پارێزەر/ ساکار اسماعیل مجید
٠٧٧٠١٩٨١٨٦٥
***
فەرمانگەی دادنوسی سلێمانی/٢
ژمارە:١١٠١
رێکەوت: ٢٠١٩/٩/٢٣
ئاگاداری
بەپێی ئەو داوایەی کە لەلایەن (فرهاد جلال محمود) پێشکەش بە فەرمانگەکەمان کراوە خاوەنی کارگەی (ماربل کوارتز - بۆ دروستکردنی سنگی مغسل و هەموو کارێکی دیکۆرات لە بەردی مەرمەر و بەردی کوارتز/ پرۆژەی بچووك) لەبەرواری (٢٠١٩/٩/٢) داوای تۆمارکردنی ئەو نامێزانەی کردووە لە (ن.پ/١) دانراون کە ئامێرەکانیان لە خوارەوە دیاری کراوە بەپێی یاسایی دادنووسانی ژمارە (٣٣) ساڵی (١٩٩٨) بەرکار لە هەرێمی کوردستان بڵاوکراوەکەینەوە هەرکەسێ خۆی بە پەیوەندیداریان خاوەنی هەریەك لەو نامێزانە دادەنێ لە ماوەی (١٥) پانزە ڕۆژ سەردانی ئەم فەرمانگەیە بکات بە پێچەوانەوە بەناوی داواکارە تۆماری دەکەین و بڕوانامەی تۆماری نامێزەکانی پێ ئەدرێت.
سۆران یادگار ڕشید / دادنووسی یەکەم
فەرمانگەی دادنووسی سلێمانی/٢
ئامێرەکان:
١- ئامێری مشاری گەورە بۆ بڕینی بەردی مەرمەر/ تورکی /بێ ژمارە/ کارەبایی.
***
وەزارەتی خوێندنی باڵآو تویژینەوەی زانستی زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی پەیانگای تەکنیکی دوکان هۆبەی کارگێری/ یەکەی یاسا
ژمارە: ١٨٤١
رێکەوت:٢٠١٩/٩/٢٢
پەیانگای تەکنیکی دوکان
زیادکردنی ئاشکرا
فرۆشتنی کەلوپەلی بەکارهاتو و لە کار کەوتوی پەیانگای تەکنیکی دوکان
پەیانگای تەکنیکی دوکان ئاگاداری گشت لایەك دەکات کە زیادکردنێکی ئاشکرا هەیە (مزایدە علنیة) بۆ فرۆشتنی کۆمەڵێك کەل و پەلی بەکارهاتو و لەکارکەوتووی گەنجینەی پەیانگا بەکارهاتو و لەکارکەوتووی گەنجینەی پەیانگا
هەر کەس و لایەنێك ئارەزووی بەشداریکردنی هەیە بەمەبەستی کڕین با سەردانی هۆبەی دارایی لە پەیانگامان بکات لە دوکان نزیك نەخۆشخانەی شەهید غریب هەڵەدنی لەسەر ڕێگای گشتی سلێمانی ڕانیە بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری زیاتر و پێویست وە کڕێی بڵاوکردنەوەی ئەم بانگەوازە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی زیادکردنەکەی بۆ دەردەچێت.
١- لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییەوە کرپارەکان دەتوانن سەردانی پەیانگاکەمان بکەن بەمەبەستی کڕینی تەندەر.
٢- دانانی بارمتەیی یاسایی لە هۆبەی دارایی پەیانگا بەدیناری عێراقی پێش دەست پێکردنی زیادکردنەکە.
٣- پێویستە کرپار ناسنامەی باری شارستانی یاخود هەر بڵەگەیەکی فەرمی باوەڕپێکراو لەپووی یاساییەوە پێبێت وە ئەگەر کەسەکە بیانی بو مۆڵەتی مانەوە و کارتی نیشینگەی پێبێت.
٤- ماوەی ئاگاداری پێویست بۆ زیادکردنەکە (مزایدة) (٣٠) سی ڕۆژە کە لەڕۆژی دوایی بڵاوکردنەوە لە ڕۆژنامەکان دەست پێ دەکات.
٥- هەر ڕۆژێك لەو بەرواری سەرەوە کە دیاری کراوە بۆ زیادکردنەکە بێبت بە پشووی فەرمی بەهەر هۆیەك ئەوە یەکەم ڕۆژی دەوامی دوایی پشوەکە زیادکردنەکەی تێدا ئەنجام دەدرێت.
ب.ی.د. کاوە عبدالرضا محمد
ڕاگری پەیانگا
***
دادگای باری کەستێتی / ٣
ژمارە : ٣٥٣٤ / ش /٢٠١٨
بەروار : ٢٣/ ٩/ ٢٠١٩
ئاگانامە بە بریار
داواکار : سالار علی احمد
داواڵەسەرکراو : اندیرا سعدولا یقنا ناونیشان : میشراوا ، ژ.گ (٤٠٦) – ژ.گ(٥) ژ.خ(٥).
ئاگادارت دەکەینەوە داواکار (سالار علی احمد) داوایەکی بە ژمارە (٣٥٣٤ / ش /٢٠١٨) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت،وە ئەم دادگایە بڕیاری لای خۆی دەرکرد لەبەرواری (٢٠١٩/٨/٧) بە پەسەندکردنی هاوسەرگیری دەرەکی نێوانیان و چەسپاندنی ڕەچەڵەکی منداڵەکەیان و پەسەندکردنی تەلاقی نێوانیان ، وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبونت داوای بڕیاردا بە ئاگادارکردنەوەت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانەوە وە ئەگەر لەماوەی یاسایید هەڵنەستیت بە تانە لێدانی یان پێداچونەوەی بڕیارەکە ئەوا بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بە پێی یاسا.
دادوەر / قادر بارام فتاح
***
فەرمانگەی دادنووسی عەنکاوە
ژمارە: ٤٣١
رێکەوت: ٢٠١٩/٩/٢٢
ئاگاداری
بۆ (زانا تحسین شاکر) پاش ئەوەی کە دەرکەوت کە شوێنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گەرەکی ئاشتی مارت شمونی لە بەرواری ٢٠١٩/٩/١٨ هەڵستاین بە ئاگادارکردنەوەت لە ڕۆژنامەی ڕۆژانە بۆ ئاگاداربوون بەهو هۆشدارییەی کە پارێزەر (ڕۆفان صلاح عودیش) بریکاری گشتی (ارا عبدالحمید یعقوب) بەپێی بریکارنامەی گشتی (٥١٦٣) و بە ژمارەی تایبەت (٢٦) لە ٢٠١٩/٣/٣١ لە فەرمانگەی دادنووسی عەنکاوە دەرچووە بە ژمارەی هۆشداری ٣٤٣/٨٢ لە ٢٠١٩/٦/٢٣ لە فەرمانگەی دادنووسی عەنکاوە دەرچووە وە هەروەها بەنووسراوی ژمارە ٢٢٣٣ لە ٢٠١٩/٩/١٩ لە بنکەی پۆلیسی حدیاب دەرچووە کە تیبادا هۆشداریت پێدراوە ئاراستەی کردوویت بۆیە پێویستە لەسەرت لە پاش ئاگادارکردنەوەت لەماوەی (٣٠) سی ڕۆژدا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی فەرمی ئاگادارتان دەکەینەوە.
دادنووسی یەکەمی عەنکاوە/ ڤیان صائب محمد
***
دادگای بەرایی هەولێر/٢
ژمارە: ١١٠٠/ب/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٩/٢٣
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (جبار حسن عبدالله)
داواکار (شرکە Pentapolis trade) لە داوای ژمارە ١١٠٠/ب/٢٠١٩ی لەم دادگایە تۆماکردووە لەسەر داوالێکراو (جبار حسن عبدالله)، ئەم دادگایە لە دادبینی ڕۆژی ٢٠١٩/٩/٢٢ بڕیاری دا بە:
١- هەلوەشاندنەوەی گرێبەستی کرین و فرۆشتنی دار واژۆ کراوی بەرواری ٢٠١٧/١٠/٢٦ لە نێوان داواکار (بەڕێوبەری ڕێگەپێدراوی کۆمپانیای Pentapolis trade) لە پاڵ کارەکەی، و داوالێکراوی (جبار حسن عبدالله).
٢- پابەندکردنی داوالێکراو بەگەڕاندنەوەی بری (٣١٣٦٥) سی و یەك هەزار و سێ سەدو شەست و پێنج دولار امریکی کە دەکاتە (٣٧٧٠٠٧٣٠) سی و حەفت ملیون و حەوت سەد هەزار و حەوت سەدو سی دیناری عیراقی.
٣- ناچارکردنی داوالێکراو بەپێدانی ڕێژەی سوود لەو پارەیەی بەپێ برگەی یاسایی سەرەوەو بەڕێژەی ٥٪ لە بەرواری ٢٠١٩/٤/٢٨ی داوای یاسایی تا دەستپێکردنی فیعلی.
٤- پابەندکردنی داوالێکراو بە قەرەبوو کردنەوەی داواکار بەبری پارەی ٥٠٠٠ پێنج هەزار دولار امریکی کە دەکاتە ٦٠١٠٠٠٠ شەش ملیون و دە هەزار دیناری عیراقی.
٥- ڕەتکردنەوەی داوای داواکار بەزیادبوونی بری ٤٢٤٤٢٦٢ چوار ملیون و دووسەدو چل و چوار هەزار و دوو سەدو شەست و دوو دینار لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری (گەرەکی هەڤالان) بۆیە ئەم دادگایە بڕیاریدا بە پێچارگەیاندنت لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بۆ مەبەستی پێ ڕاگەیاندنت وە ئێوە مافی ناڕەزایی (اعتراض) وە تێهەڵچوونەوەی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە بڕیاری پاشملەی دادگا بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕو کۆتایی وەردەگرێت بە پێی یاسا.
دادوەر / قباد شێرزاد نوری
***
دادگای باری کەسی دەشتی هەولێر
ژمارەی:٥٦٥/ش/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٩/٢٢
جارِدان
بۆ داوالێکراو (فائز یحیی راقب) شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (ضحی شلال عبدالوهاب) داوای ژمارە ٥٦٥/ش/٢٠١٩لەسەرت تۆمارکردووە, کەتیایدا داوای (جیابوونەوە دەکات) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختارەکانی (کۆمەڵگای لاوان/ کەسنەزان) بۆیە دادگا بڕیاری دا کە پێت ڕابگەیەنرێت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئامادەبوونی خۆت یان بریکارێکی یاسایی لە دادبینی ڕۆژی ٢٠١٩/١٠/٢٣ کاتژمێر (٩) بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی پاشەملە و ئاشکرا دەرهەقت ئەنجام ئەدرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ عبدالله عثمان خضر
***
دادگەها بەرایی دهوك
ژمارە/ ١٣٩٤ /ب/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٩/٢٢
ئاگەهداری
بۆ/داوالێکراو (کلستان علی مصطفی) جهێ ئاکنجیبوونا وێ نەدیارە ژبەر داوا ل دژی تە هاتیە تۆمارکرن بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ژلایێ داواکاری (صبیحە فتحی عمر) ئەوا تێندا داوای قەرزی خۆ دکەت ژ کۆژمێ پارە (٨٠٠٠٠) هەشتی هزار دیناڕێ سویسری وژبەر جهێ ئاکنجیبوونا تە نەدیارە ل دیف نفیسارا بنگەهی پولیسن تلکیف ژمارە (٣٦١٩) ڕێکەفتی ٢٠١٩/٩/١٧ وراپورتا هەلبژێری حی اشور لی تلکیفی ڕێکەفتی ٢٠١٩/٩/١٧ بریاردا تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕێکا دوو ڕوژنامێن نافخویی لدیف مادێ (٢١) ژ یاسایا دادبینیا شارستانی بۆ ئامادەبوونێ بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل دەم ژمێر (٩,٠٠)ی سپێدێ ژ ڕوژا ٢٠١٩/٩/٢٩ وئەگەر ئامادەنەبن یان بریکارەکێ پێش خوڤە نە هنێرن دێ ب پا شملە وئاشکرایی داوا بڕیڤە چیت ولدیڤ یاسایێ
دادوەر / ریبوار محمد حسن
***
دادگەها بەرایی ل سێمێلێ
ژمارە / ١٦ /ب/٢٠١٨
رێکەوت/ ٢٠١٩/٩/٢٤
ئاگەهداری
لدیف فەرمانا دەرچوری ل ڤێ دادگەهێ ب ژمارە (١٦/ب/٢٠١٨) ل ٢٠١٨/٣/٧ یا پێك هاتی ب نەهێشتنی کوبەشی (ازالە شیوع) زەڤیا ژمارە (١ کەرتێ ٢٦ جیمنی) ئەوا سالوخەتین وێ ل خوارێ دیارکری بو سەر زێدەکرنا ئاشکەرا بو ماوێ (٣٠/سیە) ڕوژا هەر ژ ڕوژا پشتی بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهدارییێ وهەر کەسێ بڤێت بەشداریێ بکەت بلا سەرەدانا ڤێ دادگەهێ بکەت ل دەمژمیر (١٢) دوازدێ نیڤرو ژ تمام کرنا (٣٠) سیە ڕوژا پشتی ڕوژا بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداریێ دگەل ئینانا دابینکرنێن یاسایی ب کوژمێ ١٠٪ ژ نرخێ گشتی یێ زەڤیێ ب کوژمێ (٢٠٤٦٠٠٠٠٠) دوو ملیار وچل وشەش ملیون دینار ئەگەر شریك نەبن دوماهی هاتنا ماوێ دیارکری ل سەر زێدەکرن دهێتە ڕەوانەکرن بر ئیکجاری ل دویف ڕێنمایا بو زانین کرڤێن کاتی وەدلالی دکەڤیتە سەر بکری سەرێك زێدەکرنێ ئەگەر بکەڤیتە ڕوژەکا بهێن ڤەدانا فەرمی ڕوژا دویڤ دا دبیتە ژڤانی
سالوخەتین زەڤیێ :- ڕووبەرێ ئەردی /١٨٥٩ دونم و ٢٥ اولك / جورێ زەڤیێ ئەردێ چاندنێ یە
دادوەر / ابراهیم خشمان گرگری
***
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٢
ژمارە: ٥٠٩/ت/٢٠١٩
ڕۆژ: ٢٠١٩/٩/٨
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: محمد عباس عنفوس
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٣١٠) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (دەستەی دەست پاکی) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/١٢/١٥ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / زیاد بشیر محمد علی
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارە: ٢٨٧٣/ك/٢٠١٨
ڕۆژ: ٢٠١٨/٨/٢٩
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: علی حسن اندرم
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٤٤٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (عربت) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/١٢/٢٤ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / شیرین علی حمەسور
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارە: ١٥٥٧/ك/٢٠١٦
ڕۆژ: ٢٠١٩/٨/٢٧
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: هاوژین عثمان محمد
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (دووەم) لەیاسای ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠٠٨ لە یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرە پەیوەندیەکان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ك. ڕاپەڕین) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/١١/٢٤ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / شیرین علی حمەسور
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارە: ٤٤٤/ك/٢٠١٧
ڕۆژ: ٢٠١٩/٨/٢٧
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: هەریز نەوزاد احمد
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٤١٣) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (سەرا) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/١٢/٢٤ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / شیرین علی حمەسور
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارە: ٦٥٩/ك/٢٠١٩
ڕۆژ: ٢٠١٩/٨/٢٩
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: خلیل خضر عباس
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (١/٢١) لەیاسای هاتووچۆ لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (سەیوان) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/١٢/٢٤ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / شیرین علی حمەسور
***
دادگای بەرایی هەولێر/٦
ژمارە/ ٣٢٦٢/ب/٢٠١٨
رێکەوت: ٢٠١٩/٩/٢٣
پێراگەیاندن
بۆ/ داوالێکراو (دلمان عبدالخالق عزالدین)
داواکار (احمد ابراهیم خلف) داوای ژمارە (٣٢٦٢/ب/٢٠١٨)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لە سەر (دلمان عبدالخالق عزالدین) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری هەولێر مختاری (مەلایان) لە ٢٠١٩/٥/٢٩ بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادە بوونت لەبەردەم دادگایی دادبینی (٢٠١٩/١٠/٢٠) کات (٩)ی بەیانی بە پێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت.
دادوەر/ حسین علی محمد
***

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (تاج) بۆ بەڵێندەرایەتی گشتی و گواستنەوە/سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (INTER ABILTY) بۆ خزمەتگوزاری بەروبوومە نەوتیەکان/سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

VakıfBank

اعلان

الى زبائننا الأعزاء المدرجه أسمائهم ادناه .... راجين منكم الحضور الى مصرفنا خلال مدة 30 يوم (مصرف وقفلر للشراكة المساهمة التركية) فرع أربيل شارع كولان بناية ستير تاور - ضروري بخصوص حساباتكم الجاري لدينا وبخلافة سوف يتم تحويل المبالغ المودعة في الحسابات الجارية لدينا الى البنك المركزي العراقي وفق الفقرة (2) من المادة (37) من قانون المصارف العراقي رقم (94) لسنة 2004 والمادة 8 من تعليمات الحسابات الخاملة والاملاك المتروكه رقم (1)لسنة 2009 وبذلك يسقط حقكم بالمطالبة بالمبالغ الموجودة في الحساب

الأسماء	اسم الام	الأسماء	الجنسية
عبد الرحيم غني موسى	مهدية علي	ORKUNT YAGIZKURT	تركي الجنسية
علي عبد الرحيم غني	ميسون علي	TUGAY TOYGAR	تركي الجنسية
سلام احمد رسول	فات حمد	DAVUT YANER	تركي الجنسية
نوري سعيد جميل	هيبة حمزة	SELCUK YAPICI	تركي الجنسية
احسان علي الهادي	خديجة عباس	BEKIR OZKAYNAK	تركي الجنسية
قيس فاتح جمعة	نازك علي	RASIM CEM SESKIR	تركي الجنسية
قيصر باقر علي	نديمة عبدالله	FEVZI SELCUK	تركي الجنسية
ريدار عبدالكريم عمر	رابعة محمد امين	SABRI POLAT & FILIZ UYAR	تركي الجنسية
لطيف شفيق مردان	مسكي حسين	MUSTAFA KURTARAN	تركي الجنسية
عماد نامق مجيد	ناهدة سمين	EKREM ERTAS	تركي الجنسية
هه فال اسعد إبراهيم	كولزار سمايل	KEMAL SARIKAYA	تركي الجنسية
عبد القدير عبد الخالق شكري	فاطمة محمد	FERHAN KAYALP	تركي الجنسية
شفان محمد عبد الرحيم	كلي عبدي	MEDENI OGUR	تركي الجنسية
خالد عبد الكريم رسول	ساجدة صبري	MUSTAFA MORADI RABT	تركي الجنسية
حسين احمد نايف	فانوسة كردي	MUSTAFA CELIK	تركي الجنسية
سامح سردار صابر	صدرية مردان	ORHAN ONUK	تركي الجنسية
عز الدين شوقي شاهين	بسي سليمان		

اســـــــــــــــــــم شركـــــــــــــــــــات
شركة (Enak Iraq) للتجارة العامة (استيراد وتصدير) المحدودة
شركة (جليك)انشائيات للمقاولات العامة المحدودة
شركة(ده سته) للتجارة العامة المحدودة
شركة(ARTOS) للاعمال الهندسية والمشاورة والمقاولات الانشائية والمواد الغذائية ومواد التنظيف والصناعة والتجارة الداخلية والخارجية /المحدودة
شركة (Aksesuar Insaat) للمقاولات والانشائية / المحدودة
شركة (فرناس)للمقاولات العامة/ المحدودة
شركة (OZDEMIR) للانشاءات والسياحة والصناعة والتجارة / المساهمة
شركة (EFOR) للانشاءات والاستثمارات الصناعية والتجارة الخارجية/ المحدودة
شركة (LOCO BEAM)لتجهيز وتركيب المعدات الميكانيكية والكهربائية/ المحدودة
شركة (FIBER OPTIC MERCURY)لخدمات الاتصالات /المحدودة
شركة (RODER) للنظافة والصحة والمواد الغذائية والانشاءات والموبليا والمقاولات والتجارة /المحدودة
شركة(UP LANDSCAPE) للتجارة العامة والخدمات الزراعية
شركة(MANA) للتجارة العامة والصناعات الانشائية وإنتاج الطابوق الفني / المحدودة
شركة ENERI INSAAT C A-BA
شركة ASHUR BAN FOR GENERAL
شركة صالحي للمقاولات العامةواستشارات الهندسية والوكالات التجارية المحدودة

ترەمپ و کۆمارییە نوێیەکان و شتی دیکە



ساپیر حوسێن

تەنگژەی سیاسی لە واشنتۆن ...

ئەو هۆکارانە بوونەتە مایەی تەنگەژەی سیاسی لە واشنتۆن، خۆی لەو خیلافات و ناکۆکیانە دەبینێتەوە، کە لەگەل هاتنی ترەمپ بۆ سەرۆکایەتی ئەمەریکا دورست بوونە، بەتایبەت ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی، کە بەهاتنی ترەمپ وەک سیاسەتی نوێ گرتویەتیە بەر. لەم رووەوە وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا بنتاگۆن گفتوگۆی راشکاوانەی دەربارەی کۆمەلێک پرس کردەوو جەختی لەسەر گۆڕینی مامەلەکردن لەگەل هاوپەیمانەکانیان کردۆتەوە. لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیشدا ئەوە دوپاتکراوەتەوە کە بنتاگۆن بە تێرو تەسەلی باسی لە ئایندەی جەنگی ئەفغانستان و پەیوەندیەکانی ئەمەریکاو تورکیا و ئەمەریکاو ئێران کردووە. بە بۆچوونی بەرپرسانی بنتاگۆنیش ئێستا ئەمەریکا بە دۆخێکی سەختی سیاسی گوزەر دەکات لە رووی هەماهەنگی کردنی لەگەل هاوپەیمانەکانیدا، بۆیە بە چاک زانراوە کۆماری و دیموکراتەکان لەسەر ئالیەتێک ڕێک بکەون بۆ ڕێکخستنەوەی ئەو پەیوەندیانە.



ئەگەر ترەمپ دیدار لەگەل ڕوحانی سازبدات

خوێندنەوەی پێشوەختەی سیاسی بۆ ئەوە دەچن، ئەگەر ترەمپ دیدار لەگەڵ ڕوحانی سازبدات، هاوپەیمان و نەیاران دژی دەوەستنەوە، بەرپارە لەمانگی سیبتەمبەری داهاتوو ترەمپ و ڕۆحانی بەشداری کۆبوونەوەکانی کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان لە نیوێورک بکەن. قسە لەوەش دەکرێ کە ئەگەری دیداری هەردوو ڕکابەر ڕۆحانی و ترەمپ نزیکە، لەهەمان کاتدا هاوپەیمان و نەیارانی واشنتۆن بەیەکەوە هەر بیرۆکەیەکی لەو شێوەیە ڕەتدەکەنەوە. چاودێرانی سیاسی لەو بڕوایەدان کە سازادنی دیدارێکی لەو شێوەیە بەمانای گۆڕانکاریەکی جۆری دێت لە ستراتیژیەتی سیاسی ئەمەریکا، شایەنی ئاماژە بۆ کردنە ترەمپ لەماوەی هاتنی بۆ کۆشکی سپی هەنگاوی بوێرانەی هاویشتوە وەک دیداری لەگەل ڕابەری کۆریای باکوور ئامادە باشی بۆ دانوستاندن لەگەل تالیبانەکان و حوسییەکانی یەمەن. بێگومان هەموو ئەم هەنگاوانەش پەرچەکرداری هاوپەیمان و نەیارانی ئەمەریکا بەدوای خۆی دەهێنێت.

ڕەنگە ئەمەریکاو ئیسرائیل هاوپەیمانیەتی بەرگری پێکبهێنن

هەر زوو دۆنالد ترەمپ بەلێنی داوە کە ستراتیژیەتی ئەمەریکا لەبەرامبەر ئیسرائیل بە نەگۆڕی دەمێنێتەوە، دۆنالد ترەمپ ئەو بەلێنەی بۆ نەتەنیاهۆ لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئیسرائیل دوپاتکردۆتەوە، ئەویش بریتیە لەوەی ئەمەریکاو ئیسرائیل هاوپەیمانیەتی هاوبەشی بەرگری پێکدەهێنن، ئەگەریشی هەیە لەم نزیکانە ئەم ڕێکەوتنە ستراتیژیەی سەربازیە لەنێوان هەردوو لادا واژۆ بکرێ، مەبەستی سەرەکی ترەمپ پاڵپشتی کردن بوو لە دەستەمۆ نابێت و خۆی رادەستی ئابووری ئەمەریکا ناکات. چینیەکانیش بەوە دڵی خۆیان خۆش کردووە کە ترەمپ بۆ ساڵی 2020 هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمەریکا دەدۆڕێنێ، بەمەش ئەو جەنگەیان لە کۆل دەبێتەوە کە سیاسەتی ئابووری ئەمەریکا پێیان دەفرۆشێت.

کۆمارییە نوێیەکان

ئێستا کۆمارییەکانی ئەمەریکا لەگەل نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی 2020 دەڵێن لەناوخۆیان ناویان لە خۆیان ناوە: کۆمارییە نوێیەکان، هەندێکی دیکەشیان دەڵێن حیزبەکەی دۆنالد ترەمپ، ئەمەش وەک ئاماژەیەک بۆ دووبارە کاندیدکردنەوەی ترەمپ بۆ سەرۆکایەتی ئەمەریکا. لەوەتەی هاتنی ترەمپ پارتی کۆماری ئەمەریکا گۆڕانکاری گەورەی بەخۆیەوە بینیوە، تەنانەت موحافیزکارەکانی حیزبی ناوبراو توانیویانە جومگە سەرەکیەکانی ئەو پارتە کۆنترۆل بکەن. ئێستاش لەگەل هاتنی ترەمپ دیسانەوە کۆماریەکان گۆڕانکاری ریشەیان بەسەرداهاتووە. بەتایبەتی لەو خاڵەی کە کۆماریەکان بەردەوام بڕوایان بە بەکارهێنانی هێزی سەربازی هەبوو لە بڕی سیاسەت، کەچی ترەمپ سیاسەتی ئابووری کردە ئەولەویەت، هاوکات کۆماریەکان روسیایان بە دوژمنی خۆیان دەزانی، کەچی ترەمپ ئەو تێڕاونینەی گۆڕی و مامەلە لەگەل روسیا دەکات بۆ چارەسەری کێشەی جیهان. هاوکات چەندین خاڵی دیکە کە سەرجەمیان ئاماژەن بۆ ئەوەی کۆماری نوێ لەئارادایە، جیاواز لە کۆماری کلاسیکی ئەمەریکا.

شەرمنانەوە دەبێتە دیفاکتۆیەکی بەرجەستە کراو.

شەڕی ئابووری ئەمەریکا و چین

ئەمەریکا ئێستا هەموو تەرکیزی خۆی خستۆتە سەر ئێران و ململانێ و جەنگی بازرگانی لەگەل چین بەشێوەیەکی کاتی وەلاوە ناوە. ترەمپ لە دواین لێدوانیدا لەم بارەوە جەختی کردەوە کە ساڵی داهاتوو دەرفەتێک نییە بۆ گەیشتن بە ڕێکەوتنێک بۆ ڕاگرتنی جەنگی بازرگانی ئەمەریکاو چین. بەڕای نوسەر ترەمپ جەنگێک ناکات لە پێناو جەنگدا، چونکە لەوە دڵنیا بۆتەوە کە چین بە ئاسانی

خەریکە پەیوەندییەکی تەلەفۆنی دەبێتە هۆی لەسەر کارلادانی ترامپ

ئا: عەبدولقادر کەلهۆڕ

ئادەم شیفی سەرۆکی لیژنەی هەواڵگری لە پەرلەمانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا گوتی: ئەگەر لە لێکۆڵینەوەکان دەربکەوێت کە دۆنالد ترەمپی سەرۆکی ئەمەریکا گوشاری خستووەتە سەر سەرۆکی ئۆکرانیا لە هەمبەر لیکۆڵینەوەکان لەگەڵ جۆ بایدنی جێگری پێشووتری سەرۆکی ئەمەریکا ، ئەوا پرسی ترەمپ تەنیا یەک بژاردەی لە بەردەم دەمێنێتەوە.لە بەرامبەردا دۆنالد ترەمپ سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ولایەنگرانی بەرگریان لەو پەیوەندییە تەلەفۆنیە کرد کە ترەمپ لەگەڵ سەرۆکی ئۆکرانیا ئەنجامی داوە و گوتیان، پرسەکە بەهۆی داوایەکەوە بووە کە هێشتا ناوی خاوەنەکەی ئاشکرا نەکراوە لە بەرانبەریشدا هێرشی زیاتریان کردە سەر جۆ بایدنی جێگری پێشووتری سەرۆکی ئەمەریکا .

ئادەم شیف پێشتر داواکەی بۆ لێپرسینەوە لە ترەمپ ڕاگرتبوو، بەڵام دواتر لە دیمانەیەکەک لەگەڵ تەلەفزیۆنی سی ئێن بی سی تێڕوانینی بۆ پرسەکە گۆڕا و گوتی، ئەگەر سەرۆکی ئەمەریکا یارمەتیە سەربازییەکان پەردەپۆش بکات و هاوکات گوشار بخاتە سەر سەرۆکی دەوڵەتێکی بیانی بۆ ئەوەی کارێکی نایاسایی ئەنجام بدات بۆ لەکەدارکردنی ڕکابەرەکەی لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن ، ئەوا تەنیا یەک بژاردەی لە بەردەمدا دەمێنێتەوە چونکە ئەو ڕەفتارەی تەنیا یەک چارەسەری هەیە و نیاز خراپی لێ بەدی دەکرێت.

شیف بە تەلەفزیۆنی سی ئێن ئێنی ڕاگەیاندبوو، تاکە ڕێگە بۆ ئەوەی ترەمپ لە سەرۆکایەتی ئەمەریکا دووربخاتەوە ئەوەیە ، ترەمپ لە کێبڕکێی هەڵبژاردنەکان شکست بێنێت.هاوکات شیف هانی دیموکراتەکانی ئەمەریکای دا کە بە ڕێژەیەکی زۆرەوە بەرەوە هەڵبژاردنەکانی 2020 بچن بۆ ئەوەی ترەمپ لە هەڵبژاردنەکان شکست بێنێت.هەر لەو بارەوە ژمارەیەک لە شارەزایانی ئەمەریکا داوایان لە حزبی دیموکرات کرد، داوا بکەن دەستبەجێ دەست بە لێپرسینەوە لە ترەمپ بکرێت، لە بەرانبەردا نانسی بیلۆسی سەرۆکی پەرلەمانی ئەمەریکا و سەرکردەی دیموکراتەکان لە پەرلەمان تاکو ئێستا داواکانیان بۆ دەستپێکردنی لێپرسینەوە لەگەڵ ترەمپ ڕەتکردووەتەوە.لە وتارێکدا بۆ هاوپیشەکانی، پیلۆسی هۆشداری دایە ئیدارەی ئەمەریکا کە نابێت چیدیکە لاپەڕەی داواکەی دژ بە ترەمپ بە شاردراوەیی بمێنێتەوە، لە بەرانبەریشدا ئیدارەی ترەمپ ڕازی نیە وردەکاری داواکا بۆ یاساناسان ئاشکرا بکرێت.

پیلۆسی لە وتارەکەیدا گوتی، ئەگەر ئیدارەکەی ترەمپ ڕشت بێت لەسەر شاردنەوەی ئەو داوایە و ئاشکرا نەکردنی بۆ کۆنگرێس، واتە سەرۆک سەرپێچییەکی گەورە و ترسناک بەرانبەر بە ئەرکە دەستوریەکانی دەکات. بەرەو قۆناغێکی تازەی نایاسایی ترسناک هەنگاو دەنێت. ئەوەش بەرەو ئەوەمان دەبات لێکۆڵینەوەکان گشتگیر و فراوانتر بێت.

جێی زانینە ، ئەو ململانێیە ڕوو لە سەرخستنە لە واشنتۆن پەیوەستە بە پەیوەندییەکی تەلەفۆنی نێوان دۆنالد ترەمپی سەرۆکی ئەمەریکا و ڤلادیمیر زیلینسکی سەرۆکی ئۆکرانیا ، وا باس لەو پەیوەندییە دەکرێت گوایە ترەمپ گوشاری خستووەتە سەر سەرۆکی ئۆکرانیا و داوای لێکردووە لێکۆڵینەوە لەگەڵ جۆ بایدنی جێگری سەرۆکی پێشووتری ئەمەریکا بوروژێنێت.لە بەرانبەردا دۆنالد ترەمپی سەرۆکی ئەمەریکا گوتی، پەیوەندییەکی زۆر جوان و سەرکەوتووم لەگەڵ سەرۆکی ئۆکرانیا ئەنجام داوە، هیچ گرفتێکیشمان نیە بۆ ئەوەی پارێزەرە تایبەتەکەم ڕۆدۆلف جولیانی بچێتە بەردەم کۆنگرێس و شایەتمانی بدات.هیچ نیازێکیشم نیە زیان بە بایدن بگەیەنم، بەڵام ئەو کارێکی زۆر نابەجێی ئەنجام داوە.

لەلایەکی دیکەوە ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو مایک پۆمپێۆی وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ڕایگەیاند کە پێویستە لێکۆڵینەوە لەگەڵ جۆ بایدنی ڕکابەری دۆنالد ترەمپ لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمەریکا 2020 بکرێت،ئەگەر بێتو دەرکەوت لە ئۆکرانیا تێوەگلاوە بە شێوەیەکی نەگونجاو لەوێدا بەرگری لە کوڕەکەی کردووە کە دووچاری لێکۆڵینەوەی یاسایی ببووەوە.

هەر لەو چوارچێوەیەدا کریس



میترقی ئەندامی ئەنجومەنی پیرانی ئەمەریکا بە تەلەفزیۆنی ئێن بی سی ڕاگەیاند ، ئەگەر ئەو لێپرسینەوەیە لەگەڵ سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەنجام بدرێت و دەرکەوێت کە گوشاری خستووەتە سەر سەرۆکی ئۆکرانیا بۆ لەکەدارکردنی جۆ بایدنی جێگری سەرۆکی پێشووتری ئەمەریکا .. ئەوکاتە بچوکترین ڕێکار دەبێتە هۆی لەسەرکارلادانی دۆنالد ترەمپی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

ترەمپ هەیە یان نا ..

بە پێی شارەزا و یاساناسانی ئەمەریکا ، ئەگەر ئەو لێپرسینەوەیە لەگەڵ سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بێت و دەرکەوێت کە گوشاری خستووەتە سەر سەرۆکی ئۆکرانیا بۆ لەکەدارکردنی جۆ بایدنی جێگری سەرۆکی پێشووتری ئەمەریکا .. ئەوکاتە بچوکترین ڕێکار دەبێتە هۆی لەسەرکارلادانی دۆنالد ترەمپی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

سەرچاوە: ڕۆیتەرز

ئەمڕۆ لە مێژوودا

ساڵی 1959:

سلۆمۆن باندرانیکای سەرۆکوەزیرانی سیلان تیرۆر کرا .



ساڵی 1984:

بە گوێرەی ڕێککەوتنێک، هێزەکانی لیبیا و فەرەنسا لە چاد کشانەوە .



ساڵی 1990:

ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بەپێی بڕیاری ژمارە 670 سەرجەم گەشتە ئاسمانیەکانی لە ئاسمانی عیراق و کوێت قەدەغە کرد .



ساڵی 2003:

لە نزیک دوورگەی هۆکایدۆی ژاپۆنی بومەلەرزەیەک بە گوڕی 8.3 پلە ڕووبدا و بووە هۆی کوژرانی 849 کەس .



ساڵی 2010:

ئێد میلیباند بۆ سەرۆکایەتی پارتی کرێکارانی بەریتانیا هەڵبژێردرا .



ساڵی 2017:

لە هەڵبژاردنی فیدراڵی ئەڵمانیا پارتەکەی میرکل زۆرینەی کورسیەکانی پەرلەمانی وەدەست هێنا .

www.xebat.net
چوار شەممە 2019/9/25 ژمارە (5835)



پرۆفایل

دارستانەکانی ئەمازۆن

ئا: هەندرین شێرزاد

* ژمارەیەک دارستانی چڕ و بەرفراوانن و دەکەونە کیشوەری ئەمەریکای لاتین .
* مێژووی دارستانەکانی ئەمازۆن بۆ 55 ملیۆن ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە.
* ئەم دارستانە بە خاکی 9 وڵاتی ئەمەریکای لاتیندا بڵاو بوونەتەوە کە ئەمانەن: بەرازیل ، پۆلیڤیا ، پیرۆ ، ئیکوادۆر ، کۆلۆمبیا ، ڤەنزویلا ، غیانا ، سۆرینام ، غۆیانای فەرەنسی .
* لەم ناوچەیەدا دریژترین ڕووبار هەیە کە ڕووباری ئەمازۆنە و دریژیەکەی 6.400 کیلۆمەترە و زیاتر لە 1.100لقی لێ دەبێتەوە.
* نزیکەی 30ملیۆن کەس لەناو ئەو دارستانانە دەژین .
* 60%ی ڕووبەری ئەم دارستانانە کەوتۆتە وڵاتی بەرازیل .
* دارستانەکانی ئەمازۆن 4%ی کۆی خاکی وشکانی جیهان داگیر دەکەن .
* ڕووبەری دارستانەکان 5.5 ملیۆن کیلۆمەتر دووجایە .
* لە ڕووی کەشوهەواوە بە سەقامگیرترین دارستانەکانی سەر زەوی دادەنرێ و بە دریژایی ساڵ پلەکانی گەرما 27 پلە تێپەڕ ناکات ، هەروەها بە بەردەوامی باران بەسەر ئەو دارستانانەدا دەبارێ .
* بە سیەکانی زەوی ناودەبرێن بەو پێیەی زیاد لە 20%ی ئۆکسجین بۆ جیهان دابین دەکەن .
* ئەم دارستانانە بڕی 90 تا 140 ملیار تۆن لە کاربۆن هەڵدەمژن ، ئەمەش یەکێکە لە هۆکارەکانی سەقامگیربی کەشوهەوای زەوی .
* 16هەزار جۆر دار و 390 ملیار دار دەگرنە خۆیان .
* 2.5ملیۆن زیندەوەر لەو دارستانانە دەژین .
* 1300جۆری باڵندە لەو دارستانانە دەژین .
* ئەم دارستانانە شوێنی ژیانی 3000 جۆر ماسین .
* لەو دارستانانە گەورەترین و ژەهراویترین جۆرەکانی مار و بۆق بوونیان هەیە.
* 400تا 500هۆزی ڕەسەن لەنێو دارستانەکانی ئەمازۆن دەژین ، 50 هۆزیان هیچ پەیوندیەکیان لەگەڵ جیهانی دەرەوە نیە .
* لە ساڵی 1970وە نزیکەی 800 هەزار کیلۆمەتر دووجا دار لەلایەن مرۆڤەوە بڕاوەتەوە .
* لە مانگی 1ی ئەمساڵەوە تا ئێستا 345 هکتار زەوی لە دارستانەکانی ئەمازۆن لەلایەن خاوەن کێڵگە و داربڕ خاوەن کانەکان وێران کراون.
* 20% ئاوی شیرینی جیهان لەو حەوزە هەیە.

ئاگر هەڕەشە لە ئەمازۆن دەکات

ماوەیەکە چەندین ئاگری گەورە لە دارستانەکانی ئەمازۆن کەوتوونەتەوە ، ئەمە وای لە ژمارەیەک لە لایەن و ڕێکخراوە ژینگەپارێزەکان کردووە زەنگی مەترسی لێبدەن و بڵێن ئیتر ئەمە کۆتایی ژیانە لەسەر زەوی ، لێرەدا ئاماری ئەو ئاگرانە دەخەینە ڕوو کە لە ساڵی 2013وە تا مانگی ئابی 2019 لە دارستانەکانی بەرازیل کەوتوونەتەوە:

* ساڵی 2013: 35567 ئاگر.
* ساڵی 2014: 53238 ئاگر.
* ساڵی 2015: 51964 ئاگر.
* ساڵی 2016: 68484 ئاگر.
* ساڵی 2017: 52133 ئاگر.
* ساڵی 2018: 40136 ئاگر.
* ساڵی 2019: 75000 ئاگر.











مانشێت



سکای نیوز:
دەزگای ئێف بی ئای ئەمەریکا ڕایگەیاند کە سەربازێکی سوپای وڵاتەکەی بە تۆمەتی بڵاوکردنەوەی زانیاری دەربارەی دروستکردنی بۆمب لە ئینتەرنێت بۆ بەرژەوەندی باڵی ڕاستڕەو دەستگیر کرد .



ڕۆژنامەی ئەڵشەرقولئەوسەت:
دوای ئەوەی پۆلیسی بەریتانیا لە فرۆکەخانەی شاری مانچستەر گومانیان لە جانتایەکی بێ خاوەن پەیدا کرد ، جانتاکەیان تەقاندەوە و کەسێکیشیان دەستگیر کرد .



ئەی ئێف پی:
سەرۆکی ئەمەریکا ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی بوونی سەربازی لە پۆڵەندا زیاتر دەکات ، بەڵام ئەمە هەڕەشە نیە بۆ سەر ئاسایشی ڕووسیا.



ئیلاف:
ئیدارەی ئەمەریکا کۆت بەندی زۆری خستۆتە بەردەمی جموجۆڵی سەرۆکی ئێران کە ئێستا بە مەبەستی بەشداربوون لە کۆبوونەوەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان لە نیویۆرکە .



فرانس 24:
بە مەبەستی گەیشتن بە چارەسەرێک بۆ کێشەی سووریا ، تەنەوە یەکگرتووەکان لیژنەی دەستووری سووریای پێکهێنا .



کەنالی ئارتی :
پارتی کرێکارانی بەریتانیا دووپاتی کردەوە ئەگەر لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتن وەدەست بێنێ ، ڕاپرسیەکی دیکە سەبارەت بە بڕیکزت لە بەریتانیا ڕێکدەخات .

رۆژی جیهانی گەشتوگوزار بە ژمارەیەک چالاکی لە هەرێمی کوردستان بەڕێوەدەچێت

9/27رۆژی جیهانی گەشتوگوزار لەلایەن رێکخراوی جیهانی گەشتوگوزار (منظمه السیاحه العالمیه –World Tourism Organization) دانراوە. رێکخراوەکە لە 27ی ئەیلولی 1970ڕێسای تایبەتی بۆ رێکخراوەکە دانا، لە کۆتای ساڵی 1979ڕۆژەکە دیارکرا کە ساڵانە یادی بکرێتەوە، بارەگاکەی لە شاری مەدریدی پایتەختی ئیسپانیایە. ژمارەی ئەندامانی گەیشتۆتە زیاتر لە 146وڵات و 7هەرێم و 350ئەندامی نوێنەری کەرتی تایبەت و دامەزراوەی فێرکردن و یەکیەتیەکانی گەشتوگوزار و دەسەڵاتە ناوخۆیەکانی گەشتوگوزارن. رێکخراوی جیهانی گەشتوگوزار(w.t.o) هەر ساڵە و لە ژێر دروشمێکی جیاواز و لە وڵاتێکی جیاواز، رێورەسمی یادکردنەوە بە چالاکی جۆراوجۆر و ئاهەنگ بەڕێوەدەبات، بۆ نموونە: لە شیلی 1999 لە ئەڵمانیا 2000 لە ئیران 2001 لە کۆستاریکا 2002لە جەزائیر 2003لە مالیزیا 2004لە قەتەر 2005 لە پرتوگال 2006لە ژێرناوی (گەشتوگوزار دەوڵەمەندت دەکا)، لە سیریلانکا 2007لە ژێر دروشمی(گەشتوگوزار دەروازەکانی والا دەکات لە بەرامبەر ئافرەتاندا)، لە ساڵی 2008لە ژێر دروشمی (گەشتوگوزار و گۆڕانکاریەکانی کەشوهەوا)، هەروەها لە ساڵی 2009لە وڵاتی کینیا لە ژێر دروشمی (هەمەجۆری گەشتوگوزار)، کە مەبەست بوو لە رێگەی ئەم یادە یارمەتی وڵاتێکی هەژاری ئەفریقیا بدرێ و سەرنجی گەشتیارانی بۆ رابکێشن.

لە هەرێمی کوردستان چ چالاکیەک لە رۆژی جیهانی گەشتوگوزار دەکرێ؟

لە ساڵیمانی چەند چالاکیەک لە رۆژی جیهانی گەشتوگوزار بەڕێوەدەچێ


بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری ساڵیمانی بە هەماهەنگی ئیدارەی فاملی مۆڵ ، 27ی ئەم مانگە، بە چەند چالاکیەک یادی رۆژی جیهانی گەشتوگوزار دەکاتەوە.

بە ئامادەبوونی نوێنەری ژمارەیەک فەرمانگەی حکومی و کۆمپانیا و نووسینگە گەشتیاری لە کاتژمێر (5.30) رۆژی هەینی (27/9) چالاکیەکان دەست پێدەکەن.

بەشێک لە چالاکیەکان پێکدێن لە: (نمایشکردنی جۆرەها جلوبەرگی ڕەسەنی کوردەواری. بانگهێشتکردن و نمایشی گروپەکانی هەڵپەڕکی. وتاری تایبەت بە رۆژی جیهانی گەشتوگوزار. پێدانی خەڵاتی رێزلێنان بەو نووسینگە و کۆمپانیایانەی زۆرترین گەشتیاریان هێناوەتە پارێزگای ساڵیمانی. پێشکەشکردنی جۆرەها خواردەمەنی کوردەواری. دابەشکردنی نوێترین چاپکراوی گەشتیاری بەسەر میوانان). جێگای ئاماژەیە چالاکیەکە بە سپۆنسەری فاملی مۆڵی شاری ساڵیمانی ئەنجامدەدرێت .

کۆڕبەندێک بۆ ژمارەیەک کۆمپانیای عێراق و تورکیا لە دهۆک ساز دەکرێت

بۆ زیاتر راکێشانی گەشتیاران و ناساندنی شوێنەکانی گەشتیاری کوردستان بە گشتی و سنووری پارێزگای دهۆک بە تایبەتی لە ٢٧ی ئەیلول رۆژی گەشتوگوزاری جیهانی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری دهۆک ژمارەیەک کۆمپانیای گەشتیاری لە تورکیا بەتایبەت باکوری کوردستان و لە شارەکانی عێراق بانگهێشتی دهۆک کردوە بۆ سازدانی کۆڕبەندێکی گەشتیاری بەمەبەستی دروست کردنی ڕێکەوتن لە نێوان کۆمپانیاکان و شوێنەکانی گەشتیاری هەرێمی کوردستان بۆ هێنانی گەشتیار بۆ سنووری پارێزگای دهۆک. لە هەمان کات و شوێن چەند چالاکی تر بە بۆنەی رۆژی گەشتوگوزاری جیهان بە ئامادەبوونی بەپرسانی حکومی و کەرتی تایبەت و حزبی بەڕێوە دەچێت.



پانێلێک بۆ پەرەپێدانی گەرتی گەشتیاری لە هەولێر سازدەکرێ

بە بۆنەی رۆژی جیهانی گەشتیاری لە شاری هەولێر پانێلێک لە لایەن کۆمەڵە و رێکخراوە مەدەنیەکان بەڕێوەدەبردرێ، هەریەک لە کۆمەڵەی میوانخانە و چێشتخانەکان و یەکیەتی کۆمپانیاکان و کۆمەڵەی کۆمپانیەکانی گەشتیاری و کۆمەڵەی گەشتوگوزار بە ئامادەبوونی دەستەی گشتی گەشتوگوزار و ژمارەیەک لایەنی پەیوەندار و مامۆستای زانکۆ پانێلێک لە بارەی کێشە هەڵپەسێردراوەکان و چارەسەریەکانی کابینەی نوێ پێشکەش دەکرێ.

هەڵمەتێکی نەمام چاند و پاکردنەوە لە گەرمیان بەڕێوەدەچێ

بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری گەرمیان بە بەشداری کروپی شاخەوانی گەرمیان بە بۆنەی رۆژی جیهانی گەشتوگوزار هەڵمەتێکی نەمام چەندن و پاکردنەوەی لە دەوروبەری قەڵای شێروانە و چەند شوێنێکی تر لە کەلار و کفری و خانەقین بۆ ماوەی هەفتەیەک راگەیاندوە کە ئامانجیان بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری گەشتیاری هاوڵاتیان و سەوزکردنی ناوچەکانی گەشتیاری و پاکراگرتنی شوێنەکانی گەشتیاری گەرمیانە.

وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار بایەخ بە پێشخستنی کەرتی گەشتیاری دەدات



لە درێژەی چالاکی و کارەکانیدا ساسان عەونی وەزیری شارەوانی گەشتوگوزار سەردانی دەستەی گشتی گەشتوگوزاری کرد، وێڕای دەستخۆشی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار بۆ پلانی ستراتیژی دەستە و پلانی بەڕێوەبەرەکان و کارەکانی دەستەی گەشتوگوزار بە تایبەت کە لە ڕاگەیاندنەکان بە یەکێک لە دامەزراوە باشەکان و بەرچاوەکانی حکومەتی هەرێم ناسراوە، بەرێز وەزیری شارەوانی گەشتوگوزار جەختی لەسەر گرنگیدان بە چەند خاڵێک کردەوە:

١. گرنگیدان بە هۆشیاری هاوڵاتیان بۆ زیاتر و باشتر راکێشانی گەشتیاران بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری باشتر لە ڕووی گونجاوی نرخ و باشی کوالیت و شێوازی باشتری میواندار و ڕێزگرتنی باشتری گەشتیار و میوان.

٢. ڕێکخستنی چایەخانە و عارەبانە و هەموو شوێنە میللیەکان و ئەوانەی ڕاستەوخۆ کەلوپەل و پێداویستی بە میوان و گەشتیار لە ناو شار و لە دەرەوەی شار و سەر ڕێگەکانی نێوان شارەکان دەفرۆشن.

٣. لە یەک نزیکردنەوەی کولتووری ناوچەکان و شارەکانی هەرێم و ڕێزگرتن لە گەشتیار و سوود وەرگرتنی ناوچە سروشت جوانەکان و کولتوور جیاوازەکان لە کەرتی گەشتیاری.

٤. گرنگیدان بە بەرزکردنەوەی ئاستی توانای مرۆیی خاوەن شوێنەکانی گەشتیاری لە ڕێگەی کردنەوەی خول و وۆرکشۆپ لە شارو شارۆچکەکان و شوێنە دوورەکان و هاوێنەهەوارەکان و شوێنە میللیەکان.

لە کۆتای ئاماژەی بەوەشدا ئەگەر هەرێم نەتوانێ لە ڕێگاوبان و باڵەخانەکان پێش وڵاتان بکەوێتەوە، ئەوە دەتوانێ بە پێشخستنی کەرتی گەشتیار و بایەخدان بە شوێنەوارەکان و ڕاکێشانی گەشتیاری زیاتر پێشبڕکێ لەگەڵ وڵاتانی تر بکات. هەروەها گوتی: حکومەتی هەرێم لەبەرنامەی دایە کە گرنگی زیاتر بە گەشتوگوزار و شوێنەوار بدات.

گرووپێک، گەشتیاری سەرکێشی سەرئاو لە هەرێمی کوردستان ئەنجام ئەدات

هەرێمی کوردستان بۆ زۆر جۆری گەشتیاری لەبارە، جۆرەکانی گەشتیاریش زۆرن کە گەشتیار چێژیان لێوەربگرێ یان گەشتیان بۆ بکات، سەرەڕای هەبوونی ژمارەیەک ڕووبار لە ناوچە شاخاوییەکان، سەرکێشی سەر ئاو زۆر کەم لە هەرێمی کوردستان ئەنجام دراوە، سەرکێشی سەرئاو یاریەکی خۆش و مەترسیدارە کەم کەس ئەتوانێ خۆی لێبدات و سەرکێشی پێ بکات، بەڵام ئەمجارە 11 ئەندامی سەنتەری بازرگان بۆ ژینگەپارێزی و شاخەوانی کە لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ پێکهاتبوون لە بەرەبەیانییەکی زوو لە هەولێر بۆ ناوچە دلڕفێنەکەی بازرگان بەڕێکەوتن و دوای گەیشتن بە ڕووباری زرارا و ئامادەکردن و ڕێکخستنی پێداویستییەکانی بەڵەمی سەرشەپۆل، لە ڕووباری زرارا لە گەلی سولە بە 4 بەڵەمی سەرکێشی دەستیان بە گەشتە پڕ لە سەرکەشییەکەیان کرد. بەهۆی مەودا درێژی ڕووبارەکە کە نزیکەی ـ کیلومەترە، هەروەها بوونی ـ شەپۆلی مەترسیدار گەشتەکە مەترسیداربوو. سەرەڕای ئەوەی بۆ بڕینی ئەم مەوداییە کە نزیکەی ـ کاتژمێر پێویست بوو، هەروەها تێکچوونی بەڵەمێکیان کێشەی بۆ دروست کردن، بەڵام ئەم گرووپە هەر بەردەوام بوون لە سەرکێشییەکەیان. شوێنەکە ئاوی سازگار و جوانییەکی بێتوێنەی هەیە بۆیە گرووپەکە بڕیار دەدەن کە کەمپێکی شەوانە ڕێکبخەن و لەناوەندی ڕووبارەکە بمێننەوە. جێگای باسە کە ئەمە بۆ یەکەم جارە لە سەر ئاستی کوردستان کە خاڵمان شان بە شانی پیاوان لە سەرکێشی بەڵەمی سەر شەپۆل بەشدار دەبن.



سیپە چوار وەرزییەکەی ئاکرێ



هاوینەهەواری سیپە دەکەوێتە چەقی قەزای ئاکرێ لە پارێزگای دهۆک لەهەرێمی کوردستان، ڕۆژانە پۆڵ پۆڵ گەشتیاران لە بەغدا و شار و شارۆچکەکانی دیکەی عێراقەوە بەسەدان کیلۆمەتر دەبڕن بۆ ئەوەی پێی بگەن، ناوچەکەش بووەتە ڕووگە و شوێنی کۆبوونەوەی ئەو گەشتیارانەی فێنکی ئاو و هەوا و دلگیری هاوینەهەوارەکە زیاتر چێژیبیان پێدەبەخشێ تا دلخۆش بین و بەدەم سەما و ئاهەنگ گێڕان و گۆرانی گوتنەوە کاتی خۆشتر بەسەر ببەن، هەر ئەمەش وایکردووە بەشێک لە گەشتیاران زیاتر لە شەو و ڕۆژێکیش لەم دەڤەرە بمێننەوە.

لەبارەی تایبەتمەندی هاوینەهەواری سیپە بەڕێوەبەری گەشتوگوزاری ئاکرێ دیدار ڕەمەزان دەڵێت: هاوینەهەواری سیپە 17 مەتر بەرزە، یەکێک لە بەرزترین تاقگەکانی هەرێمی کوردستانە، ئاوی تاقگەکە لە کانی زەرکی سەر لووتکەی چیای سیپە هەڵدەقوڵێت و لە ناوەڕاستی هاوینەهەوارەکە مەڵەوانگەیەک هەیە کە گەشتیاران بە تایبەت مندالان تێیدا مەلە ئەنجام دەدەن و کاتی خۆشی تێدا بەسەر دەبەن، ئاوی کانی زەرتک بۆ چارەسەری زەرتکیش بەکار دێت.

فاتیمە گەشتیارێکی تەمەن ٨٢ ساڵییە کە بۆ سەردانی هاوینەهەوارەکە لە پارێزگای کەرکوکەوە ڕووی کردووەتە ئاکرێ، ئەو وەکو خۆی دەیگوت بۆ بەسەر بردنی کاتێکی خۆش سەردانی قەزای ئاکرێی و هاوینەهەواری سیپەی کردووە، ئەو گوتی زۆر ولاتان گەڕاوم و زۆر شوێنی گەشتیاریم بینیوە، بەڵام وەکو قەزای ئاکرێ و هاوینەهەواری سیپەم نەبینیوە لە جوانیدا، بەڕاستی شوێنێکی دلگیر و دلڕفێنە و پڕە لە دیمەنی ناوازە و سەرنج ڕاکێشە. لەم شوێنە هەست بە حەسانەوە دەکەم کە ئەم تاقگە سروشتییە دەبینم و لێرە هەوایەکی پاکوخاوێن هەڵدەمژین، لەوڵاشەوە هەنجیری ئاکرێ و سەوزە و میوەکانی ئاکرێ تایبەتمەندی دیکەن بۆ سەرنج ڕاکێشانی گەشتیاران، بەڕاستی ناوچەیەکی خۆشە.

چۆن سوود لە یادی رۆژی جیهانی گەشتوگوزار وەربگرین؟

نادر روستی

ئەو وڵات و کۆمپانی و ڕێکخراوانەی لە ڕێکخراوی جیهانی گەشتوگوزار ئەندامن بە پێی پەیرەوی ڕێکخراوەکە دەتوانن سوود لە توانی ڕێکخراوەکە لەڕووی مادی و مەعنەوی وەربگرن، لێردا مەبەستە سەرەکیەکەمان ئەوەیە کە ئێمەی کوردستانی چۆن سوود لەو رۆژە وەربگرین و بچینە پاڵ وڵات و هەرێم و ڕێکخراوە گەشتوگوزاریەکانی جیهان کە لە ڕێکخراوی جیهانی گەشتوگوزار ئەندامن؟ هەوڵی یەکەمان بۆ ئەوەبێت کە گەشتوگوزاری کوردستان بە جیهان بناسێنین. هەوڵی دووەمان ئەوەبێت ببین بە ئەندام یان چاودێر لە ڕێکخراوی جیهانی گەشتوگوزار. لە ناو هەرێمی کوردستانیش لە هەوڵی ئەوەداین کە ساڵانە بە شێوەی بەرنامە بۆ دانراو لە ژێر دروشمێکی دیاریکراو ئەم یادە بکەینەوەو لەکاروانی گەشتیاری جیهان دانەبڕێین. هەر بۆ ئەم مەبەستە پێشنیار دەکەم کە ئەم ساڵ لە ژێر دروشمی (هۆشیاری گەشتیاری) لەهەرێمی کوردستان یادی رۆژی جیهانی گەشتوگوزار بکەینەوە. ئامانج لەم دروشمە هەوڵدان بێت بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان. چونکە پێویستە دان بەو ڕاستیە بنێین کە لە هەرێمی کوردستان هۆشیاری و ڕۆشنبیری لە سەر ئاستی حکومەت و کەرتی تایبەت و هاوڵاتیان لە سەر گرنگی و بایەخی گەشتوگوزار لە جیهان و لە هەرێمی کوردستان لە ئاستێکی نزم دایە. لەبەر نەبوونی شارەزایی و زانیاری پێویست لەسەر گرنگی کەرتی گەشتوگوزار لە ڕووی ئابووری و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و شارستانی و کولتووری و ژینگەیەوە، حکومەت لە سەرووی هەموو دەزگاکان کەم بایەخی بە گەشتوگوزار داوە و گەشتوگوزاری ڕادەستی کەرتی تایبەت کردووە، تەنانەت ئەو ئەرکانەی لەسەر شانی حکومەتن ئەنیشی فەرامۆش کردوە، وەک تەرخانکردنی بودجەیەک یان دارشتنی چەند یاسایەک بۆ ئیدارەکردنی کەرتەکە. کەرتی تایبەتی گەشتیاری هەرێمیش بە شێوەیەکی زۆر تەقلیدی و بێ پلان و بێ بەرنامە کار لەم بوارەدا دەکات. لەسەر ئاستی ڕاگەیاندنیش گەشتوگوزار بایەخێکی شایستەی پێنەدراوە. بۆ نموونە کێبڵی چاپکراو بە زمانی کوردی ناگاتە ژمارەی پەنجەی یەک دست. گۆڤار و بڵاوکراوەمان نییە. تەنیا لاپەڕەی گەشتوگوزار لە هەفتەی جارێک لە ڕۆژنامی خەبات هەیە. هەرچی تەلەفزیۆن و ڕادیۆکانە تەنیا لەوەرزی هاتنی گەشتیاران چەند ڕاپۆرتێک دەکەن. واتە هیچ کەناڵێک بەرنامەیەکی هەمیشەی نییە، تەنانەت لە کاتی پێویستیش بەرنامەی پێویست بۆ ئەم بواره کەم تەرخان ئەکرێت. بۆ نموونە لە رۆژی جیهانی گەشتوگوزار بەرنامەیەکت لە کانالێک بەر چاو ناکەوێت. ئەم هۆکارانە هەمووبان وادەکەن کە رۆژی گەشتوگوزاری جیهان بکەینە رۆژی هۆشیاری گەشتیاری کوردستان. هیوادارم لەم رۆژەدا بتوانین هەندێک لە گرنگی گەشتوگوزار و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم کەرتە بۆ هاوڵاتیان روون بکەینەوە و هەندێک هۆشیاری گەشتیاری بڵاو بکەینەوە. هەر بەم بۆنەیەوە پیرۆزبای لەگشت ئەوانە دەکەین کە لە کەرتی گەشتیاری کار دەکەن یان گرنگی بە گەشتوگوزار دەدەن و بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی بەکاری دەهێنن.

www.xebat.net
چوار شەممە 2019/9/25 ژمارە (5835) خەبات
بۆ پەیوەندیکردن بە لاپەڕەی وەرزش: 07504475407 – Email: hawarmurtkaee@yahoo.com



ریکۆردێکی جیهانی تۆمار کرد.. مێسی بەباشترین یاریزانی جیهان دەشتنیشانکرا

لیۆ مێسی ئەرژەنتینی توانی خەڵاتی باشترین یاریزان لە جیهان بەدەست بهێنێت، کە شەوی دووشەمەی رابردوو یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی پێی بەخشی، هەر لەو ڕێوڕەسمەدا یۆرگن کلوپ خەڵاتی باشترین ڕاهێنەر و یانەی ڕیال مەدریدیش بەشە شێری لە تیپی نموونەیی بەرکەوت.

مێسی کە ڕابەرایەتی یانەی بەرشلۆنەی کرد لەبەدەستهێنانی خولی ئیسپانیا، بەسەر ڕۆنالدۆی ڕکابەرەکەی و ڤان دایکی هۆڵەندی زاڵ بوو، بەمەش ئەو ئەستێرەیەی یانەی بەرشلۆنە لە سەرووی بەدەستهێنانی ئەو خەڵاتەوە دێت کە بووە 6 نازناو و بەپێش ڕۆنالدۆ کەوت کە 5نازناوی بەدەستهێنابوو.

لیۆ مێسی باشترین یاریزان یۆرگن کلۆپ باشترین ڕاهێنەر گۆڵچی بەرازیل باشترین گۆڵچی ساری ڤان باشترین گۆڵچی ئافرەتان جیل ئیلیس باشترین ڕاهێنەری ئافرەتان



ڤالڤێردی:
6 خاڵی دوو یاریی داهاتوو بارودۆخەکە ئارام دەکاتەوە

ڤالڤێردی ڕاهێنەری بەرشلۆنە سەرباری ئەو سەرەتایە خراپەی کەتالۆنیا کە لەم وەرزەدا پێشکەشی دەکات، هیچ هەست بەنیگەرانی ناکات و ڕەتی دەکاتەوە کە قەیرانێک لەناو یانەکەدا هەبێت.

دوای دۆرانەکەی بەرامبەر غەرناتە، فشاریکی زۆر خرایە سەر ڤالڤێردی و ئەو ڕاهێنەرەش لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند و گوتی: لەهەر یارییەکدا ڕاهێنەران بە هەڵوێستی جیاواز تێپەڕ دەبن، هیچ قەیرانێک لەناو بەرشلۆنەدا نییە، جیهانی تۆپی پێ بەو قۆناغەدا تێپەڕ دەبن و لەهەر 3ڕۆژێکدا قەیرانێک دیتە پێشەوە و بەهەمان ڕێگاش لەو قەیرانە تێپەڕ دەبی و ئێمەش هەر ئەم هەوڵە دەدەین.

هەروەها ڕاهێنەری بەرشلۆنە گوتی: تاکە شت بۆ ئارامکردنەوەی بارودۆخەکە تەنها بەدەستهێنانی 6 خاڵە لەدوو یاری داهاتوودا.

عەدنان درجال بردیەوە

دادگای عێراقی بڕیاری بەندکردنی دوو سالّی بەسەر سەباح ڕەزای ئەمینداری نهێنی یەکێتی تۆپی پێی عێراقی و سەرۆکی لیژنەی جێبەجێکار دەرکرد، دوای ئەوەی ئەمانە لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردووی یەکێتی تۆپی پێی عێراقی یارییان بەئەنجامەکان لەدژی عەدنان درجال کردبوو.

پارێزەری عەدنان درجال بە کەنالی جەزیرەی ڕاگەیاند کە دادگای ڕەسافە حوکمی بەندکردنی دوو سالّی بەسەر سەباح ڕەزا و ستار زوێر داوە و لەهەمان کاتیش ئەو مافەی بە درجال داوە کە داوای قەرەبووی ماددی مەعنەوی بکاتن.



سلێمانی.. یەکەمین پاڵەوانێتیی یانەکانی عەرەب بۆ تیروکەوان



سلێمانی ـ AA

ـ لە شاری سلێمانی یەکەمین پاڵەوانێتیی تیروکەوان بۆ یانەکانی وڵاتانی عەرەبی لەسەر ئاستی کوردان و کچان دەستپێکرد، بڕیارە سااڵی داهاتووش پاڵەوانێتیی تیروکەوانی ئاسیا لە شارەکە بەڕێوەبچێت.

پاڵەوانێتییەکە لەسەر یاریگای یانەی سلێمانی بەڕێوەدەچێت و یەکەمین پاڵەوانێتیی تیروکەوانە بۆ یانەکانی وڵاتانی عەرەبی دەکرێتەوە و ماوەی پێنج ڕۆژ بەردەوام دەبێت.

سەرۆکی یەکێتیی تیروکەوانی عێراق سەعد مەحمود لەو بارەیەوە بۆ ئاژانسی ئانادۆلو گوتی: "بۆ یەکەمجارە لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی پاڵەوانێتییەکی لەم شێوەیە بۆ یانەکان دەکرێتەوە کە ماوەی دوو ڕۆژە پێشبڕکێکان دەستپێکردووە و تاوەکو ڕۆژی ٢٦ی ئەم مانگە بەردەوام دەبێت لە کۆتاییشدا یاریزانە سەرکەوتووەکانی پاڵەوانێتییەکە خەڵات دەکرێن".

ئەو گوتی: "یەکەمجارە لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی و لە میژووی عێراقیشدا پاڵەوانێتییەکی تیروکەوان بۆ یانەکانی وڵاتانی عەرەبی لە عێراق بەڕێوەدەچێت".

سەرۆکی یەکێتیی تیروکەوانی عێراق ئاماژەی بەوەیشکرد کە لە پاڵەوانێتییەکەدا، ٢٦ یانە لە هەشت وڵاتی عەرەبی مەغریب، تونس، لیبیا، فەڵەستین، ئوردن، سووریا، عێراق و یەمەن بەشدارن.

بەگوتەی ئەو بەرپرسە وەرزشییەی عێراق، بەرنامەیان ئەوەیە بۆ سااڵی داهاتوو بەهاوکاری یەکێتیی ئاسیا، پاڵەوانێتیی تیروکەوانی ئاسیای خوار تەمەن ١٧ سااڵن لە ژێر داخراو لە سلێمانی ئەنجام بدەن کە ئەوەیش پاڵەوانێتییەکی دان پێدانراوە لە یەکێتیی جیانی و لە یارییە ئۆڵۆمپییەکان گرنگی تایبەتی پێدەدرێت.

پێشتر و لە سااڵی ٢٠١٣ پاڵەوانێتیی تیروکەوانی وڵاتانی عەرەبی لە شاری سلێمانی سازکرابوو، بەاڵم یەکەمجارە پاڵەوانێتیی تیروکەوان بۆ یانەکانی عەرەبی دەکرێتەوە.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper *Kurdistan - Iraq*
Organ of KDP
Concessioner: **Ali Abdulla**
Editor-in-chief: **Salam Abdulla**

خەبات XEBAT
Wed, 25. Sep. 2019 No: (5835)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

هاوولاتیانی هەرێمی کوردستان بە هەموو چین و تووێژێکەوە دەنگیان بە بەڵێ دا بۆ سەربەخۆیی کوردستان











